کوردستانی نوێ
knwe.org
ئەدگار ٦
ساڵی بیست و دووەم ـ خولی سێیەم- ژمارە ( ٦٢٣٣ ) یەکشەممە ١٧ / ١١ / ٢٠١٣
22nd Year No: 6233 Sun. 17 / 11 / 2013
www.knwe.org




**ڕێزلێنانی "کوردستانی نوێ" بۆ تەمەنێک هەوڵ و تەقەلای بێوچانی موجتەبا میرزادە، هونەرمەندی بلیمەت، ژەنیارو ئاوازدانەری مۆسیقای کوردی**

# موجتەبا میرزادە، پەنجەیەکی ئەهوورایی

## ئاوازەی لەبیرنەکراو



**سامان سلێمانی**

موجتەبا میرزادە لە ساڵی ١٩٤٥ لە کرماشان لەدایك بووە، لە ژەندنی ڤیالۆن، کەمانچە و سێتاردا ناوازە بووە، سەرەتای ژیانی هونەری میرزادە دەگەڕێتەوە بۆ ئیشکردنی لە ڕادیۆ کوردیی کرماشاندا، لەوێ بەهۆی هاوڕێی لەگەڵ مامۆستا حەسەن زیرەك، مۆسیقای کوردی بە باشی دەناسێت و لەو ساڵانەدا و دواتریش لە بواری مۆسیقای کوردیدا بە باشی ئیش دەکات و ئەو بەرهەمانەی لە مۆسیقای کوردیدا بەتایبەت ئەوانەی بۆ مامۆستا خالقی و زیرەك کردوویەتی، بە شاکارەکانی مۆسیقای کوردی دەناسرێن. لە گرنگترین تواناکانی میرزادە ئاماژە بە دابەش کردنەکانی دەکرێت کە بێوێنە بوون و مۆرك و جێ پەنجەی میرزادەی پێوە دیارە.

موجتەبای میرزادە لە ماوەی ژیانی هونەریی خۆیدا لە زۆر بواری مۆسیقادا ئیشی کرد و پێی نایە هەر بوارێکەوە توانی سەرکەوتووترین و باشترین بەرهەمەکان ئامادە بکات.

یادکردنەوە و بەرزراگرتنی یادی میرزادە بەلای منەوە زۆر گرنگ و جێگای بایەخ بوو، دوای ئەوەی لە چلەی خوالێخۆشبوو شێرکۆ بێکەسدا پاشکۆیەکمان بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەو کەڵەپیاوەی ئەدەبی کوردی لە ڕۆژنامەی «شەرق»ی ئێران بڵاوکردەوە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ڕەوتی دەست پێکردنی دیالۆگێکی فەرهەنگی لە نێوان ڕۆشنبیران و نوسەرانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، دەتوانێت بە ناساندنی کەسایەتییە گەورەکانی کورد بەردەوامییەکی باشی ببێت، بۆیە بڕیارماندا کە ئەم پاشکۆیەی مامۆستا میرزادە کە پێشتر بۆ بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە زمانی کوردی ئامادە کرابوو هاوکات و بە یەك شێوە بە زمانەکانی فارسی و کوردی لە ڕۆژنامەکانی شەرق لە تاران و کوردستانی نوێ لە سلێمانی بڵاو بکەینەوە، کە بەپیرەوە هاتنی بەرپرسانی هەر دوو ڕۆژنامەکە و پێشوازی کردن لەم بیرۆکەیە ئەم پاشکۆیە گەیاندە ئەم قۆناغە کە ئەمڕۆ هاوکات لە تاران و سلێمانی بە زمانەکانی فارسی و کوردی بڵاو ببێتەوە.

موجتەبای میرزادە سەرەڕای ئەوەی زۆر بەتوانا و داهێنەر بوو، بەڵام بەو ڕادەیە لەناو کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا نەناسراوە و کاری بۆ نەکراوە، بە ڕادەی ئیش و بەرهەمەکانی ناوی نەهێنراوە و زۆرجار زوڵمی لێکراوە، کە ئەم زوڵمە بەهۆی تایبەتمەندیی کەسایەتیی خۆیەوە کە بەدوای ناو و ناوبانگەوە نەبوو و زۆرتر گرنگیی بە ئیشکردن دەدا، ئەم تایبەتمەندییانەی میرزادە زۆرتر خۆی نیشان دەدات و زیاتر لە زۆر کەسی دیکە پشتگوێ خراوە.

بۆ ئامادەکردنی ئەم پاشکۆیە هەوڵم داوە شتێك بکەین لە ئاست ناو و بەرهەمەکانی مامۆستا میرزادەدا بێت، لەم ڕێگایەدا مامۆستا کەمانگەر بە تێڕوانین و تێبینییەکانی یارمەتییەکی باشی دام، هەوڵی زۆریشی دا بنەماڵەی میرزادە لەم پاشکۆیەدا ئامادە بن، بەڵام بەهۆی گلەیی و گازندەیان لەوەی کە تا میرزادە زیندوو بوو کەس لایەکی لێنەکردەوە و ئێستاش کەس ئاگای لە بنەماڵەکەی نییە، ئامادە نەبوون یارمەتیمان بدەن، کە ئەڵبەت گلەییەکانیان جێگای سەرنج و بایەخە.

هەروەها مامۆستا مەزهەری خالقی بەوپەڕی لێبوردەییەوە هاوکاریی کردین و خاتوو شیرین عەلی کەریم بەرپرسی کتێبخانە و ئەرشیڤی دەنگ و ڕەنگی ئەنستیتیوتی کەلەپووری کورد لە سلێمانی، لەم ماوەدا زۆر ماندوو بوو.

هەروەها سوپاسی هەموو ئەو نووسەر و هونەرمەندانە دەکەم کە هاوکاریمانیان کرد تاکوو بتوانین هەنگاوێکی چکۆلە بۆ بەرزراگرتنی یادی مامۆستای گەورە، میرزادەی نەمر هەڵگرین.

هیوادارم ئەم پاشکۆیە و ئەو کار و و پڕۆژانەی لە داهاتوودا بەڕێوەی دەبەین بتوانێت ببێتە ئەو پردەی کە دیالۆگێکی هاوسەنگ لە نێوان ڕۆشنبیران و نووسەران و بیرمەندانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیدا پێکبێنێت و لە ئاکامی ئەم هەنگاوەشدا زیاتر لە جاران بتوانین لە یەك نزیك ببینەوە.

# مەزهەر خالقی: میرزادە کۆمەڵەیەک بوو لە کاراکتەری هونەری لەکاری مۆزیکدا

**_ سەرەتا چۆن بوو لەگەڵ موجتەبای میرزادە ئاشنا بوون و یەکترتان ناسی؟**

* من بۆ یەکەمجار میرزادەم لە هاوینی ١٩٦١ لە کرماشان بینی، ئەوکاتە میرزادە لە رادیۆ کرماشان سۆلیستی یەکەمی ئۆرکستراکە بوو، خۆشی پەنجە و ژەنین و ستایلی ئەو سەردەمەی خۆی جۆرێك بوو کەلە رادیۆ کرماشان و لەناو کەمایەتییەکانی وڵاتی ئێران وەکوو تورك، بەلووچ، کورد و عەرەب نموونەیەکی زۆر دیار بوو، هەموو کەس بەگشتی، حەزیان بەو موزیکەی دەکرد، پەنجەی ئەوەندەی بەهێز بوو لەو ئۆرکسترا ئەیتوانی هەموو دەنگی ڤیالۆنەکەی دەربێنێت، لە ئۆرکسترای کرماشان کە ئامێری وەکوو کلارنێتی تێدابوو،، کلارنێتیش دەنگی زۆر بەرزە، بەڵام لەو ئۆرکسترا، دەنگی ڤیالۆنەکەی موجتەبا دەنگی ئەو کلارنێتەی دادەپۆشی، گەرچی رەنگە ئۆپەراتۆرەکەی رادیۆش کاریگەریی هەبووبێ. بەڵام دەقیقەن لەبیرمە کە ئەمانە ١٧، ١٨ موزیکژەن بوون، مایکرۆفۆنێکیان لە ناوەڕاستدا بۆ هەموویان دادەنا بە دەوری مایکرۆفۆنەکەدا کۆ دەبوونەوە و گۆرانیبێژەکەش لەگەڵیاندا بوو.

ئەو دەنگە یان ئەو ئۆرکێسترا جوانەی میرزادە بووە هۆی ئەوەی رادیۆ کرماشان ببێ بە خاوەنی ئۆرکێسترایەك کە شەوانە هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران و دواییش وەك بیستمان کوردستانی عێراق گوێبیستی دەنگی رادیۆ کرماشان بوون، بەدەنگی موزیك و گۆرانیبێژانی ئێران ئاشنا بوون و زۆر بەتاسەوە گوێیان لێ دەگرت.

من ئەو بیرەوەرییەم هەبوو لە میرزادە، هەر بەو بۆنەوە جارێکیان خوێندکار بووم، لە کوردستان دەگەڕامەوە بۆ تاران، بە رێکەوت لە کرماشان دابەزیم و تەلەفۆنم کرد بۆ رادیۆ، پێم وتن کە ئەمەوێت بێم کارێك تۆمار بکەم، خوالێخۆشبوو شوکروڵڵا خان بابان، دەستووری دابوو کە ئۆرکێستراکە ئامادە کەن، من یەکەمجارم بوو دەچووم بۆ رادیۆ کرماشان، لەوێ بەخێرهاتنێکی جوانیان لێکردم، و لەبیرمە ئەوکاتە موجتەبا لە پۆلی ٥ی ئامادەیی بوو. من سۆزی ڤیالۆنی میرزادەم بەدڵ بوو، بۆیە بۆ یەکەمجار جورئەتم بە خۆم دا کە گۆرانی سەید عەلیئەسغەر کوردستانی بخوێنم، سەید عەلیئەسغەر کاریگەریی تایبەتی هەبوو لە رۆح و کاری هونەریی مندا، من لە مامۆستا سەید عەلیئەسغەر وەك سەرچاوەیەك سوودم وەرئەگرت بۆ خوێندنی گۆرانییەکانم،، بەڵام هەرگیز لە هیچ مەحفەل و شوێنێك لاسایی ئەوم نەکردۆتەوە گۆرانییەکانیم نەوتووە، من تەنها لەگەڵ خۆم گۆرانییەکانی سەید عەلی ئەسغەرم ئەوتەوە، زەوق و جوانیی ئەو و ئۆرکێستراکەی، وایکرد من گۆرانی «هەی نابێ نابێ»ی سەید عەلی ئەسغەر بخوێنم، کارەکە هەمووی یەك سەعاتێکی نەخایەند کە نۆتەکەیان نووسی و من لای ئاغای شوکروڵڵا دانیشتبووم کە پێیان وتم، ئۆرکستراکە ئامادەیە. یەك جار پرۆڤەمان کرد و دواتر چووینە ستۆدیۆ گۆرانییەکەمان تۆمار کرد، ئەوە یەکەمین ئاشنایی من بوو لەگەڵ موجتەبا. بینینی دووەم لە ساڵی ١٩٦٦ بوو، لە رێگای خۆم کە ئەچووم بۆ بەغدا، گۆرانی «دەردی ئەوین»م خوێند، کە ئەویش هەر گۆرانی سەید عەلی ئەسغەر بوو، دیسانەوە هەر بەو جۆرە زەوقی شیرینی ئۆرکستراکەی کرماشان و پەنجەی جوانی میرزادە وایکرد ئەو جورئەتەم بە خۆم دا گۆرانییەکانی سەید عەلی ئەسغەر بخوێنم.

ئەمە رەنگە ئەو دوو جارە بوو کە میرزادەم تێدا بینی و هەر جارەی دوو سێ سەعاتێك ئەو هونەرمەندە گەورەی کوردم بینی. بەڵام دوای ئەوە کە من هاتمەوە ئێران و ئیشەکەم گۆڕی لە پەروەردەوە بۆ رادیۆ و تەلەڤزیۆن، میرزادە هات بۆ لام و ئاگاداری کردم کەوا لە زانکۆی تاران وەرگیراوە بخوێنێت، منیش ئەوەم ئەزانی لە تاران ژیان زۆر گران بوو، خوێندن وا ئاسان نەبوو، ئەویش لە خێزانێکی مام ناوەندی بوو، پرسیارم لێکرد ژیانی لەوێ چۆن دەبێت، بە منی وت کە لەوێ لەگەڵ موزیسیانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە «ئاغای پاکستانی» کار دەکات، پاکستانی کەسێکی زۆر دیاری ئێران بوو، خەڵکی مازەندەران بوو، لە ئۆرکسترای رادیۆ تاران تاری دەژەند، بەڵام جاروبار لە شەونشینییەکانیش بەشداری دەکرد، بۆ ئەو سەردەمە ئەو کەسانەی لە رادیۆ کاریان دەکرد، وەکوو موزسیان، هەم عەیب بوو لەلایان و هەم بە پلە و پایەی خۆیان نەدەزانی لە ریستۆرانت و ئەو شوێنانە کار بکەن، بەڵام ئەو دەیکرد. میرزادە بە منی وت چۆنە کە کاری لەگەڵ بکەم، پێم وت ئۆرکستراکەی زۆر باشە، بەڵام ئەی کارەکانی دەرەوەی رادیۆی؟ ئەویش وتی کەوا بۆ ئەوەی لە خوێندنەکەی بەردەوام بێت تەنها لەگەڵ ئۆرکستراکەی کار دەکات.

بیرمە هەر ئەو ماوەیەی میرزادە لەگەڵ ئەو کاری کرد، بووە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێرانی بناسرێت، کوڕێکی زۆر خۆش مەشرەب و قسەخۆش بوو، زۆر زوو توانی خۆی لە کۆمەڵگای تاران جێ بکاتەوە.

دەوروبەری ساڵی ١٩٦٩، لە کۆتاییەکانی خوێندنی زانکۆی بوو، هات بۆ رادیۆ و سەردانێکی منی کرد، وتی کەوا داوای کاری کردووە بۆ رادیۆ و بۆ قبوڵکردنی رۆژێکی بۆ دانراوە بچێت تاقیکردنەوەی موزیك بکات، خۆشبەختانە لەو تاقیکردنەوە دەرچوو، ئیتر ئەو کاری موزیکی شەعبی یان ئەو کارانەی بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیانی رۆژانەی دەیکرد وازی لێهێناو لە ئۆرکسترای رادیۆی ئێران کاری دەستی پێکرد.

ئەو کارەش هەروا ئاسان نەبوو، لە ئێران موزسیانەکان چەند کەسێکی دیاریکراو بوون، گەورەترین مامۆستایانی ئێران لە رادیۆ کاریان دەکرد و ئۆرکستراکان لەژێر رێبەری و دەستی ئەواندا بوون، بەڵام لە رادیۆ تاران لەبەر موزسیانی گەورەی وەکو حەقی و تەجویدی هەبوون ئەو نەیتوانی بەو زووییە شوێنی ئەوان بگرێتەوە یان هاوشانیان بڕوات، بەڵام لە کاری رێکخستنی گۆرانی و موزیك، یارمەتی گۆرانیبێژانی ئەدا، لە دەرەوەی رادیۆ لە چەند ستۆدیۆیەك کاری ئەکرد، گۆرانیبێژی ئازادی ئەهێنا و شریتی بۆ دروست ئەکردن، ئەوکاتەی کهلە زانکۆ بوو کاری موزیکی فیلمیشی ئەکرد، ئەمە تا نزیکەی ساڵانی حەفتاکان بەردەوام بوو.

میرزادە زۆر حەزی لە مێلۆدی لوڕی هەبوو، لە حەفتاکان کە من لە تاران هاتمە دەرەوە چەند نموونەیەکی کاری خۆی بۆ ناردم کە ئەرێنجی کردبوو.

**_ موجتەبای میرزادە لە چەندین بواری جیاوازدا ئیشی کردووە، لەوانە مۆسیقای کوردی، مۆسیقای فارسی، مۆسیقای فیلم و تەنانەت ئەو مۆسیقایەی لە ئێراندا بە مۆسیقای کووچە بازاڕی دەناسرێت، هەروەها دەستێکی باڵای هەبوو لە دابەش کردن و ئاوازدانانندا، وەکوو سۆلیستێکیش زۆر بەتوانا بوو، بەڕای جەنابت تایبەتمەندیی میرزادە لەم بوارە جیاوازانەدا چی بوو؟**

* وەك لە پرسیارەکەشدا هاتووە، دەوترێت لە فارسیدا سێ جۆر موزیك هەیە، یەکێکی موزیکی رەسەنی فارسی، موزیکی کووچەبازاڕی کە مەیلە و عەرەبییە، ئەویتریان موزیکی «ناوچەییە»، وەکو موزیکی ئازەربایجان، کوردستان بەلووچستان، بەڵام من لەگەڵ ئەمەدا نیم.. موزیکی ئێران هەمووی یان ناوچەییە یان رەسەنی ئێرانییە، موجتەبا میرزادە موزسیانێك بوو هەر لە گەنجییەوە بە خوێندنی نۆت و بینینی مامۆستا و راهێنان، فێری موزیك بووبوو.

**_ موجتەبای میرزادە لە ئیشکردنی لە بواری مۆسیقادا چۆن کەسایەتییەکی هەبوو و تایبەتمەندییەکانی چی بوون؟**

* دەبێ بڵێم میرزادە توانای ژەنینی چەند ئامێرێکی هەبوو، وەکوو کەمانچە، سێتار، پیانۆ، دەف و دایرە و ڤیالۆنیش. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کاتێك بیویستایە و پێویستی بوایە چەند لەو ئامێرانە خۆی بیژەنێت لە کاری ئاواز تۆمارکردن بۆ ئۆرکسترا، شوێنەکەی پڕ کاتەوە. ئەم کەسایەتییە کۆمەڵەیەك بوو لە کاراکتەری هونەری لە کاری موزیك.

لەبەر ئەوەی زۆر خۆش مەشرەب بوو گۆرانیبێژەکان، موزیکژەنەکان و خاوەن تۆمارگەکان هەموو خۆشیان دەویست.. لەو شتانەی کە زۆر گرنگ بوو ئەوەیە کە حەسەن زیرەك کە گۆرانیبێژێکی رەسەنی کورد بوو، من هەمیشە وتوومە بەناوبانگی لە موجتەبا میرزادە وەرگرتووە، چونکە حەسەن زیرەك بەرلە میرزادە چۆتە رادیۆی تاران، لەوێ لەگەڵ ئۆرکێسترای گەورە گۆرانی وتووە، بەڵام ئەو گۆرانیانە بەڕای من ئەوەندە مەردومی نین و زۆربەیان سڕاونەتەوە، من خۆم لەبیرمە لە تاران لەگەڵ ئۆرکێسترای «موشیر هومایون»، کاری کردبوو، هیچکام لەو کارانە نەبوون بەوەی حەسەن زیرەك بناسرێت و ئەو گۆرانییانەی بکەوێتە بازاڕەوە، تەنانەت ئەو گۆرانیانەی رادیۆ بەغداش تۆماری کردبوو، ئەوەندە سەرنجڕاکێش نەبوو، بەڵام هەموو ئەو گۆرانیانەی لەگەڵ ئۆرکێسترا و پەنجەی میرزادە خوێندویەتی چێژی تایبەتی هەیە و لە هەستی خەڵکدا ماوەتەوە. میرزادە بە شارەزایی خۆی یارمەتیی زۆر کەسی داوە لەوانە وەك نموونە «براکانی سابووری»ن، ئەمانە بەشێکن لەو کەسانە کە میرزادە رابەری ئۆرکسترای کردوون، بەتایبەت لەبیرمە کاتێك لە ئۆرکستراکهی رابەری دەکرد لە کرماشان، منالترین ژەنیاریان بوو، بۆ نموونە مامۆستا ئیسماعیل مەسقەتی کە گەورە سازژەنی کرماشانی بوو، یەکێك بوو لە ئەندامانی ئۆرکێستراکە، کە سازی لێدەدا وەك باوکی میرزادە وابوو.

**_ دوایین هاوکاریی نێوان ئێوە کەی بوو؟**

* دواجار لە ساڵی ١٩٨١ بوو کە لەگەڵ میرزادە، دوو کاسێتی گۆرانیمان بەیەکەوە و بە شێوەیەکی ئازاد و تایبەت لە ستۆدیۆی سەبا تۆمار کرد، ئەو بەرهەمە پێکهاتبوو لە ١٥ گۆرانی، ئەمە دوا

**درێژە لە لاپەرە ٣دا**



موجتەبا میرزادە و مەزهەر خالقی بە گەنجی

هاوکاری من بوو لەگەڵ موجتەبا میرزادە.
– موجتەبای میرزادە پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، سەردانێکی سلێمانی کرد و لە نزیکەوە دوای چەندین ساڵ یەکتریتان بینیەوە، بیرەوەریتان لەو دیدارە چییە و ئایا راستە بڕیار بوو دووبارە پێکەوە بەرهەمێکی نوێ ئامادە بکەن؟

* بەڵێ، من ئیتر ئاغای میرزادەم نەبینییەوە، دواجار کە میرزادەم بینی، ساڵی ٢٠٠٥ بوو لە سلێمانی، ئەوکاتە کە من ئەنستیتیوتی کەلەپوری کوردم دامەزراندبوو، فێستیڤاڵێکی موزیکی کوردیم رێکخستبوو و بۆ ئەم فێستیڤاڵە باشترین موزیکژەنە کوردەکانم لە هەموو جیهانەوە بانگهێشت کردبوو، ٦٥ کەس یەك لەدوای یەك چوونە سەر شانۆ و بەرهەمیان پێشکەش کرد، ئاغای میرزادەم وەك یەکێك لە دادوەرانی لیژنەی هەڵسەنگاندن بانگهێشت کردبوو، بۆ هەڵسەنگاندنی توانایی و رەسەنایەتیی موزیکی ئەم موزیکژەنانە، ماوەی ١٠ رۆژێك میوانی ئێمە بوو، زۆربەی ئێواران و رۆژەکانیش ئێمە پێکەوە دادەنیشتین و باسی هونەر و رۆژانی رابردوو و کاری موزیك و هاوکاریی نێوان خۆمان دەکرد، بەداخەوە ئەو موجتەبا چوست و چالاکەی جارانم نەدییەوە، تاڕادەیەك گوڕ و تینی ئەوکاتەی خۆی لەدەست دابوو، میرزادە بەهۆی ئەوەی حەزی لە دەنگی من بوو و منیش تاڕادەیەکی ئیمانم بەوە بوو کە هەست و نەستی گۆرانییە کوردییەکان دەتوانێت بپارێزێت، ستایلی ئەرێجمێندیشی ستایلێکی تازە بوو، هەردوو لامان موشتاق بووین کارێکی دیکە پێکەوە بکەین، من چەند کارێکی تازەم هەبوو، ٥ مێلۆدی تازەم ئامادە بوون لەسەر سیدی بۆ ئەرێنج، میرزادە بە خۆشحاڵییەوە وەریگرت کە ئەرێنجیان بۆ بکات و بۆم بنێرێتەوە، پێم وت: خۆت ئەزانی، نەکەی موزسیانت دەست نەکەوێت و سامپڵ بەکار بێنیت! بە گاڵتەوە پێی وتم خەیاڵت رەحەت بێت فلانی بۆ هەر کارێك خۆم ئەبم بە سامپڵ، ( مەبەست ئەوە بوو بۆ ئۆرکێستراکەی، ئەگەر مۆزسیانێکیشی دەست نەکەوتایە بۆ یەکێك لە ئامێرەکان، خۆی دەیتوانی ئەو ئامێرەش بژەنێت).
بەهەرحال گۆرانییەکانی برد، بەڵام بەداخەوە نە گۆرانییەکانی هێنایەوە و نە خۆشیمان بینییەوە.

**پڕۆفایل:**

مەزهەر خالقی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٨ی شاری سنە، چەندین ساڵ بەرپرسی رادیۆ تەلەڤزیۆنی سنە و کرماشان بووە، مەزهەر خالقی و هونەرمەندانێك وەکوو حەسەن زیرەك و سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی بە بەناوبانگترین و دیارترین گۆرانیبێژانی کورد ناسراون.
مەزهەری خالقی لە هاوینی ساڵی ١٩٥٨ ساری سنە بەجێ دەهێڵێت و بۆ خوێندن دەچێە تاران، هەر لەو کاتەوە دەبێتە هاوکاری رادیۆ تاران، بە زووترین کات لەگەڵ مامۆستایانی بەناوبانگی ئێرانی وەکوو: حەنانە، کەسرەوی، مەلاح، بەهاری، یوسفزەمانی و لەم دواییانەشدا موجتەبای میرزادە، پەیوەندی پەیدا دەکات و لەگەڵ ئۆرکێسترای سەمفۆنیك، ئۆرکێسترای گەورەی رادیۆ ئێران، ئۆرکێسترای وەزارەتی هونەرە جوانەکان و ئۆرکێستراکانی ئەو سەردەمە، دەیان ئاواز و گۆرانی تۆمار دەکات کە بوونەتە بەشێك لە مێژوو و فەرهەنگی کوردستان. مامۆستا خالقی ئێستا بەرپرسی ئەنستیتیوتی کەلەپوری کوردە لە شاری سلێمانی.

# لە هەستەوە بۆ عیرفان



**سەما بابایی**


**رۆژنامەنوسی بواری مۆسیقا _ تاران**

کوردستان نە تەنها بەشێك لە مەقاماتی ئێمەی لای خۆی تۆمار کردووە، بەڵکوو لەسەر مۆسیقای دەستگاهی (داڕێژراوی ئێرانیی) زۆر کاریگەر بووە، ژمارەیەك لە گرنگترین مۆسیقادانەکان و ژەنیاران و گۆرانیبێژان لەم ناوچەوە سەریانهەڵداوە، لە بنەماڵەی کامکارەکانەوە تا گۆرانیبێژێکی وەکوو شەهرامی نازری یان بێهروزی غەریبپوور کە ئێستا بە تەنهایی سەرقاڵی پێکهێنانی ئۆپێرای نیشتمانییە، موجتەبا میرزادەش یەکێك لەو ناوانەیە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شیرین کردن و هەست و سۆزپێدانی ڤیالۆن بووە و جگە لەوەش چەندین مێلۆدیی مەقامیی گرنگی بەرهەم هێناوە، ئەو شێوەیەکی نوێی لە ژەندن و دابەشکردنی مۆسیقادا داناوە و بێ ئەوەی هیچکات بە شێوەیەکی راستەوخۆ لای مامۆستایەك فێری بووبێت، لەوانەیە ئێستا هاوکات لەگەڵ ناردنی سڵاو بۆ رۆحی ئەو کەڵە پیاوە، یادێکیش بکەین لەو مامۆستا پیرەی – خانبابا خانخەسرەوی- کە ژەنیاری ڤیالۆن بوو و جاروبار لە پۆلەکانیدا ئامێرێکی دەژەند و خوێندکارەکانی بەم ئامێرە ئاشنا دەکرد، لە پاڵ ئەمەشدا دەبێت یادێك بکەین لە سەفەرە خویندکارییەکانی رامسەر لە باکووری ئێران کە بوونە هۆی ئەوەی میرزادەش وەکوو «مشکاتیان» بە کۆمەڵگای مۆسیقای ئێران بناسێنێت و رێگای بۆ کردەوە کە بچێتە ئەکادیمیای مۆسیقای تارانەوە.
بەڵام بە خوێندنەیەکەی و بە ژیانی میرزادەدا، ناتوانین کاریگەریی حەسەن زیرەك نەبینین کەلە رادیۆ کرماشان گۆرانیی کوردی دەوت و ئەم ژەنیارە گەنجەی کە پێش ئەوە مۆسیقای نیشتمانەکەی بە جوانی نەدەناسی، لەگەڵ ئەم دەنگە پڕ رەمز و رازەدا ئاشنا و ژیانیشی ژێرەوڕوو بکات.
میرزادە لە زیرەکەوە گۆرانی و ئاواز و مەقام فێر بوو و دواتر خۆی چەندین ئاوازی هەرمانی دانا کە ئێستا بوون بە بەشێك لە فەرهەنگی ئەم نیشتمانە، لەوانەیە هێشتا کەسانێك بن کە دەنگی سۆلۆی ڤیالۆنی میرزادەیان لە رادیۆی ئەو سەردەمەدا لە گوێ مابێتەوە و لە پاڵیشیدا بیرەوەریی ئەو کارە نوێیانە کە تێڕوانینێکی نوێی لە مۆسیقای کوردیدا بەدی هێنا هەر مابێتەوە.
پێش میرزادە هیچکات ئاوازی هەورامی لەگەڵ ئۆرکێسترا نەکرابوو، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی میرزادە بەسەر مۆسیقای کوردی و مۆسیقای ئۆرکێسترادا، ئەم بابەتەی هێنایە ئارایەوە و بوونە هۆی ئەوەی کە ئەم ئاوازانە سنوورەکانی پێشوویان تێپەڕێنن و ئەگەر ئەو سنوورانەیان تێنەپەڕاندبا، لەوانەیە چارەنووسیان ئێستا وەکوو زۆربەی ئەو ئاوازانە ببوایە کەلە گۆشە و کەناری ئەم وڵاتەدا لەیاد چوون، یان لە بیرەوەریی کەسێکدا مابێتەوە کە هیچکەس تەنانەت ئاوڕێکی لێنەداتەوە.
میرزادە مۆسیقای بە هەموو رەهەندەکانییەوە تاقی کردووەتەوە، تەنانەت ئەوکاتەی کە لەگەڵ گۆرانیبێژە ناودارەکانی سەردەمی خۆیدا سەردانی کافە شەوانەکان دەکات تا وەکوو بژیوی ژیانی دابین بکات، بەڵام هێشتا ئەو بەرهەمانە بەشێکن لە خۆشترین و پڕ یادەوەرترین بەرهەمەکانی مۆسیقای پاپی ئێرانی، مۆسیقای پاپێك کە لەو سەردەمەدا بوو، لەگەڵ ئەوەی ئێستا زۆر جیاوازە و ئەمە گۆرانیبێژانە – چ ئەوانەی ناوەوە چ ئەوانەی دەرەوە –. میرزادە لە داهێنانی بەرهەمەکانیدا سنووری نەدەناسی، لە سۆلۆی ڤیالۆن لە مۆسیقای کوردی و فارسییەوە بیگرە تا وەکوو ژەندن لەگەڵ گرووپدا لە تۆمارگەکاندا، لە مۆسیقای لوڕی بیگرە تا مۆسیقای کلاسیکی رۆژئاوایی و پاپ، جاز، بلووز، لە مۆسیقای ئێرانی تا گۆرانییە بازاڕییەکان و سرووده شۆڕشگێڕییەکان و مۆسیقای فیلم کە هەرکامە و باسی تایبەتیی خۆی پێویستە.
لەوانەیە لەم نێوانەدا باسی کاریگەریی یاحەقی لەسەر میرزادە بکرێت، ئەم کاریگەرییە نە لەڕووی ناتوانی هونەری بەڵکوو بەهۆی کۆششی ئەو بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی نوێ بوو، موجتەبا ژەندنی ڤیالۆنی خۆی لەژێر کاریگەریی یاحەقیدا دەزانی و لە هەموو کاتێکدا بە رێز و حورمەتەوە ناوی دەهێنا، بەڵام کەسایەتیی سەربەخۆی میرزادە بەتەواوی دیار و روونە و خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، لە ڤیالۆنی میرزادەدا تەکنیکە رۆژئاواییەکان هاوڕا لەگەڵ شیرینیی مۆسیقای ئێرانیدا بە جوانی دیارە و تریولەی بەهێز و توند، گلیساندۆی کەم، بەڵام بەجێگە و ئارشە کەشی نەرم بەڵام بەهێز بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی، سۆلۆی ڤیالۆنی میرزادە بە هاوڕایی تومبەکی بیژەن کامکار، توانا و هێزی بێوێنەی ئەم ژەنیارەمان نیشان دەدات، بەداخەوە لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا و لە لووتکەی ئەزموون و داهێناندا، وەکوو زۆربەی هونەرمەندانی دیکە، بەهۆی زوڵمی رۆژگارەوە، گۆشەی بێدەنگی و خامۆشی هەڵبژارد و هونەری مۆسیقای ئێران لە بوونی بێبەش ببوو. بۆیە رووی کردە ژەندنی کەمانچە و لەویشدا بێوێنە و جوان دەرکەوت. میرزادە کۆمەڵێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆسیقازانێکی گەورەی هەبوو و تواناکانی لە ژەندن و بەداهەدا بە جۆرێك بوو کە دەیتوانی هەر ئامێرێك بژەنێت. بەرهەمە ئۆرکێسترییەکانی پڕاوپڕە لە مێلۆدی رەنگاڕەنگ و نوێ. وەکوو زۆرێکی دیکە هونەرمەندان بەویش زوڵم کرا، بەڵام بەرهەمە بەجێماوەکانی شایەتحاڵی تواناکانییەتی، ئەو بەرهەمانەی لەگەڵ حەسەن زیرەك و مەزهەری خالقی کردوویەتی، چ ئەوانەی لەگەڵ کەسێك وەکوو عەلیڕەزا ئیفتخاری بوویەتی، لەلایەکی دیکەوە دابەش کردنەکانی ئاوازگەلێك وەکوو دایە دایە، بەرزان بەرزان، میری، داڵك، تفەنگ، زندگی، قدمخیر، یان لە مۆسیقای لوڕیدا و ئەلبۆمی نوروزی آوارگان، بە دەنگی عەبدولوەهاب مەدەدی موزیسیەنی ئەفغانی، و ئەلبۆمەکانی «هومایوون کازمی، نادر گلچین و مست عشقی گوڵپا»، یان ئەوانەی لەگەڵ هایدە، موعین، گوگوش، داریوش و ...، گرنگیی تایبەتیان هەیە.



# سوڵتانی: ڕۆحی سەرکەشی موجتەبا لە چوارچێوەی جەستەدا نەدەگونجا

**دکتۆر محەمەدعەلی سوڵتانی**



وڵاتێکی سەیرە، بەداخەوە مـردوو ئازیزە و زیندوو رووەو مـردن، نامەوێت لێرەدا سەبارەت بە ڕەهەندەکانی هونەری یان پلەی مۆسیقایی موجتەبا میرزادە قسە بکەم، چونکە سەرەڕای ئەو هەمووە تامەزرۆیی و هەروەها ناسینە کەموکورتەم لەسەر مۆسیقا و بهتایبەت مۆسیقای کوردی، بەڵام نووسین لەم بوارەدا ئیشی من نییە، دەشزانم کارناسان و شارەزایانی ئەم بوارە بهدڵنایییەوە باسیان لەبارەوە کردووە، لێرەدا دەمەوێت سەبارەت بە ئاخێزگەی پەروەردە و سەرەتا و ئەنجامی ژیانی هونەری ئەو هونەرمەندە چەند خاڵێك باس بکەم.

باسکردن لەبارەی کەسایەتییە و ژیانی پڕ هەوراز و نشێوی، خزمەتێکی گەورەیە بە بەشێك لە مێژووی گەشی مۆسیقای کوردی.
سەید موجتەبا میرزادە لە ١٩٤٥/٣/١٨ لە بنەماڵەیەکی ناودار لە شاری کرماشان لەدایك بوو، پشتیان دەگەڕایەوە بۆ سەیدەکانی ناسراو بە سادات (میر) لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران، کە مەزاری باو و باپیرانیان لە شارەکانی سولاس واتا بروجێرد و مەلایەر و تویسرکان جێگای ڕێز و حورمەتی خەڵکن، میر، وشەیەکی کوردیە و هاوتای «مێهر»ە و نازناوی نێوان خالق و مەخلووقە، کە کوردەکانی ئێرانی ڕۆژئـاوا، دوای دەسەڵاتدارەکان، بە سەیدەکانیان دەوت، کە واتە شۆرەتی ئەم کەسە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، باو و باپیران و نزیکەکانیان، زۆربەیان لە بازاڕی جلوبەرگ و قوماشدا کاریان دەکرد، کەسانێکی ناسراو و خۆشناو و جێگای ڕێز بوون و هەروەها بە بیرۆکەی گرنگیدان بە دەستوورە ئایینییەکان، کە توانا و بەهرەی هونەری تێیاندا بەرچاوە.
دەرکەوتنی سـەرەتـای بەهرەی هونەری لە موجتەبادا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵانی٤٠ هەتاوی، واتە سەرەتاکانی ساڵانی ١٩٦٢ی زایینی، لەم ساڵانەدا خوێندنگای فێربوونی مۆسیقا لە کرماشان نەبوو، رادیۆ ئێران بە بڵاوکردنەوەی دەنگی ئامێری مامۆستایانێك وەکوو مەهدی خالدی و پەرویز یاحەقی و ... سەرنجی موجتەبای زیاتر لە هەموو ئامێرێکی دیکە بەرەو ئامێری ڤیالۆن راکێشا، کە ئەمە یەکەمین خوێندنگای میرزادە بوو لە ڕێگای گوێیەوە فێر دەبوو و هیچکات هونەرمەندانی دیکە هەرچەند خۆشی دەویستن، بەڵام سەرنجی رانەکێشا.
موجتەبا میرزادە لە ژەنینی زۆربەی ئامێرەکاندا بەتوانا و بەهرەدار بوو، بەڵام ئامێری تایبەتی خۆی ڤیالۆن بوو، لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ خوالێخۆشبوو حەسەنی کامکار، باوکی بنەماڵەی کامکارەکان، ئاشنایەتی پەیدا کرد و لە ڕێگای ئەوەوە چووە رادیۆ سنە، لەو ماوەدا لە ئۆرکێستراکانیاندا بەرنامەی بەڕێوە دەبرد و لە ڕێنوێنییەکانی ئەو کەڵکی وەردەگرت.
لـە ساڵی ١٩٦٢ لـە کرماشاندا لەگەڵ گۆرانیبێژانێکی بەناوبانگ وەکوو: حەسەن زیرەك، مەزهەر خالقی، ئیبراهیم خۆشناو، هاشم ڕەبیعی، بەرهەمی ئامادە دەکرد و لە ساڵی ١٩٦٧ هاتە تاران و نۆتەی بە ڕێنوێنی و ماندووبوونی خۆی لە کتێبی ئامادەیی نۆتە، کۆکراوەی «زیا موختاری» بە پڕۆڤە و ماندووبوونی شەو و رۆژ و زەحمەتی زۆر دەست پێکرد و سەرەتاکانی مۆسیقای زانستی و ئاکادێمیك فێر بوو، ئەم شێوە لە فێربوون و سەرچاوەی ئامادەیی جگەلە فێربوونی سەرەتایی سەبارەت بە نۆتە و وەستانەکان، شتێکی دیکەی تێدا نەبوو بۆیە، لەم ماوەدا گۆڤاری مووزیکی ئێران، بڵاو دەبووەوە و هەر حەفتە لانیکەم نۆتەی ئاوازێکی لە چاپ دەدا، موجتەبا بەپێی توانای مێشکی کە ئاوازەکەی لەبیر بوو، بە لێدانی دووبارە و هەڵسەنگاندنی ئاوازەکە بە شێوەی گوێگرانە و هەڵسەنگاندن لەگەڵ چۆنایەتی و چەندایەتیی نۆتەکان ئاشنا بوو.
لە ساڵی ١٩٦٨، کە رادیۆ ئێران رایگەیاند پێویستی بە ژمارەیەك ژەنیار هەیە، ڕۆیشتە رادیۆ و دوای تاقیکردنەوەیەك کە مستەفا کەسرەوی ئەنجامی دا، وەرگیراو لەم کاتەوە بـووە ئەندامی ژەنیارانی رادیـۆ. هەروەها هاوکاریی خۆی لەگەڵ ئۆرکێسترای نەکیسا بە رابەری مستەفا کەسرەوی و ئۆرکێسترای باربود بە رابەری فەرەیدوون ناسری دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ وەزارەتـی فەرهەنگ و هونەر هاوکاریی کرد و بۆ ناساندنی مۆسیقای ڕەسەنی ئێران سەردانی ئەفغانستان، پاکستان، میسر، کوێت، ئەمریکا، مەکزیك، ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەلجیکای کرد.
هەروەك کە باسمان کرد موجتەبای میرزادە لە ژەنینی زۆربەی ئامێرەکاندا شارەزا بوو، بەڵام ئامێری تایبەتی و سەرەکیی خۆی ڤیالۆن بـوو و دوای ئەمەش حـەزی لە ژەنینی کەمانچە و سێتار بوو، موجتەبا میرزادە ماوەیەك سەرپەرستی ئۆرکێسترای سەماعی بوو کە بە ئامێرە سوننەتییەکان ئیشیان دەکرد، بە ئۆرکێسترا بەرهەمە کۆن و سوننەتییەکانیان تۆمار دەکرد، زۆرترین چالاکیی هونەری میرزادە، دابەشکردن و سازاندنەوە و ئۆرکێستراسیۆن بو و نزیکەی چل و دوو مووزیکی بۆ فیلمە فارسییەکان دروست کردووە و چەندین بەرهەمی کوردی و لوڕی پێشکەش کردووە کە تۆمار کراون، دوای شۆڕشی ئێران بووە رابەری ئۆرکێسترای گەورەی رادیۆ.
ئەمە مێژووی هونەری موجتەبا میرزادەیە لە رادیۆ سنە و کرماشانەوە تاوەکوو رادیۆ ئێران و رابەریی ئۆرکێسترای گەورە، ناوی هیچ مامۆستایەکم لە ڕەوتی فێربوونی هونەریی ئـەودا نە بیستوومەو نەبینیومە، بەهرەی موجتەبا لە وشکەساڵی فێربوونی هونەر لە کرماشان، عەشق و بەهرەو ماندوو بوونی خۆی بوو، ئەم پێداگرییەش لەگەڵ تامەزرۆیی فێربوون و بەربڵاوی بەرچاوی لە زانستی مۆسیقایی جۆراوجۆر لە مۆسیقا شارەکانی ئێران تاوەکوو مێلۆدییە دوورکەوتووەکانی کوردستان و مۆسیقای کولییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئاوازە هەزار پارچەکانی وڵاتانی ئاسیایی و ... دەگرتەوە و ئەمە تایبەتمەندیی موجتەبا میرزادە و هونەری ئەو بوو کە لەنێو هونەرمەندانی ژەنیاری ئێرانیدا تاقانە بوو، میرزادە لە چوارچێوەی شێوە و ڕەوشتی تایبەتدا یان فێربوونی قوتابخانە و زانکۆدا قەتیس نەدەبوو، بیرێکی داهێنەری بوو بە پانتایی مۆسیقای جیهان، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم جوگرافیا بەربڵاوەی مۆسیقا، نەپارێزرا.
لێرەدا نامەوێت بڕۆمە ناو وردەکارییەکانی ژیانی هونەرمەندێکی گـەورەوە کە بەسەر مۆسیقای کوردیدا مافێکی گەورەی هەیە، کوردی و کورتی دەیڵێم چونکە دانیشتوانی وڵاتی هونەر و ئەندێشە زۆر زیاتر لەوەی کە سیاسییەکان و بەرپرسانی ئاسوودە بیر لێی دەڕوانن، پێویستیان بە پاراستن و ئاگاداری هەیە، تا ڕۆژێك کە زیندوون، گوێ و چاو و ئەندێشەکان لە بەهرە و تواناکانیان چێژ وەردەگـرن، لاپەڕەی کتێبەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە بەرهەم و نوسراوەکانیان دەوڵەمەند دەبن و هۆڵ و تەلار و کۆبوونەوە بە دەنگی ئاواز و ئامێری ئەوان پڕ دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی کە بایەخی پێنادرێت چۆنایەتیی ژیان و ڕۆژانـەی ئەوانە، موجتەبا میرزادە لە ڕەهەندی ئابوورییەوە هونەرمەندێکی دەسکورت نەبوو، هەموو شتێکی ژیانی بوو، بەڵام زۆر بەهەست و دڵناسك بوو و لە شووشەیەك ناسکتر بوو، دوای مردنی دۆستی هونەرمەند و جوانەمەرگ و ناوازەی سوهەیل ئەیوانی کرماشانی کە ئەویش لە مۆسیقادا ناوازە و بێوێنە بوو، لەوانەیە ئەگەر ئاگاداری و پشتیوانیی بەرپرسانی ئەنستیتیوتی فەرهەنگی و هونەری «ێوای باربد» نەبوایە، بهتایبەت عەلیرەزا ڕەزایی بەرپرسی ئەو ناوەندە، زۆری نەدەخایاند، بەڵام گەورەیی و پشتیوانیی سالاری و هاوکاریی ئەوان و هاوکارەکانیان - برایانی ئیسفەندیاری (محەمەدرەزا و حەمید) - کەلە هەموو حاڵێکدا تەندروستی و بوونی ئەویانی خستبووە پێشەوەی هەموو چالاکییەکانیانەوە، درێژەی ژیانی موجتەبای بەدوای خۆیدا هێنا و بە دابەشکردن و تۆمار و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی پڕبایەخی سۆلۆکانی و .... هەنگاوێکی گرنگیان لە ناساندنی موجتەبا هەڵگرت کە بەشی دووەمـی واتە «بەیاتی زەند» لە خۆیدا خوێندنەوەیەکی مێژوویی و هونەرییە کە لێرەدا ناکرێت بە وردی باس بکرێت، بەهەرحاڵ موجتەبای میرزادە «جەستەی لە پانتایی جیهاندا نەدەگونجا»، «ڕۆحی سەرکەشی لە چوارچێوەی جەستەدا نەدەگونجا»، بەرەبەیانی ڕۆژێك لە ڕۆژانی هاوین بوو کە ئارەشی ئەمجەدی ئازیزم، کە ئەوکات لەگەڵ ئەنستیتیونی «ێوای باربد» هاوکاری دەکرد هەواڵی کۆچی دوایی موجتەبا و چۆنیەتیی بەخاك سپاردنەکەی پێڕاگەیاندم و لەلایەن بنەماڵە بەوەفاکەیەوە و هاوکاریی ێوای باربد داوای لێکردم بۆ مەزارەکەی شیعرێك ئامادە بکەم، منیش ئەم شیعرەم دانا و هەر ئەمەش لەسەر مەزارەکەی دانرا:

**امیر پنجه و ساز و نوا رفت**
**یقین دارم بدنبال «صبا» رفت**
**سزاوار صدای ساز و سوزش**
**نبد گیتی بدرگاه خدا رفت**
**ز سازش ێید این ێوا بگوشم**
**که افسوس و دریغا «مجتبا» رفت**
**لەدایکبوون ١٩٤٥/٣/١٨**
**کۆچی دوایی ٢٠٠٥/٨/١٧**

**پڕۆفایل:**
دکتۆر محەمەدعەلی سوڵتانی نوسەر و مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، لەدایکبووی شاری کرماشانە، تا ئێستا چەندین کتێبی گرنگی لەسەر مێژووی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان نوسیوە و بیبلۆگرافیایەکی تایبەتیشی بۆ مێژووی کرماشان نووسیوە کە چەندین خەڵاتی گرنگی بەدەستهێناوە. هەروەها دکتۆر سوڵتانی لە نوسینەوە و کۆکردنەوەی دیوانی شاعیرانی ناوچەی کرماشان کاری زۆری کردووە و بە لێکۆڵینەوەو نووسین لە بواری مێژوو، ئایین و عیرفان و ئەدەبی کوردی و بەتایبەتی ئایینزا و ئەدەبی یارسان و دیالێکتی گۆراندا گەلێك کاری نایاب و شکاری خوڵقاندووە و بە یەکێك لە مێژووناسانی بەناوبانگی ئێران دەناسرێت.

# شەهرام نازری: موجتەبا هونەرمەندێکی ناوازە بوو

**_ سەرەتا چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە موجتەبای میرزادەت ناسی؟**

* سەردەمی منداڵی کاتێك لە کرماشان بووم و لە خوێندنگا دەمخوێند، زۆربەی دەوروبەرییەکان و خزمەکانم کاری مۆسیقایان دەکرد، منیش خۆم زۆر حەزم لە مۆسیقا و ئاواز و شیعر و ئەدەب بوو، ئاساییش بوو لە وەها بارودۆخێکدا لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەی لە کرماشان ئیشیان دەکرد ئاشنا بم و بیانناسم، بەتایبەت موجتەبا میرزادە، کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەڕاستیدا کەسێك بوو کە هەموومان خۆشمان دەویست و ڕێزێکی تایبەتمان بۆی هەبوو، پەیوەندیی نزیکمان نەبوو، چونکە کاتێك لەو تەمەنەدا بووم، بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانم، هونەرەکەم لە دڵمدا بوو، حەزم نەدەکرد دەری ببرم، بۆ نموونە لەو کاتەدا کێبڕکێیەکی خوێندکاری بوو کەلە شاری رامسەری باکووری ئێران بەڕێوە دەچوو، من هیچکات بۆ بەشداریی لەو کێبڕکێیانەدا بەشداریم نەکرد، ئەگەر بەشدار بوومایە لە سەدا سەد، یەکەم دەردەچووم، چونکە کورە پوورم «بەهمەنی پوولەکی»، ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندن بوو، تامەزرۆییم بۆ مۆسیقا یەکجار زۆر بوو، بەڵام ئیشم نەدەکرد، تا کاتی هاتنم بۆ تاران و خوێندنم لە پەیمانگای مۆسیقا لای مامۆستایانی بەناوبانگی ئەوکات کارێکی ئەوتۆم نەکردبوو، دواتریش کە لای کەسانێك وەکوو مامۆستا پایوەر و جەلیلی شەهناز و داریوش سەفوەت و نوورعەلی بروومەند و ... فێری مۆسیقا بووم. دواتر کە باسی تاقیکردنەوەی مۆسیقا هاتە پێشەوە، کاتێك ویستم بەشدار بم لەم کێبڕکێیەدا، کاسێتێکم تۆمار کرد، کاتێك بروومەند گوێی لێدەگرێت زۆری پێخۆش دەبێت، دەڵێت ئەم دەنگە لە خۆمانە، دەپرسێت بۆم و بەدوامدا دەگەڕێت، لەو کاتەدا هوشەنگی ئیبتهاج بەرپرسی مۆسیقای رادیۆ ئێران بوو، بۆی گێڕامەوە کەلە کۆبوونەوەی رادیۆدا بروومەند پێش کردنەوەی کۆبوونەوەکە دەڵێت با گوێ لەم دەنگە بگرین، کە من ئەوکاتە ٢٣ ساڵ تەمەنم بوو، ئەوکات بروومەند و ئیبتهاج منیان هاندا بچمە رادیۆ، تا پێش ئەوە حەزم لێنەبوو خۆم دەرخەم.

لە سەردەمی کرماشاندا زۆرم حەز لە مۆسیقا و ئەدەب و ئاواز بوو، زۆرم دەخوێندەوە و بۆ خۆم ئیشم دەکرد، بەڵام تەنها بۆ خۆم بوو. لە قوتابخانە مامۆستایەکمان هەبوو مامۆستا بێهزاد کرماشانی، کەسێکی زۆر بەناوبانگ بوو و کاریگەریی زۆری لەسەر زۆر کەس دانابوو، لە قوتابخانە داوای لە خوێندکارەکان کرد هەر کەسە هونەرێکی هەیە با بڕواتە لای و ئیش بکەن، من لەو کەسانە بووم کە نەڕۆیشتم، ماوەیەك تێپەڕی و شەوێك لە ماڵ خاڵم بووین، بینیم مامۆستا بێهزادیش هاتووە، خاڵم بانگی کردم و ئەوکات بوو مامۆستا بێهزاد زانی کە من خوشکەزای ئەو کەسەم کە دۆستی نزیکی ئەو بوو. مامۆستا بێهزاد بە خاڵمی وت ئەم کوڕە لە ئەدەب و شیعردا زۆر سەرکەوتووە و خوێندنەوەی زۆر باشی هەیە، خاڵم پێی وت بەڵێ، بەڵام دەنگیشی زۆر خۆشە، مامۆستا بێهزاد زۆری پێ سەیر بوو، لێی پرسیم بۆ باست نەکردووە؟ وتم چونکە خۆم بە هونەرمەند نازانم، ئەمەی زۆر پێخۆش بوو، وتی وەك خۆم وایت، حەزت لە خۆدەرخستن و پەلەکردن نییە، هەر لەوێ دەنگی منی بیست و زۆری هاندام، پێیشی وتم نەك لەبەر دەنگ و خوێندنەوەت، زۆرتر لەبەر ئەو ئەخلاقەت خۆشم دەوێیت و دەمەوێت بانگهێشتت کەم بۆ ماڵەکەم کە کتێبخانەیەکی گەورەی تێدایە و هەفتەی جارێك ژمارەیەکی زۆر نووسەر و ناودار تێیدا کۆ دەبنەوە و بیروڕا دەگۆڕنەوە، تۆش وەرەو بەشدار بە. ئەمەم باسکرد کە بڵێم زۆرم حەز لە خۆدەرخستن و کاری دەرەکی مۆسیقا نەبوو.


لەو سەردەمەدا موجتەبا لەگەڵ بنەماڵە و دۆستانی ئێمەش هاتوچۆی بوو، بەم هۆیەوە دەمناسی و جاروبار دەمبینی.

**_ بەڕای جەنابت باشترین کارەکان و بەرهەمەکانی موجتەبا کامانەن؟**

* موجتەبا کاری زۆری کردووە، بەڵام بەڕای من باشترین کارەکانی میرزادە لەگەڵ مامۆستا خالقی بووە، موجتەبا کەسێکی ناوازە بوو، لەگەڵ هەرکەس ئیشی کردبێت، شتێکی باشی لێدەرهاتووە، حەسەن زیرەك کە خۆی کەسێکی زۆر بەتوانا بوو، یان مامۆستا خالقی کەسانێك بوون کەلە مۆسیقای کوردیدا هەر کامەیان بێوێنە و زۆر بەتوانا بوون، سروشتیشە کە کارەکانیان لەگەڵ میرزادە شتێکی زۆر باشی لێبکەوێتەوە، یان ئەو کارانەی لەگەڵ حشمەت لوڕنەژاد کردبووی، کە بەداخەوە کەم ئیشیان کرد بەیەکەوە، لوڕنەژاد دەنگێکی زۆر باشی هەبوو، زۆر زۆر دەنگی ناوازە بوو، بەڵام کەمتر ئیشی کرد، کە بەداخەوە هەموو هونەرەکەی دەرنەبڕی.

_ هیچ هاوکاریت لەگەڵ موجتەبا کردووە؟

* بۆ سیدی «یادگار دوست»، ئاغای رەوشەنڕەوان مۆسیقایەکی نوسیبوو کە پێویستی دەکرد کەسێك کەمانچەیەکی بۆ لێبدات، چەند کەسێکمان هێنا کە هیچکام نەیانتوانی بەو جۆرەی ئێمە دەمانویست بیژەنن، تاکوو گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە داوا لە میرزادە بکەین، هات و منیش لای وەستام و پێموت مێلۆدییەکی زۆر سادە و ساکارم دەوێت، موجتەباش کە شێوەی تایبەتیی خۆی هەبوو، حەزی لە سادەبوون نەبوو، پێی خۆش بوو ئاو و تاوێکی بداتێ، وتی ئاخر سادە حاڵی تێدا نییە، وتم نا بە سادە و ساکار بێت، بەڕاستیش تەنها کەسێك بوو توانی ئەو سۆلۆیە بە باشی دەربێنێت.



**_ پەشیمان نیت لەوەی پێکەوە بەرهەمێکی هاوبەشتان نییە؟**

* بەڕاستی موجتەبا ناوازە بوو، تاڕادەیەك جیاوازیی بیروڕامان لە شێوەی کاری مۆسیقاییدا هەبوو، کاتێك مرۆڤ تەمەنی کەمە و گەنجە دەمارگرژییەکی لەسەر ئیشەکانی هەیە، بەڵام دواتر زانیم کە حەیف بووە پێکەوە کارێکی هاوبەشمان نەکردووە، ئەڵبەت هەمیشە پەیوەندیمان هەبوو و هەواڵی تەندروستیی یەکمان دەزانی، دۆست و هاوڕێی هاوبەشیشمان هەبوو کە جاروبار یەکمان دەبینی، کەسێکی زۆر خۆش مەشرەب بوو و لەگەڵیدا پیاو ماندوو نەدەبوو، بەڕاستی هونەرمەند بوو، هەر کەسێکت بویستبا موجتەبا ئەداکانی لاسایی دەکردەوە و وەکوو خۆی بۆتی نیشان دەدا.

**_ کام بەش لە کارەکانیت پێ باشترە وەکو دابەشکردن یان سۆلۆ یان ئاوازدانان؟**

* بەڕای من دابەشکردنەکانی موجتەبا زۆر بەهێزە و زۆرم پێخۆشن، هەروەها ئەو کارانەی کە لە مۆسیقای کوردیدا کردوویەتی، ئەوانەشم زۆر خۆش دەوێت. کۆمەڵێك کاری هەیە کە بە کاری کووچە بازاری دەناسرێت و لەو سەردەمەدا زۆرم حەز لێنەبوو، بەڵام دواتر کە کات تێپەڕی بینیم ئەو کارانەشی سەرنجڕاکێش بوون، موجتەبا کاتێك خۆی حەزی لێبووە دەبینی تەنانەت لەو کارانەشدا سۆلۆیەکی بێوێنەی لێداوە. بۆ نموونە من خۆم هونەرمەندی ڕۆژ نیم، سروشتیشە حەزم لەم بەشەی موجتەبا نەبوو کە هونەرمەندی ڕۆژ بێت، بەڵام دواتر بینیم موجتەبا لەو بەشەشدا شاکار و سۆلۆی بێوێنەی بووە.

**_ بەڕای جەنابت موجتەبا خاوەن شێوە و قوتابخانە بووە؟**

* لە سەداسەد، موجتەبا خاوەن شێوەی تایبەت بە خۆی بووە، کاری سەیر و سەمەرەی زۆری کردووە، من دوو کەسم دیوە کە بەڕاستی سەرنجیان ڕاکێشاوم، یەکێك شاپوور نیاکان و ئەوی دیکە موجتەبا میرزادە، کاری تایبەتیان کردووە بە ڤیالۆن. بەرهەمەکانی موجتەبا بڕادەیەك بەهێز بوو کەسێك تا ئێستا نەیتوانیوە لێشی نزیك بێتەوە.

**_ ئایا بە بڕوای جەنابت باشتر بوو میرزادە تەنها کاری کلاسیک بکات؟**

* مەرجی یەکەم بۆ سەرکەوتوویی هونەرمەند ئەوەیە کە ئیشەکانی لە ناخییەوە بێت و توانایی ببێت، موجتەبا ئەو ئاڕاستەیەی خۆی بەدوایدا چووە حەزی لێبووە و کاری خۆی ناسیوە، بۆ نموونە ئەگەر بیویستایە ڕێگاکەی تەنها بۆ خۆنیشاندان بگۆڕێت نەدەبووە ئەو موجتەبایەی کە ئێستا بووە، کەسانێك هەن کە دەیانەوێت بۆ خۆنیشاندان ڕێگاکەیان بگۆڕن کە ئەمانە بەگشتی ڕێگاکەیان ون دەکەن، گرنگترین بەش لە هونەردا ئەوەیە کە هونەرمەند تواناکانی خۆی بناسێت و میزانی خۆی کەشف بکات، ئەمە قۆناغی گەورە بوونە، بەڕای من موجتەبا گوێ لە خواستی دەروونی و عەشقی خۆی گرتبوو و توانی و زۆر سەرکەوتوو بوو.

**_ بتەوێت لە ڕستەیەکدا موجتەبا بناسێنیت، چی دەڵێیت؟**

* ئەمە دژوارە بەڕاستی، موجتەبا کەسێکە کە سەرەڕای ئەو بەشانەی کە من بە دڵم نییە و پێکەوە لە کاری هونەریدا لەوانەیە لە چەند بەشێکدا دژی یەك بین، بەڵام لە ناخی ئەو دژایەتییە هونەرییەدا، دەڵێم موجتەبا ناوازەیە، ڕادەربڕین سەبارەت بە موجتەبا زۆر دژوارە، کەسێکی چەند لایەنەیە و ناسینی دژوارە، چ هاوڕای بین یان دژی بین، چ ڕوانگەیەکی ئەرێنیمان ببێت یان نەرێنی بۆی، موجتەبا هونەرمەندێکی ناوازەیە.

**پرۆفایل:**

شەهرام نازری لەدایکبووی ١٩٥٠/٢/١٨ لە شاری کرماشان، مامۆستای مۆسیقای ئێرانی و مۆسیقای کوردی، زیاتر لە ٣٧ ساڵە لە بواری مۆسیقادا خولقاندنی تایبەتی هەیە و توانیویەتی بە داهێنانی بەردەوام جێگە و پێگەیەکی تایبەت بۆ خۆی تەرخان بکات، شەهرامی نازری تا ئێستا چەندین خەڵاتی گرنگی نێودەوڵەتیی بەدەستهێناوە لەوانە: ساڵی ٢٠٠٧ حکوومەتی فەرەنسا میدالیای شوالیەی فەرهەنگ و ئەدەبی پێدا، نازناوی هونەرمەندی ناوازەی ئاسیای پێدراوە کەلە ئاهەنگی پێشکەش کردنیدا سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەی تایبەت ڕێزی لێنا، چەندین زانکۆی ئەمریکا تا ئێستا میدالیای تایبەتیان پێبەخشیوە و نازناوی ئۆستوورەی زیندووی پێبەخشراوە.

تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ ئەلبۆمی مۆسیقای بڵاو کردۆتەوە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی کۆنسێرتی بەڕێوە بردووە، پاڤارۆتی ئێران هەستێکی تایبەتی بە مۆسیقای کوردی لایە و بە شانازییەوە باس لە کوردبوونی خۆی دەکات و بەردەوامیش تامەزرۆی ئەوەیە زیاتر و زیاتر مۆسیقا و ئەدەبی کوردی بناسێت و هەوڵی گەشەکردنی بدات.

شارامی نازری بە هێمنییەکەوە کە زۆرجار یادکردنەوەی ڕابردوو خەمێك لەسەر چاوی دادەنێت؛ وەڵامی پرسیارەکانمانی دایەوە و لە ماوەی وتووێژەکەدا حەز و خۆشەویستیی ئەم هونەرمەندە مەزنە بۆ مۆسیقا و ئەدەبی کوردی لە دەربڕین و وتەکانیدا بە جوانی دیار بوو.

# تواناکانی میرزادە زۆر لەوە زیاتر بوو کە بەرهەمی هێنابوو

سدیق تەعریف، لای ژمارەیەك زۆر لە مامۆستایانی بەناوبانگی مۆسیقای ئێرانی فێری گۆرانیوتن و مۆسیقا بوو. لە زانکۆکانی تاران وانەی مۆسیقا دەڵێتەوەو ژمارەیەك خوێندکاری هەیە کە بە شێوەی تایبەت ئیشیان لەگەڵ دەکا، چەندین بەرهەمی بڵاکردۆتەوەو زۆربەی ئیشەکانی بە زمانی فارسین و لەگەڵ کەسانێك وەکو محەمەدرەزا لوتفی، حسێن عەلیزادە، جەلال زولفونون، حسێن یوسفزەمانی، گروپی کامکارەکان ئیشی کردووەو چەندین بەرهەمی کوردیشی هەیە.

**• تایبەتمەندی ئیشەکانی میرزادە لە چیدا دەبینیت؟**

تایبەتمەندی بەرچاوی میرزادە ئەوەیە کە زۆر بە توانایە، لەگەڵ کەسانێك وەکو مامۆستا خالقی و مامۆستا حەسەن زیرەك ئیشی کردووەو ئەو بەرهەمانەی کە دابەشی کردووە رادەی توانا و بەهێزیی ئەو مرۆڤە گەورەمان نیشان دەدات، زۆربەی ئەو کارانەی میرزادە لە کرماشان دابەشی کردووە بە تایبەت بەرهەمەکان مامۆستا خالقی، دەبینین کە توانای ئەو هونەرمەندە چەندە بەرزە، هەروەها بەرهەمەکانی خاوەن ئیمزایە، بەو مانایە کە ئەو بەرهەمانەی کە میرزادە دابەشی کردووە ئەگەر کەسێك تۆزێك لە مۆسیقا شارەزایی بێت دەزانێت کە ئەمە بەرهەمی میرزادەیە، جۆری بەرهەمەکە نیشانی دەدات کە ئەمە بەرهەمە میرزادەیە.

هەروەها لە تەمەنی ١٦-١٧ ساڵیدا بە توانایەکی زۆرەوە کە رادەی زاڵبوونی نیشان دەدات ڤیالۆن بەکار دێنێت، لە دوایدا کە دێتە تاران و لە رادیۆ کوردیدا ئیش دەکات، بەرهەمەکانی لێرەش زۆر بەهێزەو هاوکاتیش دەچێتە بواری ئاهەنگ دانانەوە بۆ مۆسیقای فارسی و مۆسیقای فیلم، لە هەموو بەرهەمەکانیدا رەنگدانەوەی ئامادەیی و توانایەتی، داهێنان و بەرفراوانی دەبیندرێت، زۆربەی بەرهەمەکانی میرزادە ماندگارن، بۆ ژمارەیەك زۆر لە گۆرانیبێژە فارسەکان وەکو حومەیرا، هایدە، ئیرەج، گولپا و ... ئاهەنگ دادەنێت، لە مۆسیقای فیلمیشدا بە هەمان شێوە، بۆ نمونە لە فیلمێکی سەردەمی پەهلەویدا کە پەرویز سەییاد دەرهێنەری بوو گروپێك بوون کە چەندین زنجیرەی گرنگیان دروست کرد، بەرهەمێکی هەیە بەناو کافشۆ، لەو بەرهەمەدا میرزادە کارێکی سەیر دەکات، شاکارێکی میرزادەیە، لە بەشێك لەو فیلمەدا پەرویز سەییاد دانسی بالێ دەکات، بە مۆسیقای دەریاچەی قوی چایکۆفسکی، بە شێوەیەکی هونەرمەندانە و داهێنانە، بە ڤیالۆنەکەی کەم کەم دەبێتە مۆسیقای باباکەرەم، ئەمە کارێکی هونەرمەندانەیە کە هێشتاش بە یەکێك لە کارە گرنگەکانی میرزادە دەناسرێت،


میرزادە خاوەن ئاستێك لە توانا و داهێنان بوو کە ئەگەر بارودۆخی فیکری و بارودۆخی دەوربەری گونجاو ببوایات و ئەو هەلەی بۆ برەخسایات، دەبووە یەکێك لە سۆلیستە هەرەباشەکانی باشترین ئۆرکێسترا گەورەکانی جیهان.

**• ئایا کاریگەری میرزادە لەسەر مۆسیقای ئێستامان دەتوانین ببینین؟**

ئێستا مۆسیقا لە هەموو شوێنێکدا، کوردستانی ئێران یان ناوچەو جیهان بە هۆی گەشەی رۆژانەی میدیا و راگەیاندنەوە، بەداخەوە، هونەر بە گشتیی بە تایبەت مۆسیقا ئاستی دابەزیوە، من کەسێك شك نابەم درێژەپێدەری رێگای میرزادە بێت، بەڵام کەسانێك هەن وەکو گروپی کامکارەکان کە بە راستی بە توانا و ماندووبوونی خۆیان بە باشی ئیش دەکەن و خزمەتی زۆریان بە کۆمەڵگای هونەری کردووە، بەڵام بەداخەوە بە شێوەی گشتیی بە هۆی کاریگەری سەتەلایت و راگەیاندنەوە ناتوانین بڵێین مۆسیقا بە تایبەت مۆسیقای کوردی لە گەشەدایە، دەتوانین ئامار بگرین، لە زیاتر لە ٢٠ کەناڵی سەتەلایتی کوردیدا چەندە مۆسیقای باش و رێکوپێك بڵاودەبێتەوە؟ بەداخەوە ئاست کارەکان دابەزیوە، ئەمە لە مۆسیقای فارسی و تورکی و تەنانەت رۆژئاواییشدا دەیبینن، وەکو خواردنی ئامادەی لێهاتووە، کە زوو مرۆڤ تێردەکات، بەڵام بێسوودە، تەنانەت زیانبەخشیشە، تەنانەت زۆربەی کارەکانیش کوردی نین، تەنها وشەکان کوردییە، ئاواز و مۆسیقا کوردی نییە و هیچ مۆرکێکی فەرهەنگی و نەتەوایەتییان پێوە دیار نییە. بۆ نمونە بەرهەمەکانی مامۆستا خالقی چ ئەوانەی مامۆستا میرزادە کردوویەتی یان مامۆستا حەسەن یوسفزەمانی ئامادەی کردووە، ئێستا نمونەیان زۆر کەمەو ئەم جۆرە بەرهەمانە لەم ئاستەدا بەداخەوە ئیتر نابیستین.

**• میرزادە لە کام بواردا سەرکەوتووتر بووە؟**

بەڕای من میرزادە لە هەموو ئەو بوارانەدا ئیشی کردووە جێ پەنجەی دیارەو بەرهەمەکانی داهێنانی پێوە دیارە، بە شێوەیەکی گشتیی لە هەموو بوارەکاندا داهێنەر بووە، بەڕای من دەیتوانی لە بوارێکی دیکەشدا سەرکەوتووتر بێت، چونکە تواناکانی لەوە زیاتر بووە کە بۆ نمونە کار بۆ کەسانێك وەکو هایدە و مەهەستی بکات، ئەڵبەت هونەرمەند لە هەر بوارێکدا کە کار بکات دەبێت داهێنان و توانای ببێت، بێ ئەوەی چاو لەوە بکەین کە بوارەکە کامە بووە، ئەو توانا گرنگە، بەڵام من دەڵێم ئەگەر میرزادە جۆرێکی دیکە بیری بکردایاتەوە، دەیتوانی سەرکەوتووتریش بێت، میرزادە تواناکانی زیاتر لە بەرهەمەکانی بوو، وەکو پاڵەوانێك کە توانای بەرزکردنەوەی ٣٠٠ کیلۆگرامی ببێت بەڵام ٥٠ کیلۆ بەرز بکاتەوە، ئەم باسە گرنگە و دەبێت رۆژێك باسی بکرێت. دەبێت فێربین و ئەمەش فێری خوێنەرمان بکەین کە بە چاو و روانینی رەخنەئامێزەوە باس لە کەسایەتییەکانمان و مێژوومان بکەین.



**پڕۆفایل:**
سدیق تەعریف لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سنە لەدایك بووە، ساڵی ١٩٧٥ لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران وەرگیراو ساڵی ١٩٨٠ بڕوانامەی لە هونەرە شانۆییەکاندا وەرگرت.

---

# عەزیز شاڕۆخ: میرزادە بەرهەمی رەسەنی خوڵقاندووە

**پڕۆفایل:**
عەزیز شاڕۆخ لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، لە بنەماڵەیدا باوکی و برا گەورەکەی دەنگیان خۆش بووە، بە بیستنی دەنگی سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی و کاوەیس ئاغا خولیای گۆرانی وتنی لا دروست بووە، ساڵی ١٩٥٧ بۆ یەکەم جار گۆرانیی عەزیز شاڕۆخ لە رادیۆ مەهاباد بیسترا، خاوەن شێوە و قوتابخانەی تایبەتیی خۆیەتی، لە ئێران و هەموو کوردستان ناسراوە و بەرهەمەکانی بە باشی پێشوازی لێدەکرێت، چەندین بەرهەم لە بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە لە لایەن گۆرانیبێژانی کورد و فارسەوە وتراونەتەوە.

**❊ ئایا لەگەڵ میرزادە بەرهەمی هاوبەشتان بووە؟**

ـ لە دوو بەرهەمی «از دست عشق» و «رووناك»دا میرزادە ژەنیاری ڤیالۆن بوو بۆم، کە ناوی میرزادەت هێنا، بەڕاستی کەسێکی زۆر بەتوانا و لێهاتوو دێتەوە بیرم کە لە کوردیدا دوو سێ کەسمان هەیە لەو ئاستەدا، وەکوو دڵشاد سەعید و ئەنوەر قەرەداغی، بەڵام میرزادە کە کارم لەگەڵ کردووە، سۆلۆکانی بەڕاستی زۆر سەرنجڕاکێشە و بێوێنە بوو.

**❊ میرزادەت چۆن ناسیوە؟**

ـ بەداخەوە زۆر لێی دوور بووم و نزیکیمان کەم بوو، بەڵام میرزادە کەسێکی بەتوانا بوو کە دەست و پەنجەیەکی ئێرانی بوو، بەگشتیش بەرهەمی رەسەنی خوڵقاندووە، چ لە بەرهەمە کوردییەکاندا چ لە بەرهەمە فارسییەکاندا.

**❊ ئایا میرزادە لە ئاستی بەرهەمەکانیدا، ناسراوە؟**

ـ کاریگەریی زۆریشی لەسەر گۆرانیبێژەکانی دەوروبەری بووە، مۆسیقاکەشی زۆر بەهێز بوو، بەڕای من میرزادە باش ناسراوە، میرزادە زۆرتر بە هەست و توانای خۆی پێگەیشتووە، زۆربەشمان وەکوو هونەرمەندی کورد وابووین، وا بیریش دەکەمەوە کەلە هونەردا هەست و توانای رۆحی زۆر گرنگترە، یادی میرزادە و یادکردنەوەی ئەرکی هەموومانە و دەبێت بە شێوەی جیاواز و تا ئەو جێگایەی پێمان دەکرێت هەوڵی بۆ بدەین، کەسی وا زۆر کەم هەڵدەکەوێت و بەرز راگرتنی ناویان و درێژەدان بە رێگایان ئەرکی سەرشانی هەر مرۆڤێکی هونەردۆستە، هیوادارم ئەم هەنگاوەی ئێوە بە باشی بڕواتە پێش و سوپاستان دەکەم کە یادی میرزادە دەکەنەوە.



# کەیوان ساکت:
# میرزادە خولقێنەری شێوەیەکی نوێ بوو

*** بە گشتیی رات لەسەر موجتەبا میرزادە چییە؟**

– هونەرمەندی بەڕێز موجتەبا میرزادە، یەکێك لە کەسایەتییە ناوازەکانی مۆسیقای ئێرانی بوو، هونەر و تواناکەی لە ژەندنی ڤیالۆن و کەمانچەدا لە ئاستێکدا بوو کە هەموو کەس سەری کڕنۆشی بۆ دادەنواند، لە هەمان کاتدا شارەزایی لەسەر چەندین ئامێری دیکەی مۆسیقا بوو لەوانە دەف، سێتار و ... ، نمونەی ئیشەکانی لێی بە یادگار ماوەتەوە، چەندین خوێندکاری باشیشی پێگەیاندبوو کە نمونەی بەرجەستەیان سوهەیلی ئەیوانی بوو، کە بەداخەوە لە گەنجێتیدا کۆچی دوایی کرد، میرزادە جگەلە مۆسیقای ئێرانی لە مۆسیقای رۆژئاواییدا بە باشی شارەزا بوو و هارمۆنی و کۆنسچوالی بە باشی دەناسی، بە توانا بەهێزەکەیەوە بەکاری دەهێنا، بەو شێوەش کە دەیگێڕنەوە لە هەر شوێنێك دەیتوانی ئاوازێکی تازە دانێت و بەڕاستی ناوازە بووە لە مۆسیقادا، کە بەداخەوە کۆمەڵگا درەنگ ناسی و خۆیشی قەدری خۆی نەزانی.

*** بەڕای جەنابت میرزادە لەم کام بواردا سەرکەوتووتر بوو؟**



هەروەها کە دەزانین مامۆستا میرزادە لە چەندین بواری جیاوازدا ئیشی کردووە، مۆسیقای فیلم، مۆسیقای سوننەتی، پاپ و مۆسیقای کوردی، لە هەموو ئەم بوارانەدا سەرکەوتوو بووە، لە هەر بوارێکدا کە ئیشی کردووە بەڕاستی سەرکەوتوو بووە و بەرهەمەکانی جوان و نەمرییان داناوە، دەتوانم بڵێم میرزادە ناوازەیەك بوو کە زوو لەدەستمان چوو.

*** ئایا میرزادە خاوەن شێوەی تایبەت بە خۆی بوو لە ژەندنی ڤیالۆندا؟**

– هەروەها کە ئاگادارین بۆ ژەنینی ڤیالۆن چەندین شێوە ژەندن هەیە، یەکێکیان پەرویزی یاحەقی بوو، ئەسەدوڵڵا مەلیك بوو، یەکێك شێوەی مامۆستا سەبا بوو، بەو پێیە کە زۆر کەس مامۆستا میرزادە بە درێژەدەری رێگای یاحەقی دەزانـن و لە سەردەمی خۆیدا زۆر کاریگەر بوو، بەڵام میرزادە بەپێی توانای خۆی و ئەو هزر و توانایەی کە بووی، توانی شیوەیەکی تایبەت دانێت کە هەموو شێوە کۆن و نوێکانی پێش خۆی تێدایە و لە هەمان کاتدا لەگەڵ هونەریی خۆی تێکەڵی کردبوو و شتێکی تازەی خولڨاندبوو.

*** ئایا میرزادە لە ئاست توانا و بەرهەمەکانیدا، ناسراوە؟**

– بەداخەوە میرزادە بە رادەی هونەرەکەی نەناسراوە، کە گرنگترین هۆکاری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی میرزادە گرنگیی بە ناساندنی خۆی نەدەدا، لە کاتێکدا کە کارەکانی زۆر بێ هاوتا بوون و لەوانەیە خەڵك، بەرهەمەکانی بناسن بێ ئەوەی بزانن ئەمانە بەرهەمی کێن.

**پڕۆفایل:**

کەیوان ساکت، لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری مەشهەد لەدایك بووە، هەر لە منداڵییەوە بە هاوکاریی دایك و باوکی فێری مۆسیقا و وێنەکێشان دەبێت، دواتر و لە شاری مەشهەد لای موزیسیەنی ئێرانی حەمید موتەبەسم فێری مۆسیقا دەبێت و دواتر دێتە تاران، لە تاران هەوڵەکانی بۆ فێربوونی ئامێری تار دەخاتە گەڕ و ئێستا بە یەکێك لە بەناوبانگترین مامۆستایانی تار لە ئێران دەناسرێت و چەندین بەرهەمی مۆسیقایی و کتێبی بڵاو بووەتەوە و لە زۆربەی شارەکانی ئێران و وڵاتانی جیهانیدا کۆنسێرتی بەڕێوە بردووە.

# ئەردەشیر کامکار: کاتێکی زۆری دەوێت
# تا میرزادەیەکی تر دروست ببێتەوە

*** بەڕای جەنابت گرنگترین بەرهەمەکانی میرزادە کامانەن؟**

– گرنگترین بەرهەمەکانی موجتەبا میرزادە لە بواری مۆسیقای کوردیدا بە ئەنجامی گەیاند ئەو بەرهەمانە بوون کە بۆ مامۆستایان حەسەن زیرەك و مەزهەری خالقی بەرهەمی هێنا، لەو سەردەمەدا کە لە رادیۆ کرماشان ئیشی دەکـرد، میرزادە خاوەن هێزێکی باش بوو و لە بواری ژەندنی ئامێر و ئاوازدانان و دابەشکردندا بەتوانا و بێوێنە بوو.

*** بەڕای ئێوە میرزادە خاوەن شێوە بووە؟ واتە شێوەیەکی تایبەتی داناوە کە پێش خۆی نەبووبێت؟**

– ئەوەی کە بڵێین میرزادە داهێنەری شیوەیەکی نوێ بووبێت وا نەبووە، بەڵام بەرهەمەکانی زۆر بەهێز بوون و لە بیرەوەری و یادی خەڵکدا ماونەتەوە.

ئەڵبەت دەبێت ئەوەش بڵێم کە بەڕای من میرزادە لە ژەندنی ئامێری مۆسیقادا، زۆر سەرکەوتوو بووە، لە بواری دابەشکردندا بەتایبەت مۆسیقای کوردی و فارسی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڕای من کاتێکی زۆری دەوێت کەسێکی دیکە وەکوو میرزادە دروست ببێتەوە.

*** لەگەڵ ئەو رایەدا هەیت کە میرزادە درێژەپێدەری رێگای کەسێک وەکوو پەرویزی یاحەقی بێت؟**

– لەوانەیە میرزادە خۆی بە درێژەدەری رێگای یاحەقی بزانێت، بـەڵام راستییەکەی ئەوەیە جیاوازیی زۆریان بوو و میرزادە لە کاری هونەری



خۆیدا بەردەوام داهێنەر بوو، میرزادە زۆرتر لە هەر کەسێکی دیکە، بیری لە ویست و حەزەکانی خەڵك دەکردەوە، واتە دەتوانین بڵێین میرزادە شیرین نەواز بوو، بەو واتایە کە ژەندنێکی شیرینی بوو کە لەسەر دڵی خەڵك و جەماوەر دەنیشت، بۆیە موجتەبا هیچکات بەرهەمی لە مایەی تەکنەوازی نەبووە یان مۆسیقای دوونەوازی یان سێنەوازی، میرزادە ئەمە لەتوانایدا بووە، بەڵام بڕوای پێ نەبووە، بیرکردنەوەی جیاواز بوو، لەرووی تەکنیکەوە زۆر بەهێز بوو و لە زۆربەی ڤیالۆنیستەکانی دیکە بەهێزتر بوو، بەڵام بە جۆرێکی جیاواز بیری دەکردەوە.

*** ئایا پێتوایە میرزادە دەیتوانی لە بواری مۆسیقای کلاسیکدا ئیش بکات؟**

– هەر کەسێك بەتایبەت هەر هونەرمەندێك بیرکردنەوە و روانگەی تایبەتی خۆی هەیە لە بواری کاریدا، لەوانەیە میرزادە ئیشی کلاسیکی مۆسیقای بکردبا، لەوانەیە سەرکەوتوو نەبوایە، چونکە بـڕوای پێ نـەبـووە، بۆ نموونە ژۆرژ مانسیسیان کە مامۆستای میرزادە بووە و بە یەکێك لە گەورەترین مامۆستایانی ڤیالۆن لە ئێراندا دەناسرێت، بە میرزادەی دەوت تۆ لە جیاتی ئەوەی موتزارت بژەنی وەرە ئاهەنگێکی عەرەبی لێبدە با چێژی لێوەرگرین، لەم بوارەدا توانا بوو، بەهێز بوو، کەسێك بیەوێت لەم بوارەدا ئیش بکات دەبێت بەهێز بێت، میرزادە گرنگی لەوەدا بوو زاڵ بوو بەسەر ئیشەکەیدا و هێز و توانای لە بەرهەمەکانیدا دیار و بەرچاو بوو.

*** بەڕای ئێوە کاریگەریی میرزادە لەسەر ئەو هونەرمەندانەی ئیشی لەگەڵ کردوون یان کاریگەریی ئەوان لەسەر میرزادە چۆن بووە؟**

– کاریگەریی ئەم کەسانە لەسەر یەك زۆر بوو، بۆ نموونە پێش ئەوەی میرزادە و خالقی پێکەوە کار بکەن، مامۆستا خالقی لە ئۆرکێسترای گوڵها لە تاران ئیشی دەکرد، لە رادیۆی ئێران بەرهەمی باشی بوو، دوای ئەمە لەگەڵ میرزادە کاری کرد، یان حەسەن زیرەك پێش میرزادە بەرهەمی زۆری بوو، بەڵام کاریگەرییان دوولایەنە بوو، بەرهەمێك کە پێشوازی لێدەکرێت و لە دڵی خەڵکدا دەمێنێتەوە، بەرهەمی کۆمەڵە کەسێکە، دەبێت بزانین کۆمەڵێك لە مرۆڤەکان و تواناکان بەرهەمێکی سەرکەوتوو ئامادە دەکەن و هەموویان لە بەرهەمهاتنی ئەو کارەدا، هاوبەشن.

لە کۆتاییشدا پێویستە بڵێم، بەڕاستی بۆ یادی مامۆستا میرزادە وەکوو هونەرمەندێکی گەورە زۆر پێویستە ئیشی باش بکرێت و یادی زیندوو بهێڵینەوە، هیوادارم لە داهاتوودا بتوانرێت بەرهەمە گرنگەکانی زیندوو بکرێتەوە، هەروەها کەسانێکیش پەیدا بن کە بتوانن درێژە بە رێگاکەی ئەو بدەن.

**پڕۆفایل:**

ئەردەشیر کامکار، ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سنە لەدایك بووە، ژەنیاری ڤیالۆن و کەمانچەیە، بە یەکێك لە بەتواناترین ژەنیارانی ڤیالۆن و کەمانچە دەناسرێت، لە ساڵی ١٩٨١ەوە دانیشتووی تـارانـە و لـەگـەڵ گرووپە بەناوبانگەکانی عارف و شەیدا کاری کردووە و ئێستاش ئەندامی گرووپی کامکارەکانە، ئەردەشیر کامکار لە ژەندنی ئامێرەکانی مۆسیقادا بە خاوەن شێوەی تایبەت دەناسرێت و توانیویەتی بە داهێنانی بەردەوام بەرهەمی نوێ بخولڨێنێت و ئێستاش بە پلە یەکی ژەندنی کەمانچە لە ئێران دەناسرێت.

# محەمەد بەهرامی کەمانگەر: ئەگەر میرزادە، فەرهاد بوایە، مۆسیقا دەبوو بە شیرین-ی

لەم کورتە وتارەدا، دەمەوێت یادێك لە هونەرمەندی موزسیەن و ژەنیاری ناوداری کرماشان موجتەبا میرزادە بکەم، بەڵام سەرەتا بەر لەوەی بچمە ناو باسەکەوە وتنی ئەوەی کە ناسیاوی من و موجتەبا چۆن بوو، چ خزمەتێکی بە گۆرانی کوردی کرد، پێویستی بە باسێکی‌تر هەیە کە بەم چەشنەیە:

١-ساڵی ١٩٦١ هەوەسێکی سەیر سەری تێکردم کە فێری لێدانی ئامێری ڤیالۆن ببم، رۆژێك کە سەوداسەری ئەو هەوەسە بووم لە شەقامی سپەی کرماشاندا پیاسەم دەکرد، کوتوپڕ لە دووکانێکدا کە هی لاوێکی جولەکە بوو بە ناوی میهران، بینیم ڤیالۆنێکی لە ویترینەکەیدا داناوە، چوومە ژوورەوەو داوام لێکرد ئەگەر بۆ فرۆش دایناوە، من بیکڕم.

وتی ئەمە هی ئیتالیایە و بە حەفتا تمەن دەیفرۆشم، ڤیالۆنەکەی هێنا، زۆر جوان هاتە پێش چاوم، وتم حەفتا زۆرە، دەکاتە دە دۆلار، کەمتر داینێ بۆم، وتی ناتوانم دایشکێنم، ڤیالۆنی چاکە، دەست بەجێ پارەکەم پێدا و بووم بە خاوەنی ڤیالۆنەکە.

ئەو ساڵە و تا چەند ساڵ پاش ئەوەش فێرگە و هیچ چەشنە پۆلێك بۆ فێربوونی مۆسیقا لە کرماشاندا نەبوو، تەنها مامۆستایەکی خانەنشین کراوی مۆسیقا هۆدەیەکی لە ماڵێکدا لە شەقامی پەهلەوی ئەوکاتە، لە بەرانبەر کۆڵانی سەبت بە کرێ گرتبوو و تیۆریی مۆسیقای دەرس دەدا، من چوومە ئەوێ و ناوم نووسی کە بڕیاردرا حەفتەیەك سێ رۆژ و هەرجارە سەعاتێك بڕۆم بۆ فێربوونی مۆسیقا.

پاش خوێندنی تیوری و فێربوونی سولفژ و دوایی هاتنی دەرسی نۆتە، مەشقی ڤیالۆن دەستی پێکرد.

لە یەکێك لەو رۆژانـەدا موجتەبای میرزادەش هاتبوو کە ئێمە تازە دەستمان بە مەشق کردبوو، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە من پێشتر لە خوێندنگای دواناوەندیی کەزازی کرماشان، لە پۆلی دواناوەندیدا بووم ساڵێك یان دوو ساڵ پێشتر لەوە کە دیپلۆم وەرگرم، موجتەبا کە ٤ ساڵ لە من چکۆلەتر بوو چاوم پێکەوتبوو، من لەگەڵ سەید کەمالی کوڕە مامی پێکەوە دەمانخوێند و جگەلەوەش دوو کەس لە مامەکانی کە کۆتاڵفرۆش بوون، هەمیشە باشترین فاستۆن لەلای ئەوان دەست دەکەوت، ناسیاوم بوون.

بەهەرحاڵ ئەو بنەماڵە لە شاری کرماشاندا خاوەن رێز و حورمەت بوون.

موجتەبا ئەو رۆژە لە پاش تەواوبوونی دەرسی مامۆستا، ڤیالۆنەکەی منی بەدەستەوە گرت و وتی ئەمە حەیفە بۆ مەشق پێکردن، ڤیالۆنێکی زۆر باشە و مارکەی کریمۆنای ئیتالی پێوەیە.

پاشان ئارشەکەی لێوەرگرتم و چوارمیزرابێکی بە شێوەی پەرویز یاحەقی لێدا کە هەموومانی لەگەڵ ئەو ئاوازە خۆشەدا نوقمی خەیاڵات کرد، مامۆستاش راوەستابوو، کە ئاوازەکە کۆتایی پێهات، وتی ئافەرین، کەوایە تۆ لێرە چی ئەکەیت، ئاخر تۆ لەلای من ئەتەوێ چی فێرببی کە نایزانی؟

وتی من بە شێوەی پەنجەیی، واتە لە رێگای بیستن و گوێگرتنەوە فێری ڤیالۆن لێدان ببووم، تەنها مەبەستم زانین و فێربوونی نۆتە بوو کە ئێستا لەوەشدا شـــارەزام، بـەڵام پێم خۆشە



محەمەد کەمانگەر

بەیناوبەین سەردانی ئێرە بکەم، تەنها شوێنێك کە مۆسیقای لێیە و هۆگری مۆسیقای تێدایە، ئێرەیە، من کە دێمە ئێرە دڵم دەکرێتەوە و پێی خۆشحاڵ دەبم.

مامۆستا وتی هەر کاتێك پێت خۆشە سەردانمان بکە و بەم کوڕە گەنجانە کە هەموویان عاشقی مۆسیقان، دەرس بڵێ، تۆ زۆر لێهاتووی ئەگەر لە وڵاتێکی ئەورووپی بای ئێستا پەروەردە دەکرای تا رۆژێ کە ببیتە مامۆستا و داهێنەرێکی پایەبەرز لە بواری مۆسیقادا.

موجتەبا وتی من مۆسیقام هەڵنەبژاردووە، ئەو منی هەڵبژارد، لە دەروون و ناخمدا گڕکانێکی پێکهێناوە کە ئارام و قەرارم نییە، ناتوانم بە بێ موزیك بژیم، من هی بنەماڵەیەکم کە سەیدن و لەوانەیە مۆسیقا بە حەرام بزانن و کەسیان تەنانەت بیریان بۆ لای نەچووە و بەلایانەوە زۆریش ناپەسەندە.

من ژینم، ئەوین و عەشقم هەمووی بۆتە موزیك و تا ماوم دەست بەرداری نابم. مامۆستا زۆر هانیدا و بە دڵنیاییەوە پێی وت رۆڵە گیان داهاتوویەکی باشت بۆ دەبینم.

٢ - موجتەبا ئەیویست بڕوات کە من پێم وت ناتەوێت لەگەڵ رادیۆ کرماشان هاوکاری بکەی؟ لە وەڵامدا وتی من لاوێکی ١٥ ساڵ تەمەنم و ئەوان وەرم ناگرن، وتم وەرە پێکەوە بچین بۆ ئیدارەی رادیۆ، بێگومان کەسانێك کەلە ئۆرکێسترادا کار دەکەن، ئەگەر لە توانایی تۆ ئاگادار بن داوات لێدەکەن کە ببی بە هاوکاریان.

موجتەبا رازی بوو، پێکەوە رۆیشتینە ئیدارەی رادیۆ و لە پاش هەندێ باو و چەند تاقیکردنەوە لەلایەن خوالێخۆشبوو حەمەی عەبد و سەمەدی سەرپەرستی ئۆرکستراوە موجتەبا هاوکاریی خۆی دەست پێکرد.

٣ - ساڵی ١٩٦٢ حەسەن زیرەکی رەحمەتی وەکوو گۆرانیبێژ لە رادیۆ کرماشاندا دەستی بەکار کرد، زۆری نەخایاند کە دۆستایەتییەکی زۆر قووڵ و بێخەوش لە نێوان زیرەك و میرزادەدا بەدیهات.

موجتەبا شەو و رۆژ لەگەڵ کاك حەسەن بوو، زۆر بە وردی گوێ بیستی گۆرانییەکان دەبوو و بە عەشقێکی تەواو ئارشەی بەسەر ڤیالۆنەکەیدا دەهێنا و لەوەی کە چۆتە ناو دنیای پڕ راز و رەمـزی گۆرانیی کوردییەوە کەیفخۆش و شادمان بوو. تا وایلێهات کە راشکاوانە پەرەی گۆرانی کوردیی دەداو دەیوت حەسەن زیرەك ئەو هونەرەی پێ ناساندووە، هەر بۆیە چەندجار ئاماژەی بەو مەبەستە کردووە کە شێوەی لێدانی ڤیالۆن واتە پەنجەی گۆڕدرا و مۆسیقای ئەو بۆ هەمیشە بوو بە مۆسیقای کوردی.

ساڵی ١٩٦٤ بۆ یەکەمجار موجتەبا بۆ گۆرانیی هەورامی ئاوازی دانا و گۆرانیی هەورامی لەگەڵ مۆسیقادا تۆمار کرد.

شەفێع کێمنەیی سێ بەستە لە گۆرانییە هەورامییەکانی بە هاوکاریی موزیك پێشکەش بە گوێگران کرد.

ساڵی ١٩٦٣ خوالێخۆشبوو خەلیل سدیقی لە مەهابادەوە هاتە کرماشان و گۆرانی «فاتیمە دوو چاوی مەستت» لە شیعری مامۆستا ئەحمەد هەردی تۆمار کرد کە موجتەبا ئاوازەکەی بۆ دابـەش کرد و زۆر هونەرمەندانە بە ڤیالۆن هاوکاریی کرد.

خەلیلی رەحمەتی لەو کارە زۆر رازی و دڵخۆش بوو هەر بۆیە بڕیاریدا کە بەینابەین سەردانمان بکات، بەداخەوە ئیتر بۆی نەلواو لە هونەر و دەنگە خۆشەکەی بێبەهرە بووین.

٤ - لام وایە ساڵی ١٩٦٥ بوو کە ئێوارە رۆژێکی بەهار موجتەبا هات بۆلام لە ژوورەکەی خۆم لە رادیۆ کوردیی کرماشان و بە شادییەکی زۆرەوە چەند وێنەیەکی پێ نیشاندام کە پێکەوە لەگەڵ کیژۆڵەیەکی کرماشانیدا عاشقانە دەستیان لە مل یەکتر کردبوو.

من ئەو کچەم دەناسی، وتم ئەم وێنانە چین؟ لە وەڵامدا وتی دەزگیرانمە! وتم پیرۆز بێت، ئەی ئەو عەشق و سەوداسەرییە کە بە مۆسیقا هەتە چی بەسەر دێت، خۆ هەر ماوتە؟ موجتەبا زۆر بە راشکاوی وتی مۆسیقا شتێکی دیکەیە، من بۆ مۆسیقا دەژیم ئەگەر رۆژێك لێم جوێ بکەنەوە، گومانت نەبێت کە دەمرم.

لەم قسەو باسەدا بووین کە حەسەن زیرەك لێمان وەژوور کەوت و وتی موجتەبا ئۆرکیسترا چاوەڕێتە، هەموو لە ستۆدیۆن وەرە با بڕۆین گۆرانی «کراس رەشێ» تۆمار بکەین، پێشتر وتبووم ئەم گۆرانییەم بۆ میدیای خێزانم وتووە.

تا حەسەن زیرەك لە کرماشان بوو، موجتەباش ئەو شارەی بەجێ نەهێشت و پاش رۆیشتنی زیرەك، ئەویش چووە تاران و لەوێدا بە هونەرەکەی درێژەی دا.

**پرۆفایل:**

محەمەد بەهرامی کەمانگەر ناسراو بە هۆمایون کەمانگەر چەندین ساڵ بێژەرو بەرپرسی رادیۆ کوردی بووە لە کرماشان، لە سەردەمێکدا کە هونەرمەندانێك وەکوو موجتەبا میرزادە، حەسەن زیرەك و مەزهەر خالقی، بەناوبانگترین بەرهەمەکانی خۆیان لەو رادیۆدا تۆمار کرد. کەمانگەر کە ئێستا دانیشتووی تارانە، لەگەڵ میرزادە دۆستایەتییەکی نزیکی هەبووەو لەم وتارەدا باس لەم هونەرمەندە دەکات.



# ئەرسەڵان کامکار: بەرهەمەکانی میرزادە، کوردی و کوردانەن

*** لە کام بوار لەو بوارە جیاوازانەدا کە کاری کردووە، موجتەبای میرزادە بە سەرکەوتووتر دەزانیت؟**

- ئەگەر بمانەوێت بەرهەمەکانی موجتەبا میرزادە پۆلێن بکەین، زۆرترین کاریگەری لە بواری مۆسیقای کوردیدا داناوە، بۆ نموونە هونەرمەندێکی وەکوو مامۆستا مەزهەر خالقی کە هونەرمەندێکی زۆر بەتوانا و جێگای بایەخە، بەڕای من دوو کەس لەسەری زۆر کاریگەر بوون، یەکێکیان موجتەبا میرزادە و ئەوی تریشیان حەسەن یووسف زەمانی، تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم، ئەم دوانە هاوکارێکی باشی مامۆستا خالقی بوون، یان مامۆستا حەسەن زیرەك کەلە سەدا٨٠ی بەرهەمە سەرکەوتووەکانی حەسەن زیرەك لەگەڵ موجتەبا بوو. بەڵام لە مۆسیقای فارسیدا جیاوازیی لەگەڵ مۆسیقای کوردیدا بوو، بەگشتی موجتەبا زۆر بەتوانا و داهێنەر بوو، لە زۆربەی ئامێرەکانیشدا شارەزا بوو، وەکەو ڤیالۆن، سێتار، کۆنتێرباس و ...، زۆربەی بەرهەمەکانی باش بوون، بەڵام بەرهەمەکانی لە مۆسیقای کوردیدا بایەخدارتر بوون.

*** هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- بەڕای من، ئاخێزگەی هونەرمەند و چاوەڕانیی کۆمەڵگا کاریگەر بوون لەسەر سەرکەوتووتر بوونی بەرهەمە کوردییەکانی موجتەبا، جیاوازییەکەش ڕێژەیی بوو، لەوانەشە داواکاریی کۆمەڵگا کاریگەر بووبێت.

*** میرزادە درێژەپێدەری ڕێگای یاحەقی بوو یان خاوەن شێوەی تایبەت بە خۆی؟**

- بەڕای من شێوەی کارکردنی یاحەقی و میرزادە زۆر جیاوازە، میرزادە بۆ خۆی خاوەن شێوە بووە، دەتوانین بڵێین میرزادە شیرین‌نەواز بوو، واتە شێوەیەك لە لێدانی ئامێریدا بوو کە زۆرتر خەڵك پێیان خۆش بێت و لەسەر دڵان دەنیشێت و لە خواستی خەڵك نزیك بووە.

*** موجتەبای میرزادە لە ژەندنی ئامێردا سەرکەوتووتر بوو یان لە دابەشکردندا؟**

- بەڕای من دابەشکردنی مۆسیقای میرزادە زۆر سەرکەوتوو بووە، بۆ نموونە بەرهەمەکانی مامۆستا خالقی و مامۆستا حەسەن زیرەك، مەبەستم لە هەڵبژاردن دانانی پێشەکیشە، کە من خۆم موجتەبا زیاتر بەمەوە دەناسم، بۆ نموونە ئەگەر ئاوازەکانی موجتەبا لە من پرسیار بکەیت، لەوانەیە شتێکم لەبیر نەبێت، بەڵام بۆ دابەشکردن وانییە.

* چەندە فەرهەنگ و ئاخێزگەی کوردیی میرزادە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە؟

بەرهەمەکانی میرزادە بەڕاستی کوردین و کوردانەیە، لە منداڵیشەوە لە گوێمدا بووە و گوێم لێگرتووە، بەو جۆرەش کە من میرزادەم بینیوە و ناسیومە، زۆر بیری لەوە نەدەکردەوە کە ناوی بێنن و بناسرێت، تەنانەت زۆربەی کارەکانی لەلایەن کەسانێکەوە دزراوە و بەناو خۆیانەوە بڵاو بووەتەوە، ناوی کەسەکان نابەم، بەڵام لە مۆسیقای کوردیشدا کەسانی وامان هەیە کە بەرهەم و دابەشکردنی میرزادەیان دزیوە، کە میرزادەش خۆی گرنگیی بەم بابەتە نەداوە.



**پڕۆفایل:**
ئەرسەلان کامکار، ساڵی١٩٦٠ لە شاری سنە لەدایك بووە، کەسێکی دیاری ناو بنەماڵەی کامکارەکانە و سەرەتا لای مامۆستا حەسەن کامکار فێری مۆسیقا بوو و دواتر لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران درێژەی بە خوێندن دا، بە یەکێك لە بەناوبانگترین مامۆستایانی ڤیالۆن لە ئێران دەناسرێت و مایستری ئۆرکێستر سەمفۆنیکی تارانە، ئەندامی گرووپی کامکارەکانە.

# ئەکبەر گوڵپایەگانی: تایبەتمەندیی کوردستان یەکێک وەکوو میرزادەی لێ پەیدا دەبێت

*** یەکەم جار چۆن و لەکوێ میرزادەت ناسی؟**

– من لە سەردەمی کرماشانیەوە زیاتر لە٥٠ ساڵ پێش ئێستا، موجتەبام ناسی، کەسێکی زۆر لە دڵ نزیك و خۆشەویست بوو، وەکوو هەموو خەڵکی ئەو ناوچە، زۆر میهرەبان بوو، شێوەی ژەندنیشی تایبەت بوو بە خۆی، ئەگەر گوێ لە کارەکانی بگریت بە جوانی هەست بەم تایبەت بوونە دەکەیت، ئێمە بەیەکەوە سەفەر و کۆنسێرت و هاوکاریی زۆرمان بوو، کەمترین هاوشێوەیی لەگەڵ کەسانێك وەکوو یاحەقی، مەلك، بەدیعی، خوڕەم و هونەرمەندانی دیکە نەبوو، شێوەی ژەندنی تایبەت بوو بە خۆی.

*** تایبەتمەندیی میرزادە لە ئیشدا چی بوو؟**

– مێشکی میرزادە پڕ بوو لە مێلۆدی و ئاواز، جارێك پێموت ئەگەر دوو چڵە دارت بەنێ چی لێدەکەی؟ وتی دەنـگ و ئاوازێکی خۆشی لێدەردێنم، هەمیشەش بیری لە کاری باش دەکردەوە، لەڕووی پەیوەندییەکانیشیەوە وا بوو، بیری لە شتی خراپ نەدەکردەوە، مرۆڤەکانی خۆش دەویست.

*** پەیوەندیتان بەردەوام بوو؟**

– ماوەیەکی زۆر نەمبینی تا لە ئەمریکا بینیمەوە، لە ئەمریکا لە ستۆدیۆیەك بووم کە سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانی «من تو را ئ‌سان نیاوردەام بە دست»، بووین، کە ئاغای جەهانبەخش پازۆکی کاری بۆ کردبوو، کە میرزادە هات بۆ لامان؛ وتی چەند مانگێك لێرە دەبم، بەڵام ئێرەم پێ خۆش نییە و دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ئێران، منیش پێم وت منیش وەکوو تۆ بیر دەکەمەوە، شەوی دواتریش بانگهێشتم کرد بۆ کۆنسێرتەکەم، دوای ئەوە نەمبینییەوە، تا دوو - سێ ڕۆژ پێش مردنی، کە من لە ماڵ براکەم بووم – حەسەن گوڵپایەگانی- میرزادەش لەوێ بوو، چەند ساعەتێك قسەمان کرد و سێ ڕۆژ دوای ئەوە هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دواییم بیست.

پێویستە ئاماژە بەمەش بدەم کە جارێکیان لە ستۆدیۆ بێل بینیم خەریك بوو کەمانچەی دەژەند، یەکەمجار بوو کەمانچە ژەندنی میرزادەم دەبینی، بینیم لە کەمانچەژەندندا لە سەرووی زۆربەی کەمانچە ژەنە بەناوبانگەکانی سەردەوەیە، بە ڕاستی لە ژەندنی کەمانچە و ڤیالۆندا کە ئامێری سەرەکیی خۆی بوو، بێوێنە بوو.

*** ڕات لەسەر کۆی ئیشەکانی میرزادە چییە؟**

– من هەموو بەرهەمەکانی میرزادەم بیستووە، زۆر کەس هەن کە ئامێر دەژەنن و کاری مۆسیقا دەکەن، بەڵام ئەو هەستە کە دەبێت هەستی پێبکەیت، بوونی نییە، بەڵام کاری میرزادە هەستێکی تێدا بوو کە بەڕاستی سەرنجڕاکێش بوو، پێم وایە زوڵمی لێکراوە، چونکە میرزادە دەبێت جێگە و پێگەیەکی گەورەی پێبدرێت، هەمیشە وابووە کە کەسانێك مافی هونەرمەندانیان پێشێل کردووە، بەڵام مانگ بۆ هەمیشە لەژێر هەوردا نامێنێتەوە، بەتایبەت گەنجەکانی ئەم سەردەمە دەڕۆن ڕاستییەکان دەدۆزنـەوە، بۆ نموونە لە کۆتایی بەرنامەی ڕادیۆیی «گلها»دا کەسانێك هاتن وتیان دەمانەوێت ئەم بەرنامە کۆکەینەوە و شتێکی دیکەی لە جێگا دانێین، ئێمە پێکەنین و وتمان ئەمە بۆ کۆ دەکەنەوە؟ ئەگەر بڕواتان بە ئیشەکەی خۆتان هەیە با ئەویش ببێت و بە کاری باش جێگای ئەم بگرنەوە، بەڕای من میرزادە زوڵمی لێکراوە، چونکە میرزادە بێوێنە و ناوازە بوو، ئەگەر کەسێك بڕوات لێکۆڵینەوە بکات دەبینێت ئەم هونەرمەندە چەندە بێوێنە بووە. خۆی، خۆی پێگەیاندبوو کە بەڕاستی بە عەشقەوە ئیشی دەکرد، بە خۆشحاڵییەوە خەڵك ئەمانە دەزانـن، بەڵام دەبوایە لە کاتی زیندووبوونیدا ڕێزیان لێبگیردایا و ئاوڕیان لێبدایاتەوە، دەڵێن:

دستەهای گل نهادن بر مزار من چە سود
در زمان بودنم یك شاخە گل دستم بدە

*** کوردبوونی میرزادە لەسەر سەرکەوتوو بوونی کاریگەر بووە؟**

– مۆسیقای کوردی کاریگەریی زۆری لەسەر میرزادە و لەسەر مۆسیقای ئێرانی هەبووە، من کاتێك مۆسیقای کوردی دەبیسم بەڕاستی هەست و دڵم دەبزوێت، مۆسیقای ئەم ناوچە کاریگەریی زۆری لەسەر مۆسیقای ئێران داناوە و بەڕاستی زۆر جێگای سەرەنجە. تایبەتمەندیی مۆسیقایی و فەرهەنگی کوردستان یەکێك وەکوو میرزادەی لێ دروست دەبێت.

**پڕۆفایل:**



ئەکبەر گوڵپایەگانی ناسراو بە (گوڵپا) لە ١٩٣٤/١/٣٠ لە شاری تاران لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند گەورە بووە و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا یەکەم ئاوازی خۆی تۆمار دەکات، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە موزسیەنە بەناوبانگەکانی ئێران کاری کردووە، بە یەکێك لە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی مێژووی مۆسیقای ئێران دەناسرێت، چەندین خەڵاتی گرنگی وەرگرتووە لەوانە: بڕوانامەی فەخریی دکتۆرای فەرهەنگ و هونەر لە ڕێکخراوی یونسکۆ، دکتۆرای فەخریی ئاواز لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکا، میدالیای پیکاسۆ لە ئەنجومەنی فەرەنسا کە لەلایەن جاك شیراکەوە پێی بەخشرا.
گوڵپا ئێستا دانیشتووی شاری تارانە.

# ڕەزا مونەزەمی: میرزادە خاوەن توانای سەرسوڕهێنەر بوو

**ئامادەکردنی: خوالێخۆشبوو ئەنوەر هوژەبری**

*** مامۆستا دەروێش ڕەزا مونەزەمی سوپاس بۆ ئەوەی ئەم کاتەت بۆ دانابن کە وتووێژێکت سەبارەت بە مامۆستا موجتەبا میرزادە لەگەڵتان بکەین. سەرەتا بە کورتی خۆت بە خوێنەرانی کورد بناسێنە.**

- من «دەروێشڕەزا مونەزەمی»م. سالی **1943** لە شاری ئەلەشتەری لوڕستان لەدایك بووم. حەز و خۆشەویستیم بۆ مۆسیقا وایکرد هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە زێدەکەم بەجێ بێڵم و ڕوو بکەمە تاران. زۆر حەزم لە سازی کەمانچە بوو کە سازێکی خۆماڵیی لوڕستانە. لە تاران لای مامۆستا حسێن یاحەقی فێری ئەم ئامێرە بووم و لەپاڵ ئەوەشدا خۆم فێری ڤیالۆن کرد. پێشکەوتنی باشم بوو لە ڤیالۆندا بە چەشنێ کە لەم ساڵانەی دواییدا خوالێخۆشبوو مامۆستا یاحەقی دەیگوت دەنگی سازەکەی خۆم لە ژەندنی کەمانەکەی تۆدا دەبیستم.

ساڵی **1973** چوومە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران و دواتر لەگەڵ محەمەد ڕەزا شەجەریان و «محەمەدڕەزا لوتفی»دا گرووپی شەیدامان دامەزراند. دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران گەڕامەوە بۆ لوڕستان و لەوێ گەشەم بە چالاکییەکانم دا و فێرخوازی زۆر دەهاتنە لام بۆ فێربوونی هونەری مۆسیقا. ساڵی **1988** گەڕامەوە بۆ تاران و بوومە سەرۆکی کۆلیژی مۆسیقا و لە زانکۆی تاران وانەی مۆسیقام دەوتەوە. داتر بڕوانامەی ماستەرم لە بواری توێژینەوەی هونەریدا وەرگرت و وەزارەتی ئیرشادی ئێران دکتۆرای شانازیی پێ بەخشیم.

ئێستا ئەندامی دەستەی هەڵسەنگاندنی کاری هونەرمەندانی ئێرانم و ڕێبازی باقرخانی راموشگەر و حسەین یاحەقی لە ژەندنی ڤیالۆندا درێژە پێدەدەم. هیوادارم بتوانم ئەم هونەرە بگوازمەوە بۆ نەوەی داهاتوو. ئەوەش بڵێم کە چەندین کاری مۆسیقاییم لەگەڵ گۆرانیبێژانی ناوداری وەك عەلیڕەزا قوربانی، سالار عەقیلی و «محەمەد موعتەمدی»دا تۆمار کردووە.

*** کارەکانی مامۆستا میرزادە لەچ ئاستێکی هونەری دان، لەسەر چ شێوازێکی مۆسیقا زیاتر کاری کردووە و کاریگەریی لەسەر مۆسیقای کوردی چۆن بووە؟**

- دەکرێ بڵێم مامۆستا میرزادە کاریگەرترین مامۆستای مۆسیقا بووە بۆ سەر مۆسیقای کوردی لەم سەدەیەدا. میرزادە هەستێکی زۆر قووڵی بوو و ڕەسەنایەتییەکی زۆری مۆسیقای کوردیی تێدا بوو، شێواز و ڕێبازێکی تایبەت و نوێی لە ژەندنی کەماندا بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. ئێستا زمانی سازەکەی ئەو لای مۆسیقاژەنانی ناوچە کوردنشینەکان ئێران و عیراق و تەنانەت تورکیاشدا دیارە و خۆی دەنوێنێت. سوود وەرگرتن لە تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی سازی ڤیالۆن بۆ نموونە فلاژۆلتە، ئێستکاتۆ، ئێسپێکاتۆ، ڤیبراسیونە تایبەتەکان و مۆدیلاسیۆنە خێراکان لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هونەرمەندە گەورەیەن کە داهێنەری شێواز و تەکنیکی تایبەت بە خۆی بوو. شارەزایی میرزادە لە مۆسیقادا بووە هۆی ئەوەی ببێتە یەکێك لە سەربژێران و بلیمەتانی بواری ئاوازدانان و دابەشکردنی مۆسیقا لە ئێراندا و لە بواری مۆسیقای کوردیشدا هەمان شارەزایی هەبوو. میرزادە لەبەر ئەوەی لای مامۆستا هوشەنگ ئوستوار مۆسیقای خوێند لە بواری زانستی هارمۆنی و کۆنتراپواندا توانی بەو شوێنە بگات کە جێ پێی پتەوە و ئێمە ئێستا باسی لەسەر دەکەین. ئەمە توانایییەکی وایدا بە میرزادە کەلە دابەشکردنی مۆسیقادا ناوی دەربکەوێت. ئەوەندەی من ئاگادار و شایەتم و لە کاتی تۆمارکردنی کارەکانیدا ئامادە بووم و بەتایبەت لەکاتی تۆمارکردنی گۆرانییەکانی عەلیڕەزا ئیفتخاریدا ئەم شارەزایی و تەکنیکانە بە تەواوی خۆی دەردەخات.

مامۆستا میرزادە هاوکات لەگەڵ ئاوازداناندا لە ستۆدیۆ بەبێ بەرنامەی پێشوەخت کاری دابەشکردنی بۆ ئامێرە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دەدا و زۆربەی سازەکانیشی دەژەند. دوای چەند ساتێك پارچە مۆسیقایەکی زۆر جوان و چڕ و تۆکمە ئامادە دەکرا و گۆرانیبێژ خۆی بۆ تۆمار کردنی دەنگ ئامادە دەکرد.

*** جەنابت میرزادەت چۆن ناسی؟**

- دۆستایەتی و ئاشنایەتیی من لەگەڵ خوالێخۆشبوو موجتەبا میرزادە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی**1956** و ئەو سەردەمە. ئەویش کاتێ بوو کە من لە خورەم ئابادەوە ئەڕۆیشتم بۆ کرماشان و میرزادە لە کرماشانەوە هاتوچۆی حەسەن ئاوای دەکرد.

دوای ئەوەی دیپلۆممان وەرگرت ڕۆیشتین بۆ تاران بۆ تاقیکردنەوەی زانکۆی هونەرە جوانەکان. میرزادە ڕۆژی تاقیکردنەوەکە پێی وتم، ئەمڕۆ هەردووکمان تاقیکردنەوەمان هەیە و بەڕێز محەمەدڕەزا لوتفی دەعوەتی کردووین بۆ ماڵی خۆیان لە پشت زانکۆی تارانەوە بۆ نانی نیوەڕۆ. محەمەدڕەزا یەکێك بوو لەو دۆستانەی کە ئەویش کاری هونەریی دەکرد. لەماڵی محەمەدڕەزا، میرزادە بەو ئەزموون و هەستە هونەرییەی کە بووی ڕەدیفی سەبای چەند جار بە ڤیالۆنەکەی بۆ ژەندین و دوای نیوەڕۆ کاتژمێر **2** ڕۆیشتین بۆ بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەی زانکۆی هونەرەجوانەکان. دواتر تاقیکردنەوەی ژەندنی ئامێریشیان بۆ دانابن و چەند حەفتەیەك دوای ئەوە ئەنجامەکان ڕاگەیەندران. من و محەمەدڕەزا لوتفی دەرنەچووین و موجتەبا میرزادە بە پلەی دووەم دەرچوو و کەسێك بەناوی قاجاری ئەفشار بووە یەکەم. دوای ئەوە محەمەدڕەزا لوتفی بوو بە ئەندامی سوپای دانش، ئەوکاتە ئەو سوپایە دامەزرابوو بۆ وانە وتنەوە لە شار و گوندەکاندا و خەڵکی فێری خوێندن دەکرد. «محەمەدڕەزا»یان نارد بۆ سنە و منیش ڕۆیشتم بۆ کۆلیژی دراماتیك و لەوێ وەرگیرام.

*** توانایی میرزادە لە مۆسیقادا لە چ ئاستێکدا بوو؟**

میرزادە توانایییەکی سەرسوڕهێنەری بوو، ئەویندار ی مۆسیقا بوو و هاوکاریی ئەرتەشی دەکرد لەبواری مۆسیقادا، بەتایبەت لە کرماشان کەسێك بوو کە ناویم لەبیر چۆتەوە، ئەو کەسە قەرەنەی دەژەند زۆر یارمەتیی میرزادەی داو میرزادە ماوەیەك لە سنە ڕۆیشت بۆ لای خوالێخۆشبوو حەسەنی کامکار و لەوێ فێری مۆسیقی دەبوو. قەدەر وای کرد کە دیسان هەردووکمان کەوتینەوە تاران و لەوێ نیشتەجێ بووین و میرزادە بە هۆی ئەو توانایی و ئەزموونەیەوە و هەروەها توانای لە بواری دانانی ئاوازدا لەگەڵ ئۆرکێستێرای نەکیسا لە ڕادیۆ و ئۆرکێستێرای فەرهەنگ و هونەر دەستی بە کار کرد و منیش لە ئۆرکێستێرای فەرهەنگ و هونەر لەگەڵی بووم. هەر ئەوکاتە بوو لەگەڵ کەسێك بەناوی کەریم گریمور مۆزیکی فیلمی عەرەبانەچی (درشکەچی) یان دانا. ئەوەندە لەبواری مۆسیقادا پێشکەوت کە زۆربەی گۆرانی بێژەکان کارەکانی خۆیان دەدا بە ئەو. چەندین ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ کاتیان بۆ تەرخان کردبوو. زۆربەی ئاوازەکانی محەمەد حەیدەری بۆ حومەیرا (گۆرانیبێژی فارس) دەژەند و ڤیالۆنی بۆ لێدەدان. هاوکاریی هایدە و گوگوش و مەهەستی و چەند گۆرانیبێژی دیکەی دەکرد.

کار و بەرهەمە کوردییەکانی لە کرماشان بۆ هەموو کەس ئاشنا بوون. بەڕێز خالقی و خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەك دوو گۆرانیبێژی زۆر گەورەی کورد بوون کە میرزادە لە ئاستی بەرزدا هاوکاریی دەکردن.

مۆسیقا، کاری سەرەکیی میرزادە بوو. زۆر حەزی لە مۆسیقای کوردی بوو و کاریگەریشی لەسەر مۆسیقای کوردی هەبووە، میرزادە لە ژەندنی ڤیالۆندا شێوازی تایبەت بە خۆی هەبوو و کاریگەریشی لەسەر مۆسیقای کوردی هەبووە. میرزادە بەتایبەت لەبواری ئاوازداناندا زۆر سەرکەوتوو و شارەزا بوو، بەتەواوی مێلۆدییە کوردییەکانی دەناسی و شارەزای بوو، پێوەندیشی لەگەڵ گۆرانیبێژە غەیرە کوردەکانیشدا هەبوو و لەو کەسانەی ئەو پێوەندیی لەگەڵیان بووە و هاوکاریی کردوون، ئەکرێ ناوی خۆش نەوا، وەکیلی و چەند کەسی دیکە بەرین. لە کوردیشدا هاوکاریی خالقی و حەسەن زیرەك و هاشم ڕەبیعیشی دەکرد.

*** تایبەتمەندیی دیاری شێوازی مۆسیقای میرزادە لە مۆسیقای کوردیدا کامەیە؟**

- ئەگەر گوێ لە مۆسیقای کوردی و بەتایبەت گۆرانییەکانی مەزهەری خالقی و حەسەن زیرەك بگرن، تایبەتمەندیی میرزادە بە ڕوونی دەبینن و جیاوازیی شێواز و تەکنیکی ئەو هونەرمەندەتان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە مۆسیقای کوردیدا ئەو مۆسیقا و گۆرانییانەی کە میرزادە کاری تێدا کردوون، ڕەنگی ئۆرکستراسیون و دابەشکردنی هێڵی باسەکان کە میرزادە لە کارەکانیدا ڕێکی خستوون تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی ئەو کارانەن کە تەنها لە توانای میرزادەدا بوون و تەنها ئەو بەو بەهرە جوانەی دەیتوانی کاری وا بکات.

ڤیالۆنی میرزادە لە پارچە مۆسیقای باڵتی دەریای قووی چایکۆفێسکیدا کە تێکەڵێکە لە هەستی کوردانە و فۆلکلۆریك دەکرێ بە یەکێك لە شاکارەکانی ئەو باس بکرێت. هەروەها پارچە مۆسیقای (دلقك). شوێن دەستی ئەم گەورە پیاوەی بواری مۆسیقا لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامیشدا لە ئێران و زیاتر لە گۆرانییەکانی عەلیڕەزا ئیفتیخاریدا بە ڕوونی دیارە.

*** وەکوو دۆست و هاوڕێیەکی نزیکی مامۆستا میرزادە چ بیرەوەرییەکت دەربارەی ژیانی لە لات گرنگ و مایەی سەرنج بووە؟**

- یەکێك لەو بیرەوەرییانەی کە لەبیرم ناچێتەوە، باسی ئەڤینی خۆی بوو. میرزادە لە کرماشان عاشقی کچی ئەفسەرێکی ئەرتەش بوو کە ناوی سوفیا بوو. زۆری خۆش ئەویست، بەڵام بۆ یەك نەبوون. دوای ئەوەی لەو ئەڤیندارییەدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەڤین و خۆشەویستییەکیتر لە ژیانیدا ڕووی داو ژیانی ئەوی بەتەواوی گۆڕی. ڕۆژێك لە تاران، لەو شەقامەی ئێستا پێی دەڵێن شەقامی تاڵەقانی من و ئەو لە پاسێکدا دانیشتبووین. خاتوونێکی نیشان دام کە چەند کورسییەك مەودای لەگەڵ ئێمە هەبوو و وتی ئەوە خۆشەویستە تازەکەمە و دەمەوێت زەماوەندی لەگەڵ بکەم. بەڵام کێشەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە بنەماڵەکەی زۆر بۆ باسی ئایین دەچن و زۆر بە قورسی گرتوویانە.

میرزادە زۆر ئەو خاتوونەی خۆش دەویست و بەڕاستی وەك شەریکی ژیان هەڵیبژاردبوو، ئەو ئافرەتە ناهید خاتوونە کە بووە هاوسەری میرزادە و ئەنجامی ئەم پێکگەیشتنە دوو کیژی ژیکەڵە و جوان بوو کە ناویان ئەلیکا و ئاناهیتایە.

ئەمە وەك بیرەوەرییەکی خۆش بوو کە دوای ئەوەی میرزادە نەیتوانی بە خۆشەویستە پێشووەکەی بگات ئەڤینێکی دیکەی لا دروست بوو و پێکگەیشتن و تا کوتایی ژیانیشی لەگەڵ ناهید خاتوون پێکەوە بوون.



بیرەوەرییەکی دیکە بەڵام جیاواز لەو بیرەوەرییەی ئێستا باسم کرد ئەوە بوو کە ڕۆژێکیان لە پیشانگایەکی ئۆتۆمبیل بووم لە گەڕەکی عەباس ئاوای تاران، تەلەفۆنێکیان بۆ کردم، وەڵامم دایەوە، پێیان وتم مونەزەمی بەداخەوە دوێنێشەو میرزادە جەڵتە لێی داوە و کۆچی دوایی کردووە. بەڕاستی هەواڵێکی ناخۆش و دڵتەزێن بوو، زۆرم پێ ناخۆش بوو و ڕێکەوتم بۆ تەلاری وەحدەت کە کاروباری بەڕێکردنی تەرمەکەی لەوێ ئەنجام دەدرا. لەگەڵ شەهرام (شەهرامی مونەزەمی کوڕی مامۆستا دەروێش ڕەزایە و مامۆستای مۆسیقایە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران) گەیشتینە ئەوێ و بینیم شین و گریانە. موجتەبا کۆچی دوایی کردبوو و منیش ئیتر دەستم بە هیچ شوێنێك نەدەگەیشت. هیوادارم ڕۆحی شاد بێت.

بیرەوەری لەگەڵ میرزادە زۆرە ئێمە هەمیشە پێکەوە بووین. سەفەری دەرەوەمان زۆر بوو و زۆر جار سەرۆکی ئۆرکێستێراکان بوو، بەڵام پیاوێکی وابوو کە هەرگیز لەخۆی دەرنەدەچوو و وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو کەسێك دەکرد. خۆبەزل نەزانین و شارەزایی زۆری لە مۆسیقا و ژەندنی ڤیالۆن‌دا وای کردبوو کە هەرکەسێك میرزادەی دەناسی، بەتایبەت هونەرمەندانی بواری مۆسیقا خۆشیان بوێت و ڕێزی لێ بگرن.

لێرەدا یادی بە خێر دەکەمەوە و جارێکی تر هیوادەخوازم ڕۆحی شاد بێت.

پێناسە: دەروێش ڕەزا مونەزەمی ژەنیاری کەمان و کەمانچە، ساڵی ١٩٤٣ لە شاری ئەلەشتەری پارێزگای لوڕستان لەدایك بووە، یەکەم جار لە ڕادیۆی لوڕستان ئیشی کردووە، دواتر لای حوسێن یاحەقی فێری ژەندنی ڤیالۆن بووە، ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی ماستەری مۆسیقای وەرگرتووە و لەو کاتەوە مامۆستای مۆسیقایە لە زانکۆکانی تاران.

ئەندامی گرووپی مۆسیقای شەیدا بووە و لەگەڵ ژمارەیەك زۆر لە هونەرمەندانی ئێرانی ئیشی کردووە، نزیکایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ موجتەبا میرزادە بووە و دۆستایەتییەکی پتەو لە نێوانیاندا بووە.

# موجتەبا میرزادە، بلیمەتێکی نامۆ لە کۆمەڵگەی کوردیدا

**جەلال نەجاڕی- ماستەری کۆمەڵناسی**

هونەر وەکو لایەنێك لە لایەنەکانی فەرهەنگی کۆمەڵگا پێناسە دەکرێت• بە واتایەك بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەری، لە هەر کۆمەڵگایەك، پەنجێرەیەکن بۆ ناسینی بەستێنەکانی هزری و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایە• بەم پێیە ئەتوانین بڵێین لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەر لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەشێکی گرنگ لە شوناسی نەتەوەیی ئەو کۆمەڵگایە پێکدێنن•

کەواتە هونەرمەندان وەکـــوو کەسانێك کە خاوەنداریێتیی هونەر ئەکەن، بەشێکن لە سامانی نەتەوەیی و فەرهەنگی هەر نەتەوەیەك کە ئەرکی پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگ و هونەری وڵاتەکەی خۆیان لە ئەستۆیە• نەتەوە جیاجیاکانی جیهان بە ناساندنی نـــووســـەران، شاعیران، دەرهێنەران، ئەکتەران، نیگارکێشان، موزیکژەن و بەگشتی هەموو هونەرمەندەکانیان، خۆیان وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانییەت پێناسە ئەکەن• لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ پاراستن و دەوڵەمەند کردنی ئەم سامانە نەتەوەیی و فەرهەنگییە، پشتیوانیی تایبەت لە هونەرمەندان ئەکەن، ڕێزیان لێ ئەگرن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و کەناڵەکانیان بە شانازییەوە باسیان دەکەن• لەبەر ئەوەی ڕێزگرتن لە هونەرمەند ڕێزگرتنە لە فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەیی•

بەپێی ئەم پێشەکییە، نەتەوەیەك کە هونەری خۆی نەناسێ و نەزانێ هونەرمەندەکانی کێن، لە شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و بنەماکانی فەرهەنگی خۆی نامۆیە• لێرەدا مەبەست لە هونەرمەند ئەو کەسانە نین کە بە کەڵك وەرگرتن لە تەکنەلۆژی دنیای مۆدێرن و ئامێرەکانی پێوەندی توانیویانە بەرهەمە نزمەکانی خۆیان بەناوی هونەر بڵاو کەنەوە و لەناو خەڵکدا ناو و ناوبانگێك دەرکەن، بەڵکوو مەبەست لە هونەرمەند ئەو کەسانەن کە ئاستی بەرزی بەرهەمەکانیان لەڕووی جوانیناسانەوە لای شارەزایان و پسپۆڕانی بواری هونەری سەلمێندراوە و لە ڕیزی هونەری ڕەسەن لە ئەژمار دێن• ئەرکی پاراستنی ماف و پشتیوانی لە کەسایەتیی ئەو هونەرمەندانە لە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ڕۆشنبیران و ناوەندە هونەرییەکانە•

کۆمەڵگای کوردیش وەکوو هەموو کۆمەڵگاکانی تر خاوەنی هونەر و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیەتی• دەیان و سەدان کەسایەتیی ناوداری هونەری لە دڵی ئەم فەرهەنگەدا سەریانهەڵداوە و تەنانەت هەندێکیان ناوبانگی جیهانییان دەرکـــردووە• لەوانە یەڵمازگۆنای، بەهمەن قوبادی، شێرکۆ بێکەس و دەیان کەسی تر ئەتوانین ناوبەرین کە بە ڕەنگدانەوەی چێژ و ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلەکەیان لە بەرهەمەکانیاندا و بەکەڵك وەرگرتن لە توانایی و بەهرەی خۆیان توانیویانە شاکاری بێوێنەی هونەری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەردا بخولّقێنن•

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە پەیوەندیی نێوان هونەرمەند و کۆمەڵگا دوو ڕەهەندی هەیە: یەکەم ئەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بە کارتێکردن لەسەر بیر و زەینی هونەرمەند ڕۆڵی خۆیان لەسەر بەرهەمی هونەری ئەگێڕن، دووەم، پێوەندیی هەر هونەرمەندێك لەگەڵ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەهۆی جیاوازی لە ڕوانگەی ئەودا کە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونگەلی جیاواز و زەوق و بەهرەی هونەری و کەسایەتیی جیاوازی هونەرمەند، لەگەڵ هونەرمەندانی تر جیوازیی هەیە•

دۆخی نالەباری کۆمەڵگای کوردی، شەڕ و ئازار و ئاوارەیی و زیندان و ئەشکەنجە، هونەرمەندگەلێکی پێگەیاندووە کە ســـەرەڕای ئەم هەموو کەند و کۆسپە، بەبێ هیچ چاوەڕوانییەك هەموو هێز و بەهرەی خۆیان بۆ خزمەت بە هونەری نەتەوەکەیان تەرخان کـــردووە• خوێندنەوەی بەسەرهات و ژیاننامەی زۆربـــەی شاعیران و نووسەران و بەگشتی هونەرمەندانی یەك سەدەی ڕابردوو لە کوردستان ڕاستی ئەو مەسەلەیەمان بۆ دەرئەخات• بۆیە هێمنی شاعیر بەم شیوەیە سەبارەت بە هونەرمەند ئەدوێ: «هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە / هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە و ژینی تاڵە»•

بارودۆخی خراپی کۆمەڵگای کوردی، نەبوونی ناوەندێکی پشتگیری بۆ هونەرمەندان و کەمتەرخەمیی میدیاکانی ڕاگەیاندن و هتد، وای کردووە زۆر هونەرمەندی کورد ئەو جۆرەی کە شایانی خۆیان و بەرهەمەکانیانە، ڕێزیان لێ نەگیرێ، تەنانەت لەناو خەڵك و جەماوەری کورددا نەناسیاو بن•

ڕەنگە ئێمە لە کەسانی دەوروبەرمان زۆر جار ئەم قسەیەمان بیستبێ کە ئەڵێن: کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی مردوو پەرەستە، هونەرمەند و کەسایەتییە مەزنەکان هەتا زیندوون کەس ڕێزیان لێ ناگرێ ، بەڵام هەرکات مردن، ئەوا کۆڕ و کۆبوونەوە و یادەوەرییەکان دەست پێ ئەکەن و ئینجا ناوی ئەکەوێتە سەر زاران•

موجتەبا میرزادە یەك لەو کەسانەیە کە تەنانەت پاش مەرگیشی لە کۆمەڵگای کوردیدا نە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی بۆ گیرا و نە ناوی کەوتە سەر زاران• میرزادە ئەگەرچی کورد بوو، بەڵام لەناو خەڵکی کورددا بە نەناسراوی ماوەتەوە•

بە باوەری زۆربەی شارەزایان و پسپۆڕانی هونەر، میرزادە یەکێك لە بلیمەتە کەم وێنەکانی بواری مۆسیقا بـــووە• داهێنانەکانی ئەو لە ژەنینی ئامێرەکانی موسیقی و شارەزایی بەسەر موزیکی سونەتی ئێرانی و موزیکی ڕۆژئاوایی، ئێستاش مامۆستایانی مۆسیقای تووشی سەرسوڕمان کردووە•

ئەو ئاهەنگانەی موجتەبا میرزادە بۆ هەندێ لە گۆرانییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەك و مامۆستا مەزهەری خالقی نووسیویەتی و لێیداوە، لە شاکارەکانی مۆسیقای کوردی لە ئەژمار دێن• میرزادە هەروەها دەیـــان شاکاری بێ وێنەی هونەری لە مۆسیقای ئێرانیدا خولّقاندووە و لەگەڵ بەناوبانگترین گۆرانیبێژان و موزیکژەنەکانی ئێران کاری کردووە• بەم هەموو بەهرە و تواناییەی میرزادە لە مۆسیقای کوردی و ئێرانیدا و خولّقاندنی ئەم هەموو شاکارە بەناوبانگە، ئەمڕۆ کەمتر کەسێك هەیە هۆگری مۆسیقا بێ و گوێی لە ئاهەنگێکی میرزادە نەبووبێ• بەڵام بەم حاڵەشەوە کاتێ لە زۆر تاکی کورد ئەپرسی موجتەبا میرزادە ئەناسی بە سەرسوڕمانەوە وەڵام ئەداتەوە: نا !

مەجتەبا میرزادە لەدایکبووی ساڵی **1324**ی هەتاوی (**1946** ز)ی شاری کرماشانە• چوار ساڵ بەرلە لەدایك بوونی میرزادە ڕەزاخانی دیکتاتۆڕ بە مەرجی ئەوەی محەمەدڕەزای کوڕی ببێتە جێگری ئەو لە ئێران، وڵاتی ئێرانی بۆ هێزەکانی بەریتانیا و رووسیا لە سەروبەندی شەڕی دووەمی جیهانیدا جێهێشت• لەم ساڵانەدا دەسەڵاتی پاشایەتیی هێزی نەماوە و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵاتییەکان سەریانهەڵداوە• ئەم ڕەوتە تا کوودەتای گەلاوێژی **1332**ی هەتاوی (١٩٥٤ی زایینی) کە بە پشتیوانیی ئەمریکا دەوڵەتی موسەددیق رووخا و «محەممەدڕەزا»شایان هێنایە سەر کورسیی دەسەڵات بەردەوام بوو•

وەهـــا هەلومەرجێکی هەستیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەریی زۆری بووە لەسەر ژیان و کەسایەتیی زۆر هونەرمەند و ڕۆشنبیر• زۆربەی ئەو کەسانەی لە بوارەکانی ئەدەبیات، سینەما، مۆسیقا و هتد لە ئێران تازەگەرییان کردووە، چاخی منداڵی و میرمنداڵییان لەم ساڵانەدا تێپەڕ کردووە• میرزادەش هەر لە لەدایك بووی ئەم ساڵانەیە و بێگومان ئەم دۆخە کاریگەریی لەسەر ژیان و کەسایەتیی ئەو داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خاوەنی بەهرە و توانایەکی سروشتی بووە•

ئەوەی کە هونەرمەندێکی مەزن و خاوەن بەهرەی وەك میرزادە بوو لەناو نەتەوەی خۆیدا نەناسراوە و لە پەراوێزدا بووە، ئەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار: یەکەم هۆکار کەسایەتیی خودی میرزادەیە، بە وتەی زۆربەی هاوڕێکانی، ئەو هیچ کات بە شوێن ناو و ناوبانگ دەرکردن نەبووە• لەم ساڵانەی دوایی ژیانیشی مرۆڤێکی گۆشەگیری لێ دەرهاتووە و لە بێدەنگی و تەنیاییدا کۆچی دوایی کردووە•

هۆکارێکی تر ئەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ناوچە جۆگرافیاییەی موجتەبا میرزادە لێی لەدایك بووە• کرماشان یەکێك لە گەورەترین شارەکانی کوردستانە بەڵام جیا لەوەی لەباری جوگرافی لە پەراوێزدا بووە، لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە کەوتۆتە پەراوێزەوە و هونەرمەندانی ئەم شارە مێژووییە هیچکات ئەو جۆرەی کە شایانی ئەوان بێ لەناوخۆی کورردستان نەناسراون و غەدریان لێکراوە• ئەوەش وای کردووە ڕوو بکەنە ناوەندە هونەرییەکان لە شارەکانی تری وەك تاران و پێوەندییان لەگەڵ هونەرمەندە کوردەکان بپچڕێ• هەڵبەت ئەمە هەر تایبەت بەو ناوچەیە نییە و نەبوونی ناوەندی هونەری لە ناوچە کوردییەکان، هـــەژاری و بێدەرەتانی و سەدان خەساری تر ئەبێتە هۆی ئەوەی زۆر هونەرمەندی بەتوانا و بە بەهرە ڕوو بکەنە شارە گەورەکان و بەهرەی



خۆیان کەمتر لە خزمەت بە هونەری نەتەوەکەیان بەکار بێنن• ڕەنگە ئەگەر ناوەندێکی هونەریی وەکوو ڕادیۆ کرماشان نەبوایە، مۆسیقای کوردی لەو ئاهەنگە کوردییانەی میرزادە بێبەش بوایەت• هۆکارێکی تر ئەگەڕێتەوە سەر کەمتەرخەمیی میدیا و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان کە ئەرکی ڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوەی خەڵکیان لە ئەستۆیە• ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ئەبێ بەرنامەی تایبەت لەسەر کەسایەتییە مەزنەکانی بواری هونەر و هزر و سیاسەت سازکەن و بەم کارە پشتگیریی خۆیان لە هونەری ڕەسەن و لە هونەرمەندی نەتەوەیی نیشان بدەن• ئەمڕۆ بەداخەوە هەندێ لە کەناڵە کوردییەکان بوونەتە تریبوونی کەسانی بەناو هونەرمەند کە نەتەنیا هیچ بەهرەیەکیان لە هونەر تێدا نیە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوڵی شێواندن و ئەنفال کردنی هونەری کوردیش ئەدەن•

کەسانی وەکوو میرزادە و دەیان هونەرمەندی مەزنی تر سامانی فەرهەنگی و نەتەوەیی ئێمەن• پێویستە بیانناسین و بە هەموو جیهانیشیان بناسێنین• ئەگەر لە کوردستان خەڵاتێك دیاری بکرێ بەناوی «خەڵاتی موجتەبا میرزادە» و هەر ساڵ پێشکەش بکرێ بە لاوێکی داهێنەر و بەهرەمەند لە بواری مۆسیقادا، لەلایەکەوە ڕێزلێنانە لە هەوڵ و خزمەتی ئەو هونەرمەندە کـــوردە و لەلایەکی تریشەوە خزمەتێکە بە فەرهەنگ و هونەر و سامانی فەرهەنگی کورد•

ساڵی بیستو دووەم - ژمارە ( ٦٢٣٣) یەکشەممە ( ١٧/ ١١/ ٢٠١٣ )

# عەدنان کەریم: میرزادە دارێژەری جوانترینو گونجاوترین مۆسیقا بووە بۆ گۆرانی



**عەدنان کەریم**

زۆر جار کە گوێبیستی گۆرانییەك دەبیت، یادەوەرییەکان دەمانبەستنەوە بە سەردەمێك و دەمانخەنە دنیای بێدەنگی و لەگەڵ یادگارییەکاندا دەست لەملان دەبین و گۆرانییەکە دەبێتەوە بە هاوڕێ دێرینەکەمان، جا ئەوەمان نابێت لە یاد بچێت کە تەنها رستە شیعرییەکانی گۆرانییەکەو دەنگی خۆشی هونەرمەندەکە نییە کە ئەو کاریگەرییە جێدێڵێ، دابەشکردنی مۆسیقای ئەو گۆرانییە رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو یادەوەرییانە، ئەو مۆسیقا سادەو پر لە هەست و رۆحییەی موجتەبای میرزادە کە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی ئێرانی دایناوە، هەمان هەستی یادی یادەوەرییەکان بە بیسەر دەبەخشێ. هونەرمەندی نەمر موجتەبا بۆ زۆرینەی گۆرانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەك و چەند هونەرمەندێکی دیکەی کورد مۆسیقای داناوە، دەبینین میلۆدیی گۆرانییەکەو مۆسیقاکەی موجتەبا ئەوەندە ئاوێتە و گونجاو بوون بە یەکتر، بیسەر لەگەڵ بیستنی گۆرانییەکە مۆسیقاکەی دێتەوە یاد، یان کە گوێی لە مۆسیقاکە دەبێ هەر زوو دەزانێ چ گۆرانییەکە، واتە لێرەدا گەورەیی میرزادە لەوەدا دەردەکەوێ، گەر مۆسیقای بۆ گۆرانییەك دانابێ، جوانترین و گونجاوترین بەرگی مۆسیقای دارشتووە بۆ گۆرانییەکە، وەك ئەوەی ئەو مۆسیقایە بۆ ئەو گۆرانییە لەدایك بووبێت. جێی خۆیەتی لیرەدا تایبەتمەندێتی ئەو گۆرانییانەی هونەرمەند حەسەن زیرەك باسبکەم کە میرزادە مۆسیقای بۆ دارشتوون.

بەرلەوەی لە ستۆدیۆکانی تاران و سنە و کرماشان گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك تۆمار بکرێنەوە، زۆرینەی گۆرانییەکان لە رادیۆی بەغدا لە سالانی پەنجا و ناوەراستی شەستەکان تۆمار کراون . کاتێك کە میرزادە هەڵدەستێ بە تۆمارکردنەوەی ئەو گۆرانییانە بەو کوالێتە جوان و بەرزە لە ستۆدیۆکانی ئێراندا مۆسیقایان بۆ دادەرێژێتەوە، تەنها بە ئامێری سەنتوور و کلارینێت و تومبەك و دوو ڤیالۆن کە ڤیالۆنی دووەم وەك پشتگیرییەك بۆ ڤیالۆنەکەی میرزادە ژەنیویەتی، سەرنج دەدەین هەر لەسەرەتای مۆسیقاوە تا کۆتایی، ڤیالۆنەکەی میرزادە وەك دڵدارێکی عاشق نۆتەی میلۆدییەکانی بەسەر سەرجەم ئەو هەموو ئامێرانە دادەبارێنێ کە لە خزمەت گۆرانییەکەدا بوون، لێرەدا بە ئەندازەی گەورەیی هونەرەکەی حەسەن زیرەك دەردەکەوێ کە میرزادە ناوێکی درەوشاوەیە هەمیشە یادی دەکرێتەوە، ئەمەش ئەوە رەتدەکاتەوە کە زۆربەی مۆسیکژەنان رایان وایە کە تەنها گۆرانیبێژ دەرکەوتوە نەك مۆسیکژەن.

ئەگەر بە وردی گوێبگرین بۆماندەردەکەوێ ئەو گۆرانییانەی زیرەك کە لە رادیۆی بەغدا مۆسیقای بۆ کراوە، دوبارەکردنەوەی میلۆدی گۆرانییەکانە و تەنها بۆ پرکردنەوەی نێوان بەندی گۆرانییەکان بەکار هاتوون، ئەوەش هیچ زانستێکی جوانی لە پشت ئەم مۆسیقایەدا جێنەهێشتووە بۆمان، بەڵام هەمان ئەو گۆرانییانە کە میرزادە مۆسیقای بۆ دارشتوونەتەوە میلۆدی مۆسیقای دەستپێك و نێوان بەندە گۆرانییەکان لەیەکچوون نابینین، بەڵام زۆر گونجاون، چونکە زادەی هەستی راست و قووڵی تایبەتی میرزادەیە و ئەوەندەی تر گۆرانییەکەی پر نەخش و نیگاری مۆسیقایی کردوە، واتە هەستی جوانیی لای میرزادە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەتا ئێستا پانتایی گوێگری رۆژ بەرۆژ لە زۆربووندایە تەنانەت وای لێهاتوە زۆرینەی نەوەی نوێی گەنجان حەزیان لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکەو بە رێژەیەکی زۆر لە لاوانی مۆسیکژەنانی کورد دەیانەوێ هەمان ئەو سۆڵۆیە لێبدەنەوە کە میرزادە بۆ ئەو گۆرانییانەی ژەندووە، ئەوەش هۆکارێکی گرنگ و بەرچاوە تاکوو ئێستا بۆ نەمریی میرزادە و قوتابخانەکەی لە هونەری ژەنینی ڤیالۆندا.

---

**کامبیز رەوشەن رەوان**

# حکومەتی ئەشق



ئەگەر لە بارودۆخێکی یەکساندا،٢٠ کەس هاوکات فێربوونی مۆسیقا دەست پێبکەن، دوای تێپەربوونی ٥ ساڵ دەبینین کە لەنێو ئەو کەسانەدا، لە باشترین حاڵەتدا، ٣ یان ٤ کەسیان توانیویانە بە باشی و جوانی مۆسیقا دەرك پێبکەن و بەکاری بێنن، بە جۆرێك کە مۆسیقاکەیان چ بە گۆرانی یان ئامێر، لای بیسەر هەستێکی جوان دروست بکات، ئەم ژمارە کەمە لە ماوەیەکی تارادەیەك کورتی فێربوونی مۆسیقادا، بەهۆی بوونی توانای مۆسیقایی واتە بەهرە، درکی رێکوپێك، هەستی مۆسیقایی، داهێنان و توانای پێویست بۆ فێربوونی مۆسیقایان بووە، هەر کەسیك کە دەست دەداتە فێربوونی مۆسیقا، خاوەن توانای مۆسیقایی نییە، دەتوانێت ببێتە ژەنیار یان گۆرانیبێژێکی باش، بەڵام ناتوانێت بگاتە ئاستێك کە لای هەموان ببێتە مامۆستایەکی راستەقینە، بۆیە لەنێو سەدان کەسدا کە دێنە ناو دنیای مۆسیقاوە، تەنها ژمارەیەکی کەم کە خاوەن هەستی دەروونی مۆسیقایین و بە کۆشش و هەوڵی زۆر، داهێنان دەکەن و بێ هەست کردن بە ماندوو بوون و دابران رێگاکەیان دەپێون و سەردەکەون. موزیسیانەکان، ژنیاران و گۆرانیبێژانی گەورە کە ناویان لە مێژووی مۆسیقادا ماوەتەوە و ئەو موزیسیەنانەی کە ئێستا ناویان وەکو مامۆستا گەورەی مۆسیقا دێت، ئەمانە لەو دەستە و گرووپەن.

نەمر موجتەبا میرزادەم بۆ یەکەمجار لە ساڵانی ١٩٦٠ی زایینی لە فێستیڤاڵی هونەری رامسەر بینی، کاتێك کە ڤیالۆنی گرتە دەست و ژەندی، زانیم کە هونەرمەندێکی زۆر بەهرەمەند، خاوەن توانا و بەهرەی مۆسیقایی، بە زەوق، خاوەن داهێنانێکی بالا، پڕ لە هەست و تەکنیکی بەهێزم بینیوە، گەرمی، هەست و زەوقی لەرادەبەدەری لە کاتی ژەندندا، لە هەمان چرکەی یەکەمەوە رایکێشام، بە شێوەیەك کە گەیشتمە ئەو دڵنیاییەی ئەم بەهرە درەوشاوەیە بە زوویی گەشە دەکات و لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە کەسایەتییەکی بەرچاو لە مۆسیقای وڵاتدا. لەم دیدارەمان کاتێکی زۆر تێنەپەرێبوو کە ناوی موجتەبا میرزادە لە کۆڕ و کۆبوونەوە هونەرییەکان، ستۆدیۆکان و رادیۆ و تەلەڤزیۆن وەکو ژەنیارێکی بەتوانا دەبیسترا و زۆر زوو ناوی لە تیتراژی فیلمە سینەماییەکاندا وەکو موزیسیان دەبیندرا. بەم شێوەیە ژەنیارێکی بەتوانا، موزیسیانێکی خۆش زەوق و بە بەهرە، هاتە ناو مۆسیقای ئێرانییەوە.

لە ژمارەیەکی زۆر لە تۆمارە ستۆدیۆییەکانی بەرهەمەکانی خۆمدا، وەکو ژەنیاری ڤیالۆن، کەمانچە و سێتار کەڵکم لێوەرگرت تاوەکو دەنگی گەرم و دڵنشینی ئامێرەکەی جوانی ببەخشێتە مۆسیقاکەم. لە ستۆدیۆدا زۆرتر بە وشەی شیرین و جاروبار بە ژەندنە دڵرفێن و داهێنەرانەکانی لە بەرهەمی موزیسیانە ناوخۆیی و بیانییەکان، بارودۆخێکی وەها گەرم و خۆشی پێکدەهێنا کە زۆرجار کاتمان ون دەکرد و لەبیرمان دەچوو کە بۆ چ مەبەستێك هاتووینەتە ستۆدیۆ، بەڵام لە کاتی تۆمارکردندا، زۆر جیددی، رێکوپێك و بێ هەڵە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو حاڵەتە هەستییەکانی نۆتەکان، کارەکەی تۆمار دەکرد، لە تۆماری ستۆدیۆییدا ژەنیارەکان، سەرەتا نۆتەکانی ئامێرەکانی خۆیان دەبینن، بۆیە بۆ باشتر ئەنجامدانی ئیشەکە، بەشێك لە نۆتەکان پێش تۆمار، پرۆڤە دەکەن، بەڵام موجتەبا، دەتوت لە پێشەوە هەموو ئەو نۆتانەی ئامادە کردووە و دەتوت پێشتر چەندین جار ئەو مۆسیقایەی لێداوە. وەها بە تواناو هەست و بەهرەوە دەیژەند کە بە دژواری دەمتوانی باوەڕ بکەم ئەمە یەکەمجارە نۆتەکان دەبینی.

وەهایە کە دەڵێم لە نێو سەدان کەسدا کە دێنە ناو جیهانی مۆسیقاوە، ژمارەیەکی کەم دەگەنە لوتکەی هونەری. چونکە وادیارە ئەم موزیسیەنانە، موزیسیەن لەدایك دەبن و زۆربەی بابەت و زانیاری لەسەر مۆسیقا، لە کاتی لەدایکبوونیانەوە دەزانن. ئێستا کە نزیکەی هەشتەمین ساڵی کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندەیە، جێگای خۆیەتی وێرای بیرکردنەوەو بەرزراگرتنی ناوی، هیوابخوازین کە جێگەو پێگەی هونەرمەندان لە کاتی زیندووبوونیاندا، رێزی لێبگیردرێت.

**پرۆفایل:**
کامبیز رەوشەن رەوان لەدایکبووی ١٩٤٩ لە تاران، موزیسیانی بەناوبانگی ئێرانییە کە بەرێوەبەری گشتیی خانەی مۆسیقای ئێرانە، خاوەن بروانامەی پلەی یەکی هونەرییە لە ئێران و بروانامەی دکتۆرای مۆسیقای لە ساڵی ٢٠٠١ لە زانکۆی ئەمریکایی هاوایی وەرگرتووە، ئێستاش مامۆستای مۆسیقایە لە زانکۆکانی تاراندا.

# کەیخەسرەو پوورنازری: میرزادە هونەرمەندێکی داهێنەر بوو کە بە مافی خۆی نەگەیشت

*** ئێوە لە چ کاتێکەوەو چۆن مۆجتەبای میرزادەتان ناسی؟**

– ناسیاویی نێوان من و موجتەبای میرزادە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١، کەلە دواناوەندیی پێکەوە بووین و دۆستایەتیی نێوانمان لە هەمان کاتەوە دەستی پێکرد، لەو کاتەوە لە کرماشان گرووپێکی مۆسیقامان هەبوو کە ئیشمان دەکرد، بە شێوەیەك کە لە هەفتەیەکدا، ٤ ڕۆژی تەواو پێکەوە بووین، ئەم دۆستایەتییە نزیکەی نێوانمان لەو کاتەوە دەستی پێکرد و تا کاتی کۆچی دوایی میرزادە درێژەی بوو، موجتەبا لە گرووپەکەماندا ڤیالۆنی دەژەند و منیش تارم دەژەند، لە ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤دا پێکەوە بەشداریمان کرد لە فێستیڤاڵی رامسەر لە باکووری ئێران، موجتەبا لەو فێستیڤاڵەدا لە ئامێری ڤیالۆندا پلەی یەکەمی بەدەستهێناو منیش لە ئامێری تاردا بوومە یەکەم، ئەم هاوکاری و هاوڕاییەی نێوانمان درێژەی بوو تا دواتر کە موجتەبا ڕۆیشت بۆ تاران و من تا ماوەیەك دوای ئەوەش لە کرماشان مامەوە، پەیوەندیی نێوانمان زۆر نزیك بوو، منداڵەکانی من بە موجتەبایان دەگوت مامە موجتەبا، و بۆ هەمیشەش یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی یەکتر ماینەوە، دەبێت ئاماژە بەوەش بدەم کەلە گرووپەکەماندا لە کرماشان، ئاغای عەبدولسەمەدی ئامێری قەرەنەی، مێرئاتی ڤیالۆن، ئەکبەر ئیزەدی تار، بەهمەن پولەکی ڤیالۆن و .... و «دەرویشی»ش تاری دەژەند و بە تەواویش ئیشی مۆسیقای کوردیمان دەکرد، من ماوەیەکی کورت لەم گرووپەدا بووم بەڵام پەیوەندیمان بەردەوام درێژەی بوو.

دوای ئەو هاوکارییەی کە لە گرووپەکەماندا بوومان، موجتەبا زۆر زوو ڕۆیشتە رادیۆ، کە ئەڵبەت منیش چوومە دایـەرەی فەرهەنگ و هونەر، ئەوان لەگەڵ هونەرمەندانێك وەکو ئیبرائیم خۆشنەواز و مورتزا توندڕەو کاریان دەکرد، قۆناغێکی زۆر گرنگ و پڕبەرهەمیشیان لەگەڵ هونەرمەند حەسەن زیرەك بوو کە بەرهەمی زۆر باشیان تۆمار کرد، لەو کاتەدا حەسەن زیرەك قۆناغێکی زۆر گرنگ لەگەڵ رادیۆ کرماشان وەکو گۆرانیبێژ کاری دەکرد، هەروەها لەگەڵ مامۆستا مەزهەر خالقی چەندین بەرهەمی پڕبایەخ و جاویدانیان خولقاند، دەتوانین بڵێین زۆربـەی بەرهەمە باشەکانی موسیقای کـوردی کە ئەوکات لە رادیۆ کرماشان بەرهەمهاتن، ئەو بەرهەمانە بوون کە موجتەبا بەرهەمی هێنابوون یان داڕشتنی بۆ کردبوو و هی ئەو قۆناغەی بوونی موجتەبایە لەوێدا، ئەوکات من لەگەڵ فەرهەنگ و هونەر هاوکاریم دەکرد و دواتریش بە فەرمی لەوێ دامەزرام، کە ئەڵبەت لە رووی روانگەی هونەرییەوە فەرهەنگ و هونەر جیاوازی بوو لەگەڵ رادیۆ، بەڵام کارەکانی ئەوان جاویدان بوون و مانەوە، چونکە تۆمار دەکران و بڵاویش دەبووەوە لە رادیۆ، دەتوانین بڵێین ئەو چەند ساڵەی بوونی میرزادە لە رادیۆ کرماشان، رۆڵێکی گرنگ و گەورەی گێڕا لە گەشەو برەوپێدانی مۆسیقای کوردی کە دواتریش لە کرماشانەوە هاتە تاران و چووە زانکۆی هونەر بۆ درێژەدان بە خوێندن.

*** هۆکاری ئەوەی میرزادە لە کرماشاندا زیاتر بەرەو لای مۆسیقای کوردی کێشرا و لەو بوارەدا زیاتر ئیشی کرد چی بوو؟**

–- کرماشان لەو کاتەدا شوێنێك بوو کە هەموو جۆرە مۆسیقایەك تیایدا باو بوو، موسیقای تەمموورە، مۆسیقای مەقامی، مۆسیقای کوردی و ...، ئەوکات مۆسیقای تەمموورە مۆسیقای خانەقاکان بوو و هیچ کەس لە دەرەوەی جەمخانە تەموورەی نەدەژەند و تایبەت بوو بە یارسانەکان، رادیۆ کرماشانیش ئەوکات گرنگییەکی تایبەتی دەدا بە مۆسیقای کوردی، چونکە لە هەموو کوردستان دەنگی دەبیسترا و لە راستیدا بۆ هەموو کوردستان بەرنامەی بڵاودەکردەوە، ئەوکات مۆسیقای کوردی زۆر باو بوو، میرزادەش بە تواناکانییەوە توانی بەرهەمی جاویدان بخولقێنێت و ئەگەر زیاتر لەوە لە کرماشان بمایاتەوە، بە دڵنیاییەوە بەرهەمی زیاتریشی دەخولقاند.



*** تایبەتمەندی بەرهەمەکانی میرزادە و هۆکاری سەرکەوتنی لە چیدا بوو؟**

– لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، دەبێت ئاماژە بە خودی میرزادە و توانا و بەهرەی بدەین، میرزادە ناوازەیەك بوو کە لە مۆسیقادا، هاوشێوەو هاوتوانای میرزادەمان زۆر کەم هەیە، میرزادە بە هیچ شێوەیەك لای هیچ مامۆستایەك مۆسیقای نەخوێندبوو، لە بنەماڵەیەکدا گەورە بوو کە دژی مۆسیقا بوون، بنەماڵەی میرزادە لە سەیدەکانی کرماشان بوون، باوکی میرزادە، ئاسەی تەقی، دژی مۆسیقالێدانی میرزادە بوو، میرزادە دەیوت: «کاتێك کە منداڵ بووم، سەنتووریێکم دروست کرد، کاتێك کە باوکم دەنگی سەنتوورەکەی بیست شکاندی، دواتر بە پارەی رۆژانەم کە کۆم کردبووەوە، ڤیالۆنێکم کـڕی، ئەویشی شکاند»، لە بنەماڵەدا هیچکەس پشتیوانی هونەری میرزادە نەبوو، لە دەرەوەیماڵیش کەس نەبوو شتێکی فێربکات، چونکە بە هیچ شێوەیەك لە کرماشان مامۆستای ڤیالۆنمان نەبوو، بە پێی بیستنی خۆی و کەڵك وەرگرین لە گۆڤاری مۆسیقا کە نۆتەکانی بڵاودەکردەوە، فێری نۆتە بوو و لە راستیدا مرۆڤێك بوو کە لەسەر پێی خۆی پێگەیشتبوو و بە توانا و هەست و بیری خۆی بووە باشترین ژەنیار، لە ژەندندا لە هەموو ناوچەکەدا کەسێکمان لە ئاست ئەودا نەبوو، ئێستاش زۆر کەس درێژەپێدەر و لاساییکەرەوەی شێوەی ئەون، ئاوەها بە دوور لە چاوی بنەماڵەو بە تایبەت باوکی، فێری مۆسیقا بوو، دواتریش چووە رادیۆو رەوتی ژیانی خۆی درێژە پێدا.

*** چۆن بوو میرزادە چوو بۆ تاران و کرماشانی بەجێهێشت؟**

– زۆرتر بەهۆی کارەکانییەوە بوو کە کرماشانی بە بچووك دەزانی بۆ درێژەپێدان بە ئیشهەکانی و ئەڵبەت هۆکاری سەرەکی درێژەدان بوو بە خوێندن کە ئەوکات زانکۆی تاران، کۆڵێجی هونەر و مۆسیقای دامەزراندبوو، کە ئەڵبەت پێشنیاری بە منیش کرد کە لەگەڵی بڕۆم و بخوێنم، کە من پێموت نامەوێت مۆسیقا ببێتە پیشەم، کە ئەو ڕۆیشت بۆ ئەوێ و منیش ڕۆیشتم ئەندازیاری رێگاوبانم خوێند، کە دواتر من گەیشتمە ئەو ئاکامەی کە هەڵەم کردووە، دوای چەند ساڵ منیش چوومە هەمان کۆڵێجی مۆسیقا، بە کورتی رێگای من درێژکرایەوە، موجتەبا بەم هۆکارەوە هاتە تاران، کاتێك کە موجتەبا هاتە تاران زۆربەی گرووپە هونەرییەکان بە باشی پێشوازییان لێکرد و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان ناسیاوی پەیدا کرد، و ئەم جێبەجێبوونە لە رەوتی ژیانی هونەریدا زۆر کاریگەر بوو، تاران ناوەند و پایتەختی ئێران بوو، کە ئەڵبەت ئەمە لە مێژووی ئێراندا دەبیندرێت، هەرکات شارێك بووەتە پایتەختی وڵات، هونەر لەو شوێنەدا باش گەشەی کردووە، چ کاتێك کە قەزوین پایتەخت بوو لە قۆناغی سەرەتایی دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی باشی تێدابوو، یان دواتر کە ئیسفەهان و شیراز بوونە پایتەخت، بوونە ناوەندی هونەری، بۆیە هاتنی بۆ پایتەخت و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پانتایی هونەری ئێرەدا، دەرگایەکی زۆری بە روویدا کردەوە، لە هەموو بوارەکانی مۆسیقادا دەستی کرد بە ئیشکردن و بەرهەمی بەپێزی خولقاند.

*** موجتەبا زیاتر لە کام بواری مۆسیقادا ئیشی دەکرد و بەڕای ئێوە لەکام یەک لەو بوارانەدا سەرکەوتووتر بوو؟**

– لە تاران موجتەبا زۆرتر لە بواری مۆسیقای فیلمدا ئیشی دەکرد، هەرروەها لە ستۆدیۆ جیاوازەکاندا بۆ ژەندن و دانانی مۆسیقا و دابەشکردن ئیشی دەکرد، بەڵام لە پلەی یەکەمدا زۆرتر مۆسیقای فیلمی دروست دەکرد و لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو بوو، یان ئەو سۆلۆ بەناوبانگانەی کە داینابوو، بەڵام لە رووی چۆنایەتییەوە، مۆسیقای کوردی میرزادە لە هەموو بەشەکانی دیکە گرنگترە، کەسانێك کە ئێستا گوێ لە بەرهەمی هونەرمەندانی گەورە مامۆستایان حەسەن زیرەك و مەزهەر خالقی دەگرن، یاد و بیرەوەی موجتەبا لایان زیندووە، بە تایبەت دوایین بەرهەمی لەگەڵ مامۆستا خالقیدا، کە لە کوردستان بووەتە بەرهەمێکی جاویدان و هەمیشە زیندوو.

*** ئایا بەڕای ئێوە موجتەبا درێژەپێدەری شێوەی ژەندنی پەرویز یاحەقی بوو یان خۆی خاوەن شێوە بووە؟**

– لەراستیدا موجتەبا لە سەرەتای ئیشکردنیدا، درێژەپێدەری شێوەی یاحەقی بوو، بەڵام دواتر شێوەی خۆی دۆزییەوە، بەڕای من موجتەبا خاوەن شێوەی خۆی بوو، شێوەی ژەندنی میرزادە جۆرێك بوو کە ئارشەی دەکێشا، جوان دیار بوو کە ئەمە ئارشەی میرزادەیە، پەنجەکانی کە دەکەوتنە کار، ئیتر هەموو شتێك زۆر روون و بەرجەستە دەبوو.

*** ئێوە بیرەوەری زۆرتان لەگەڵ میرزادە هەیە، ئەگەر بتانەوێت بیرەوەرییەک بگێڕنەوە، کام لەوانە زیاتر لە یادتان ماوە؟**

– ئێمە لە راستیدا کاتی زۆرمان پێکەوە بەسەر بردووە، بیرەوەری زۆریشمان هەیە، ئەوکات لە کرماشان زۆربەی شەوان تا بەیانیان دادەنیشتین و پرۆڤەی مۆسیقامان دەکرد، موجتەبا بەرنامەیەکی دانابوو کە ئەگەر هەر یەك لە ئێمە خەومان لێبکەوێت یەکێکی دیکە وەها بدات لەوەی واخەوی لێکەوتووە کە خەو لە سەری بپەڕێت، یەکێك لەو شەوانەدا ئامێرمان دەژەند کە لە پڕا دەنگێکی بەرز لە یەکێك لە دۆستان بەرزبووەوە و هاواری کرد، کە وادیار بوو لێیان دابوو کە لە خەو راچڵەکێت، هاتە وەڵام کە من نەخەوتبووم و چاوم بەستبوو و چێژم لە مۆسیقاکەی ئێوە وەردەگرت، موجتەباش وەڵامی دایەوە بەڵام دەنگی خەوتنەکەتمان دەبیست.

موجتەبا زۆر قسەخۆش بـوو، ئەگەر بـەلای شانۆو ئەکتەریدا برۆشتایات، بە دڵنیاییەوە زۆر سەرکەوتوو دەب، زۆر قسەشیرین و وردبین بوو.

لە قۆناغێکدا چەندین کێشە بۆ مۆسیقا لە ئێران هاتە ئاراوە کە بە توانا و مانەوەی کەسانێك وەکو موجتەبا توانی رێگای خۆی درێژە پێبدات، میرزادە لە کەسانە بوو کە مایەوەو هونەرەکەی درێژە پێداو بە باشی ئیشی کرد.

*** بەپێی پەیوەندی نزیکی نێوانتان، موجتەبا زیاتر چێژی لەکام یەک لە بەرهەمەکانی خۆی وەدەگرت؟**

– دوایین ئەلبومی لەگەڵ مامۆستا مەزهەر خالقی زۆر لای خۆشەویست بوو، کاتێك کە یەکتریمان دەبینی ئەو بەرهەمە دادەنا لە کاتی بڵاوبوونەوەی یەکێك لە بەرهەمەکاندا، بە منی دەوت: گوێ بگرە، بزانە دابەشکردنی ئاوا بەرهەمێك بە مێشکی شەیتانیش ناگات، لە راستیدا زۆر لەم بەرهەمەی خۆی چێژی وەردەگرت.

دواتریش لە فێستیڤاڵێکدا کە چووین بۆ سلێمانی، بڕیار بوو بەرهەمێکی نوێ لەگەڵ مامۆستا خالقی ئامادە بکەن، کە بەداخەوە بە کۆچی دوایی موجتەبا نەگەیشتە ئەنجام.

*** ئایا میرزادە و بەرهەکانی لە ئاست خۆیدا لە کوردستان و ئێران ناسراون؟**

– بەداخەوە مافی میرزادە لە مۆسیقای ئێرانیدا بە باشی نەدراوە، تواناکانی یەکجار زۆر بوون، موسیقا چەندین بواری هەیە، ئەم مرۆڤە ئەوەندە بەتوانا و بەهێز بوو کە لە هەموو بوارەکاندا توانا و ناوازە بوو، ئەمە هەمیشە بۆ من جێگای داخ و پەژارە بووە کە لە بوونی میرزادە لە ئاست خۆیدا کەڵك وەرنەگیرا، ئەگەر بارودۆخەکە گونجاو ببوایات، موجتەبا دە ئەوەندەی بەرهەمەکانی ئێستای دەیتوانی بەرهەم بخولقێنێت، ئەم بەرهەمانەی ئێستای موجتەبا، ١٠٪ی ئەو بەرهەمانەن کە موجتەبا بە بیرمەندی و توانا و داهێنانی خۆی خولقاندی، کە ئەڵبەت ئەم نەگونجاو بوونەی بارودۆخ، هەردوو بواری دەرەکی و ناوەکی دەگرێتەوە، موسیقا لە ئێران قۆناغێکی هەستیاری تێپەڕاند و ئەم قۆناغە لەسەر ئیشی هەموومان کاریگەری خراپی دانا.

*** بەڕای ئێوە موجتەبا بۆچی ئیشی مۆسیقای کلاسیکی نەکرد؟**

– موجتەبا بە باشی مۆسیقای کلاسیکی دەناسی و زۆربەی بەشەکانی مۆسیقای کلاسیك تایبەت بە ڤیالۆنی بە باشی دەژەند کە زۆریش دژوار بوون، لەم بوارەدا زۆر بەتوانا بوو، بەڵام بۆ ئیشکردن لەم بوارەدا، دەبێت بوار برەخسێت، یان دەبێت بناسرێت بە شوێن یان گرووپێکی بیانی یان لانیکەم دەبوا پشتیوانی بکرایات، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەکرا، ئێمە بەداخەوە لە بواری مۆسیقای کلاسیکدا پشتیوانی باشمان نەبوو، لەم ساڵانەدا کە ئێمە ئەزموونی بەڕێوەبردنی کۆنسێرتمان لە وڵاتانی ئەوروپایی بووە، بینیومانە کە مۆسیقای عەرەبی یان کلاسیك تا چ رادەیەك گەشەیان کردووە و جێ پێی خۆیان کردووەتەوە، تەنها مۆسیقای ئێرانییە کە هێشتا غەریب ماوە، هێشتا ئەو بیسەرانە کە دەتوانن بیسەری باشی مۆسیقای ئێرانی بن چالاك نەکراون و ئیشیان لەسەر نەکراوە، پشتیوانی نەکردن و سیستمی هەڵەی بەڕێوەبەری و ... هۆکارەکانی ئەم رووداوەن، لە راستیدا هەم هونەرمەندەکانمان غەریب کەوتوون هەم مۆسیقاکەمان، کە موجتەبایش تووشی ئەم بارودۆخە بوو.

*** ئەگەر بمانەوێت موجتەبای میرزادە لە رستەیەکدا بناسێنین، چی دەڵێین؟**

– موجتەبا ناوازەیەك بوو کە بەڕای من ساڵەهای ساڵ کاتی دەوێت هونەرمەندێك بە توانایی ئەوەوە، دووبارە دروست بێتەوە، ناوازەیەکی هونەری بوو، کاتێك کە وێنەی دەکێشا بێ ئەوەی لە شوێنێك فێر بووبێت، باشترین وێنەکانی دەکێشا، لە بواری ئەدەب و خۆشنووسیدا زۆر زۆر بەتوانا بوو، بە خۆشحاڵییەوە بەرهەمی جاویدانی خولقاند کە بە یادگار لێی ماونەتەوە و ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئێمە یادی دەکەینەوە.

**پڕۆفایل:**

کەیخەسرەو پوورنازری لەدایکبووی ١٩٤٤ لە کرماشانە، دامەزرێنەری گرووپی مۆسیقای شەمس و لە مامۆستایانی بەناوبانگی مۆسیقای کوردی و ئێرانییە، گرووپی شەمس بە سەرپەرستیی کەیخەسرەو پوورنازری تا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ کۆنسێرتیان لە ئاست جیهانیدا بەڕێوە بردووە، ناوبراو لەگەڵ دوو کوڕەکەی، تەهموورس و سۆهراب توانیویانە داهێنانی نوێ لە ئیشی مۆسیقا و بوتایبەت مۆسیقای تەموورەدا بکەن.


# میلاد کیایی: موجتەبا میرزادە، مۆزارتی ئێران بوو

*** ئێوە لە چ ساڵێکەوە موجتەبا میرزادەتان ناسی؟**

ـ من لە ساڵی ١٩٦٠دا موجتەبا میرزادەم ناسی، لەو ساڵەدا بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمێکدا بانگهێشتی کرماشان کرابووین، ئەم ڕێوڕەسمە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠دا لە خوێندنگایەکی دواناوەندیی کرماشان بەڕێوە دەچوو و خاتوونێك بەناوی پوولەکی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە بوو کە منیش بەرپرسی مۆسیقای ئێرانی ئەو ڕێوڕەسمە بووم و لەگەڵ گروپەکەماندا لە تارانەوە ڕۆیشتبووین بۆ کرماشان، ئەوکات نزیکەی ١٦ ساڵ تەمەنم بوو، خانمی پولەکی زۆر لایەنگری شیعر و مۆسیقا و ئەدەب بوو، پێی وتم: لێرە گەنجێکی لێیە کە ڤیالۆن بە باشی دەژەنێت و دەتوانێت یارمەتیتان بدات، ئێمەش پێشوازیمان لە پێشنیارەکەی کرد، موجتەبا هاتە لامان کە گەنجێکی جوان و ڕێکوپێك بوو، کاتێك کە دەستی کرد بە ژەندن هەموومان زۆرمان پێ سەیر بوو، جوان لەبیرمە یەکەمین شتێك کە ژەندی مۆسیقای بەناوبانگی کۆولی بەرهەمی چارداش مۆنتی بوو، کە زۆر تەکنیکاڵەو موجتەبا میرزادە بە پەنجە بەتواناکەی زۆر بە باشی لێیدا، ئێمە هەموومان بەڕاستی زۆرمان پێ سەیر بوو، پێمان وت شانازی دەکەین کە پێکەوە هاوکاری بکەین، دوای ئەمە بوو کە هاوکاریی ئێمە دەستی پێکرد و چەندین شەو لە کرماشان پێکەوە بەرنامەی مۆسیقامان بەڕێوە برد، لە کاتێکدا بە هیچ شێوەیەك پرۆڤەمان نەکردبوو، ئەمە یەکەمین دیداری نێوانمان بوو، دیداری دووەم هاوینی ساڵی ١٩٦١ لە فێستیڤاڵی رامسەر بوو، لەو فێستیڤاڵەدا کاتێکی زۆر پێکەوە بووین، ئەو ساڵە کەسێك بەناوی محەمەدی یاحەقی لە تارانەوە لە بەشی ڤیالۆندا بەشداری کردبوو و ئاغای حەبیبوڵلا بەدیعیش هەڵسەنگاندنی بۆ کەسەکان دەکرد کە ئەو ئەو ساڵە موجتەبا میرزادە و محەمەدی یاحەقی بە پلەی یەکەم لە ڤیالۆندا دەرچوون، لە سەنتووردا من بوومە یەکەم، لە تاردا محەمەدڕەزا لوتفی و ... لە فێستیڤاڵی رامسەردا هەموو ساڵ ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان بەشدارییان دەکرد، لەوانە دکتۆر محەمەد سەریر و هەروەها ئامادەبوونی کامکارەکانیشم لەبیرە، بەتایبەت هوشەنگ و بیژەن کامکار و هەروەها لە بیرمە لە یەکێك لە خولەکاندا خوشکی کامکارەکان واتە قەشەنگ کامکاریش بەشداریی کردبوو.

*** تایبەتمەندی ئیشەکانی موجتەبا لە چیدا بوو؟**

- بەداخەوە موجتەبا زۆر زوو لەدەستمان چوو، کە بەڕاستی نـاوازە بوو و یادکردن لە موجتەبا و زیندوو ڕاگرتنی یاد و ناوی، ئەرکی سەرشانی هەموومانە، دەتوانم بڵێم ئەگەر نەمسا، هونەرمەندێکی بەناو مۆزارتی هەبوو، ئێمەش لە ئێران موجتەبا میرزادەمان بووە کە بەداخەوە زۆر کەس نەیانناسی و بەڕاستی توانا و بلیمەتیی موجتەبا نەناسراو ماوەتەوە، موجتەبا میرزادە تا دوایین چرکەی دانانی بەرهەمێك نەیدەزانی دەیەوێت چی لێبدات، هەمان کات کە ڤیالۆنەکەی دەردەهێنا بڕیاری دەدا چی لێبدات، بۆ نمونە لەو مۆسیقایانەدا کە بۆ فیلمی دادەنا، ئەو کارە وادوادەکەوت کە تەنانەت کێشەی لێدەکەوتەوە، بەڵام موجتەبا لە هەمان ستۆدیۆدا، نۆتەکانی دەنوسی و زۆربەی ئامێرەکانیش خۆی دەیژەند، چونکە بەسەر زۆربەیاندا زاڵ بوو، جگە لەوەی لە ڤیالۆندا مامۆستا بوو، کەمانچە و سێتار و تار و سەنتووریشی بە باشی لێدەدا، ئەمە جگە لەوەی کە لە ئامێرناسیدا زۆر بەتوانا بوو، لە لێدانی ئەم ئامێرانەشدا زۆر بەتوانا بوو، هەر لەوێ لێی دەدا و بەرهەمێکی ئۆرکێسترالی هەر لەوێ تۆمار دەکرد. کە بەڕاستی وەها توانا و بەهرەیەك زۆر نایابە، لە بیرم دێت نزیکەی یەك ساڵ پێش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، لە کۆبوونەوەیەکی هونەریدا، یەکێك لە ئامادەبوان کاسێتی بەرهەمێکی هونەری دانا کە ئۆرکێستری گەورە پێشکەشی کردبوو و وتی کە ئەمە بەرهەمی مۆسیقیدانێکی گەورەی بیانییە کە لەسەر مێلۆدیی مۆسیقای ئێرانی ئامادەی کردووە، کە گوێم لێگرت زانیم کە ئەمە بەرهەمی مۆسیقیدانێکی ئێرانییەوە و زۆر بە باشیش ئامادەو دابەشکرابوو، وتم لەوانەیە بەرهەمی موجتەبا میرزادە بێت، هەرچەند پێداگریم لەسەر ئەم بابەتە کرد بڕوایان پێ نەکردم، تەلەفۆنم بۆ چەندین شوێن کرد و لە چەندین هونەرمەندی مۆسیقی پرسیارم کرد، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بەرهەمەکەم بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام هەموویان وتیان نازانین بەرهەمی کێیە، لە کۆتاییدا موجتەبام لە ماڵی یەکێك لە دۆستان دۆزیـــیەوە، پرسیارم لێکرد و ئەویش وتی بەرهەمی خۆیەتی، پرسیاری لێکردم کە من لە چ کەسانێکم پرسیوە کە نەیانزانیوە، منیش ناوی ئەو هونەرمەندانەم هێنا، موجتەبا وتی زیاتر لە نیوەی ئەم کەسانە لەم بەرهەمەدا ئامێریان ژەندووە، زۆر پێی ناخۆش بوو و لێرەدا بوو کە کورتبینی ژمارەیەك هونەرمەندمان بۆ دەرکەوت.



موجتەبا میرزادە و میلاد کیانی بە گەنجی

موجتەبا لە ساڵی ١٩٦١ەوە تاوەکو ساڵی ١٩٦٦ هەرکات لە کرماشانەوە دەهات بۆ تاران لە ماڵی ئێمە دادەنیشت، ئەڵبەت دوای ساڵی ١٩٦٦ خۆی یەکجارەکی هاتە تاران و لە تاران نیشتەجێ بوو، ئەوکات لەگەڵ براکەم بەهمەن کیایی کە ئەویش هونەرمەندێکی باش بوو، زۆر دۆست بوو و لە یەك نزیك بوون، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٥، ئێمە ڕۆژانی هەینی لە تەلەڤزیۆنی ئێران بەرنامەیەکمان پێشکەش دەکرد بەناوی «احساس و اندیشه»، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرا، دوو حەفتە جارێکیش بەرنامەی «بەزمی ئادینە»مان بووە، لەم گروپەدا موجتەبا ڤیالۆنی دەژەنـد کە لە کرماشانەوە دەهات بۆ تاران، بەرنامەکانی ئەوکاتی فەرهەنگ و هونەر، ڕۆژێکی تەرخان کرابوو بۆ مامۆستا پایوەر، ڕۆژێك بۆ مامۆستا محەمەد حەیدەری، ڕۆژێك عیمادی رام، ڕۆژێك عەباس خۆشدڵ و ...، ڕۆژانی هەینیش ئێمە بووین، کە بینەرێکی زۆریشی بوو، بەڕاستی سەردەمێکی زێڕین بوو و بیرەوەری زۆر باشمان لێی هەیە.

*** ئایا بەڕای ئێوە موجتەبا لە لێدانی ڤیالۆندا، خاوەن شێوەی تایبەت بە خۆی بووە؟**

ـ چەندین جار خۆم بینیومە کە موجتەبا بە ئامادەبوونی مامۆستا پەرویز یاحەقی یان ئەسەدوڵڵا مەلك و یان مامۆستا بەدیعی، ڤیالۆنی لێداوە، لە ڕاستیدا موجتەبا لە هەموو ئەمانە شتی وەرگرتبوو، بەڵام ئەگەر بڵێین نزیکییەك بوونی بووە لە ئاستێکی زۆر کەمدا نزیك بوو لە شێوەی ئەسەدوڵڵا مەلك، بەڵام دواتر کە مۆسیقا بووە پیشەی، بەڕاستی شێوەی خۆی پەیدا کرد و بووە خاوەن شێوەی تایبەت.

*** موجتەبا لەم کام لەو بوارانەدا کە ئیشی کردبوو سەرکەوتووتر بوو؟**

ـ موجتەبا لە هیچ بوارێکدا لە ئاست تواناکانیدا سەرکەوتوو نەبوو، بەداخەوە زۆر دیسیپلینی نەبوو لە ئیشدا، زۆر گرنگی بە بەڵێنەکانی نەدەدا، هەموو ئەمانە زیانی گەیاندە کاری موجتەبا، موجتەبا میرزادە دەیتوانی زۆر زیاتر لەوەی کە کردبووی، بەرهەم بخولقێنێت، ئەوەی ئێستا لە موجتەبا دەیبینین و دەیبیستین، بەدڵنیاییەوە کەمترە لە سەدا دەی تواناکانی، موجتەبا هەموو ئەم شتانەی لە ناخیدا بوو، لەڕاستیدا توانای میرزادە توانای هەڵقوڵاوی ناخی بوو، هیچ چەشنە هەوڵێکی نەدەدا، مۆسیقاو داهێنانی هونەری، لە ناخیدا بوو، چ لە ژەندندا یان لە دابەشکردندا، ئەڵبەت لە سەرەتای ژیانیدا هەوڵی دەدا، بەڵام دواتر هەموو شتێك بووە جۆششی دەروونی، بەداخەوە کۆمەڵگای ئێمە موجتەبای نەناسی، بەڕای من گەورەترەکان لە ئاست موجتەبا کەمتەرخەم بوون و چاودێرییەکی باشیان نەدەکرد، هەموو ڕۆح و گیانی موجتەبا، داهێنان بوو، کۆی گشتیی ئەو خولە مۆسیقاییانەی کە ڕۆیشتبوو نەدەگەیشتە ١٠ کاتژمێر، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی نافەرمی و سەرپێیی مامۆستایەکی دەبینی هەموو ئەو زانیارییانەی کە ئەو مامۆستایە لە تەمەنیدا کۆی کردبووەوە لێی وەردەگرت، بۆ نموونە دیدارێکمان بوو لەگەڵ مامۆستا مورتزا حەنانە، بینیم موجتەبا بە چەند پرسیارێکی ژیرانەو ورد یان بە بینینی پارتیتوری مامۆستا حەنانە یان هەر مامۆستایەکی دیکە، وەکو کۆمپیۆتەر هەموو شتێکی وەردەگرت، میرزادە مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو و بەڕاستی لە کیسمان چوو، بەرهەمە بەجێماوەکان لە میرزادە لە خوارووی ١٠٪ی تواناکانیەوەیە، بەداخەوە دەبێت بڵێم موجتەبا لەناوچوو.

*** لە کۆتایی ژیانیدا هیچ پەیوەندیتان مابوو؟**

ـ بەڕای من موجتەبا، دیقی کرد، چونکە لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا زۆر تێکچووبوو و گۆشەگیر ببوو، ئەڵبەت مردنی سۆهەیل ئەیوانی کاریگەریی زۆری لەسەر ڕۆح و دەروونی موجتەبا دانابوو، ئەمەش لەناوی برد، تەنانەت دۆستەکانیشی بە سەختی دەناسییەوە، دوایین جار لە گۆڕستانی هونەرمەندان لە کاتی بەخاك سپاردنی سیاوەش زندەگانی بینیم و دوای ئەوە بەداخەوە هەواڵی کۆچی دواییمان بیست.

**پرۆفایل:**

میلاد کیایی، موزیسیان و ژەنیاری سەنتوور، لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤ لە شاری تاران، لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە کاری مۆسیقا دەکات، زیاتر لە ١٠٠ مۆسیقای دانـاوەو هەروەها خاوەن چەندین داهێنانی تایبەتە لە ئامێری سەنتووردا، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکاییدا کۆنسێرتی بـووەو چەندین کتێبیشی نوسیوە، لە ساڵی ٢٠٠١دا لە ئێران بڕوانامەی دکتۆرای مۆسیقای پێدراوە.

# مۆسیقا کووچە باخی خۆشەویستییە، نەک بنبەستێکی تۆقێنەر!

**شاهڕوخ تویسەرکانی**

مێژووی سەردەم لە کوردستان و کرماشان، هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و لە پەنا خێڵی سیاسەت، هونەرمەندەکانی بەتایبەت ئەوانەی کە دەستیان لە بواری مۆسیقای ناوچەیی و ئێرانیدا هەیە، لەو بوارەدا لەچاو پارێزگاکانیتری ئێران هەوڵ و کۆششی زۆرتریان داوە. یەکەمینیان سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بوو کەلە ساڵەکانی ١٣٠٠ی هەتاوییەوە بە شێعرگەلێك لە مەولەوی، وەفایی و تاهیربەگی جاف پەیامی خەڵکانی ئەو ناوچەیەی بە دەنگێکی خۆش و دڵڕفێن دەرئەبڕی کە ئەگەر ئەم رۆژگارانە سنە نەدەبووە شوێنی مەنفای عارفی قەزوینی، دیارە دەنگی سەیدعەلی ئەسغەر لە چاوی (نقر) عارف و کۆمەڵگای ئێرانی شاراوە ئەمایەوە. بەڵام مەقاماتی بێوێنەی سەیدعەلی ئەسغەر لە ماوەیەکی کورتدا جێگای خۆی لەناو خێڵی هونەر و لایەنگرانی مۆسیقای ئێرانی کردەوە. ئەگەرچی ماوەی چالاکییەکانی کورت بوو و لە ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد. لە پاش ئەو هونەرمەندانێکی تر هەوڵیان دا کە پەیامی شاعیرانی وڵاتەکەیان بڵێنەوە و ئەمجار نۆرەی مامۆستایانێك وەك مورتەزا حەنانە، حەسەن کامکار، حەسەن یووسف زەمانی و موجتەبا میرزادە بوو کە دەنگێکی ناوازەیان دۆزییەوە و ئەوەیش مەزهەری خالقی بوو کە ٢٠٠ گۆرانی و ئاوازی لە شێعرەکانی نالی، پیرەمێرد، وەفایی،شێرکۆ، عوسمان ئەحمەدی، عابد سیراجەدینی و هتد کوتۆتەوە. لە پاش ئەوە و لە دوای شۆرشی گەلانی ئێران، موسیقای کوردی جارێکی تر بووە هۆی جیاوازیی ئەم نەتەوەیە و هێمایەك بۆ شوناس و زمانی ئەم وڵاتە. ئەمجار نەوەیەکی نوێ بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر، ئەم هونەرەیان پەرە پێدا و لەپێناو مانەوەیدا هەوڵیان دا. ئەوانە کەسانێك بوون وەکوو ئەم خۆشەویستانە: کامکارەکان، یوسف زەمانییەکان، پورنازریەکان، عەندەلیبیەکان و فەرەجپوورییەکان و مامۆستای ئاوازی ئێران شەهرام نازری.


لەم وتارەدا باس لە یەکێك لەم هونەرمەندە ناوازانە و کارەکانی دەکەین، نەمر موجتەبا میرزادە (١٣٤٨ - ١٣٢٤). میرزادە لە شاری کرماشان و لە بنەماڵەیەك کە باوکی کارمەندی دەوڵەت بوو هاتە دنیاوە. میرزادە لە شوێنێك لەدایك بوو کە بۆ گەشە و پەرەوەردە کردنی بەهرە دەروونییەکانی، کەمترین بارودۆخی گونجاویشی بۆ نەدەڕەخسا. بەم حاڵەوە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە (چواردە ساڵی) بە یارمەتیی بەهرە دەروونییەکانی و ماندوونەبوونی خۆی هەوڵی فێربوونی مۆسیقای دا و لەم ڕێگەیەدا لە هیچ هەوڵ و کۆششێك دانەبەزی. موجتەبا میرزادە ئەبێ وەکو نموونەی تەواو و کەماڵی هونەرمەندێکی خۆ پێگەیاندو کە هیچ مامۆستایەکی نەبووە. لەبەرئەوەی لە تەواوی دەورەی فێرکاری خۆی هیچ مامۆستایەکی نەبوو. زانیاری و شارەزایی بەربڵاو کە دواتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مۆسیقا بە دەستی هێنا (کە سادەترین وانەکانی ژەنیاری و نۆت خوێنی تا دژوارترین تەکنیکەکانی ئاهەنگسازی و ئۆرکیستراسیۆنی لەخۆ دەگرت) تەنیا هی زەوقی زۆر و هەوڵی ئەویندارانەی خۆی بوو.

نەمر موجتەبا میرزادە موزیسیەنێك بوو کە بە پێچەوانەی زۆربەی هاوکاران و هاودەورەکانی خۆی کە بە روانگەیەکی لایەنگرانە تەنها جۆرێکی تایبەت لە موسیقایان، شایانی سەرەنجدان دەزانی، بازنەی چالاکییەکانی خۆی هیچکات بە لایەنگری لە یەك شێوە و ستایلی مۆسیقا تەسك نەکردەوە. ئەو لە ساڵانی دەیەی پەنجا زۆربەی کاتەکان وەکوو ژەنیار و دابەشکەر لەگەڵ موسیقاژەنەکانی پۆپ چالاکی ئەکرد. لە ژەندنی ئامێریشدا، ئەگەرچی بەهۆی لەخۆبوردەیی و گۆشەگیری سروشتی کە هەیبوو، هەرگیز دیعایەی نەدەکرد، بەڵام بەڕاستی خاوەن ستایلێکی تایبەت بە خۆی بو کە تێکەڵاوێك لە شیرینی و چێژی بە تەکنیکێکی بەهێز و خاوەن پێکهاتەی بە گوێی بیسەر ئەگەیاند. نەرمی ئارشە و شارەزایی لەڕادەبەدەری کە لە ژەنینی (تکیەها) و (تریلها) بە زۆرترین خێرایی لەلایەن خۆیەوە نیشانی ئەدا، تەنها لەلایەن کەسانێکەوە هەستی پێ ئەکرێ کە لە نزیکەوە لەگەڵ ژەنینی ڤیالۆن، ئەم ئامێرە سەرکەشە ئاشنایەتییان هەیە. نمونەی بەرچاوی شارەزایی و خێرایی پەنجەی ئەو لە سۆلۆیەکدا کە لە ئەلبۆمی (نان و دەڵقەك) پێشەکشی کردووە، ئەتوانین هەست پێبکەین و بیبیستین.

پێشکەشکردن، دابەشکردن و لێدانەوەی ئاوازگەلی قەدیمی کوردی، دیمەنێکی تر لە بازنەی هەوڵەکانی میرزادە بەرەوڕووی ئێمە ئەکاتەوە. گۆرانیبێژانی کورد وەکوو: حەسەن زیرەك، مەزهەر خالقی، هاشم رەبیعی و کەسانیتر بێگومان بەشێك لە ناوبانگ و سەرکەوتوییان دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی هاوکاری لەگەڵ میرزادە و ئەمڕۆکە کەمتر بەرهەمێك لەو کەسانە لەدەست دایە کە میرزادە رۆڵێکی بەرچاوی لە پێشکەشکردنیدا نەگێڕابێ.

ئامێری تایبەتیی میرزادە ڤیالۆن بوو کە لەژێر کاریگەریی پەرویزی یاحەقی و ستایلەکەی ئەودا بوو. بە وتەی خۆی: لە خۆشەویستیی یاحەقی ڤیالۆنی گرتۆتە دەست. بەڵام ژەنیاریی میرزادە لەگەڵ ئەوەی لەژێر کاریگەریی ئەم ستایلەدا بووە، بە تێپەڕکردنی رەوتی کامڵ بوونی خۆی، لە چوارچێوەی ئەو ستایلەدا نەمایەوە و دەربڕین و زاراوەیەکی سەربەخۆی (تەنانەت نزیك بە ڤیالۆنی کلاسیك) بە خۆوە گرت. میرزادە لەسەر ئەو باوەڕە بوو هەر ئامێرێك زمان و کەسایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ وێنە سێ تار نابێ وەکو تار یا تەمووره لێبدرێ، یان ڤیالۆن نابێت وەك کەمانچە بژەنین یان پێچەوانەکەی، بەڵکو دەنگ وەرگرتن لە هەرکام لەم ئامێرانە ئەبێ بەپێی پێشینە، ئاخێزگا و توانیاییەکانیان بێ. لە ڤیالۆن ژەندنی میرزادەدا کۆمەڵێك لە تەکنیکگەلی رۆژئاوایی تێکەڵاو بە چێژی ڤیالۆنی ئێرانی بە جوانی خۆی دەرئەخا. تریۆلەکان بەهێز و خێرا بە قامکەکانی دووەم و سێیەم کە زۆر کەڵکیان لێوەردەگرێ، مالش گلیساندۆگەلی کەم بەڵام بەجێ، ئارپژگەلی جۆراوجۆر بە داشکان و هەڵکشانی تایبەت، بە کەڵك وەرگرتن لە تەکنیکەکانی ژەنیارگەلێك وەکوو بەدیعی و یاحەقی و هەروەها تەکنیکگەلی داهێنەرانە و لە کۆتاییشدا ئارشەکێشانی نەرم بەڵام قورس و قایم بە بێ بیستینی دەنگێکی زیادی لە کاتی چەپ و راست بوونی ئارشە، بە شێوەیەك کە توانایی و جوانی هونەریی میرزادە بە باشی لەوێدا دەرئەکەوێ.

ئەو تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئارشەش بەو جۆرە کە لەگەڵ ناوەرۆکی هەربەشێك گونجاو بێ کاری ئەکرد،بە شێوەیەك کە لە حاڵەتی ئستاکاتو (بڕگە بڕگە) بووندا و پێویستی بە جوڵانەوەی زۆرتری ئارشە، لە ئارشەیەکی سووك بەڵام کورت و لە حاڵەتی لێدانی لگاتۆ یا نۆتگەلی ماوەدار، لە ئارشەیەکی بڵێند کەڵکی وەردەگرت. ئەو خۆی باس لە جوان بینی ئەو لە ژەنیاریدا ئەکا. ئاشنایی میرزادە لەگەڵ هەمو چەشنە مۆسیقایەك، جۆراوجۆرییەکی دڵڕفێن بە ژەنیاری ئەو بە تایبەتی لە ژەنینی ڤیالۆندابوو کە کەمتر بیسەرێك لە دەنگی ئامێرەکەی ماندوو ئەبو. میرزادە شارەزاییەکی زۆری لە پێکەوە لکاندنی مۆسیقاگەلی ناهاوشێوە لە گەڵ یەکتر هەبوو. خۆزگە دەنگ یان وێنەیەك لە ژەنینە تایبەتییەکانی ئەو بوایە تا هەموان بیبینن و بیبیستن کە چۆن لە بەشێکی مەقامەکە دەستی پێدەکرد و ئەوی بە بەشێکی کلاسیك گرێدەدا، پاشان سەری لە مۆسیقای فۆلك دەرئەهێنا لە درێژەشدا بە برڵێدان بە موومانی لە فلان سەمفۆنیای بەناوبانگ،لە



شاهڕوخ تویسەرکانی

ئاوازێکی کۆندا کۆتایی پێدێنا. هاوڕێی خۆشەویست و هونەرمەندمان جەنابی نەوزەر ئازادی شەوێك لە باسی زەوقی هونەری نەمر موجتەبا میرزادە کە هاورێ و هاوشاریشی بو ئەیگێڕایەوە کاتێك ئێمە زنجیرە درامای (کاف شوامان) دروست ئەکرد،چونکە ناوەرۆکی ئەم درامایە چیرۆکێکی تەنز و کۆمێدی هەبو، لەبەشێك لەودا بڕیار بوو ئاوازی «سەروی زەریاچەی قو» بە پێشەکشکردنی خاتو مێری ئاپیك بگونجێنین. سەرەتا موسیقاکەی چایکۆڤسکی لێدرا،لە پاشان هاوڕێی خۆشەویستم موجتەبا میرزادە بە وەها شارەزاییەك ئەو مۆسیقا کلاسیکەی کردە موسیقایەکی شەش و هەشتی ئێرانی کە لە جۆری خۆیدا کارێکی بێ وێنەیە لە مۆسیقای تەنزدا. میرزادە لەگەڵ پێکهاتەی ئامێری ڤیالۆندا ئاشنایی تەواوی هەبوو و دەیزانی چۆناوچۆن بە گۆڕانکارییەکی کەم لە خەرەك، پۆل یان شێوەی چینشی سیمەکان ئەو دەنگەی کە خۆی ئەیهەوێ لە ئامێرەکە وەریگرێ.

بەگشتی میرزادە پسپۆڕێکی بە تـەواو مانا لە ژەنینی ئامێری ڤیالۆن لە ئەژمار بێنین کەلە گەڵ تەکنیکێکی یەکجار زۆر لە هەستیش بە باشی کەڵکی وەردەگرت. میرزادە جگە لە شارەزایی تەواو بە سەر مۆسیقای رۆژئاوایی و ئێرانی، لە مۆسیقای فۆلکلۆریك و ناوچەییشدا بەهرەیەکی لەرادەبەدەری هەبوو. دابەشکردنە فۆلکلۆرییەکانی ئەو کە زیاتر دوو مۆسیقای کوردی و لوڕی لەخۆ ئەگرێ، لە جێگەی خۆیان قسەی زۆریان پێیە بۆ گوتن. دابەشکردنی لەبیر نەکراوەی ئەو لە چەند سترانێکی لوری بە دەنگی نەمر رەزا سەقایی (دەوروبەری ساڵانی ١٩٧٧و١٩٧٨) پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر، هەروا جێی سەرنجی کەسانی شارەزا و پسپۆر و هۆگرانی مۆسیقایە لە لوڕستان. ئەو بە هێنانەناوەوەی ئامێرگەلێك وەکو کۆنترباس، ڤیالۆنسێل، ئەبوا، تیمپانی و هتد لە کەنار ئامێرگەلێك وەك سەنتوور، کەمانچە، تار، عود و چەندین ئامێری ئێرانی ئەویش لە بواری مۆسیقای لۆریدا دەستی دایە کارێکی گەورە کە تا ئێستا وێنەی ئەو ئەنجام نەدراوە و سترانی بەناوبانگی (دایە دایە) کە لەم بەرهەمەدا بە دابەشکردنێکی جیاواز ئەیبیستین، پاش راپرسی لە هەزار موزیسیان وەکوو بەرهەمێکی نەتەوەیی تۆمار کراوە.بەڵێ تێکەڵاوکردنی ئەم دوو گروپە لە ئامێرەکانی مۆسیقا ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتوو و پایەدار بوو کە دەرەنجامی ئەویش داهێنانی بەرهەمێکی جاویدان بو لە موسیقای لۆرستان. یەکێکی تر لە ئاوازەکانی ئەم کاسێتە بە ناوی (میری) کە گێرانەوەی بەشێك لە بەسەرهات و رووداوە مێژوو‌ییەکانی لۆرستانە، تروپکی کاری دابەشکردنمان نیشان ئەدا. لەڕاستیدا ئەتوانین ئەو وەکو ئاهەنگسازێك بزانین کە لە هیچ هەمو شتێکی ئەخوڵقاند. لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی سەرەکیی ئەم ئاوازە موتیفێکی کورتە، بەڵام دابەشکردنی ئەو یەك رستەیە وەها بە شارەزایی ئەنجام دراوە و وەها شاخ و باڵی پێدراوە کە بۆتە ئاوازێکی تەواو و بیسەر هیچ چەشنە جیاوازی یان دابڕانێك لە نێوان موتیفی سەرەکی و باقی رستەکان هەست پێ ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا کەمانچەی جوان و پڕ لە هەستی میرزادە لەم کـارەدا، مۆری مانەوەی هەتاهەتایی لەسەر تەوێڵی بەرهەمەکە داوە. لە موسیقای کوردیشدا، دابەشکردنە جوان و نوستالۆژیکەکانی ئەو بە دەنگی گۆرانیبێژانی لەبەردڵان لایەنگرانێکی زۆری هەیە. سترانی ساقی بە دەنگی مەزهەری خالقی لەو ئاوازانەیە کە تەنانەت میرزادەش خۆی زۆر حەزی لێی بوو. میرزادە لە داهێنانی بەرهەمگەلی موسیقای سنووریکی نەئەناسی. لە سۆلۆی ڤیالۆندا لە مۆسیقای کوردی و فارسییەوە بگرە تا ژەنینی بە کۆمەڵ لە ستۆدیۆکان، لە مۆسیقای ناوچەییەوە بگرە تا مۆسیقای کلاسیك، رۆژئاوایی و پاپ، جاز و بلوز، لە مۆسیقای سوننەتیەوە تا بەرنامەگەلی کوچە بازاڕی و سرودگەلی شۆڕشی و مۆسیقای فیلمی لە کارنامەی خۆیدا کۆ کردۆتەوە. ئەو پتر لە ٤٠ مۆسیقای بۆ فیلمگەلی فارسی دروست کردووە کە رەنگە پاش هاوشاری و هاوڕێی کۆچکردووی واتە مورتەزا حەنانە زۆرترین چالاکی لەو بوارەدا کردووە.

میرزادە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە نابێت بۆ کەسێك کە تازە ئەیهەوێ بێتە ناو پیشەی مۆسیقاوە، کارەکەی دژوار نیشان دەین و رەشبینی کەین. ئەو لە دیمانەیەکدا ئاوا دەڵێت: «ئێمە لە مۆسیقادا ئەمانهەوێ بە خوێندکارانی هونەر، کوچەباخی خۆشەویستی نیشان بدەین، نە بنبەستی تۆقێنەر». هەمیشە گلەیی ئەوەی هەبوو لە کەسانێك کە رەدیفیان بە کۆتایی رێگەی مۆسیقا ئەزانی و نەزانینی ئەو هاوتا بو لەگەڵ هیچ نەزانین. لەروانگەی میرزادەوە رەدیفی موسیقای ئێرانی رێگایەکە کە تێپەڕین بەودا پێویستە، بەڵام راوەستان و مانەوە تێیدا هەڵە و بەلاڕێدا چوونە. بیروباوەڕی شایانی پەسەند و هەڵوێستی مەعقولی ئەو سەبارەت بە مۆسیقا جێگەی سەرنج و تێڕامانە. بۆ وێنە جەختی هەمیشەیی بۆ بەکاربردنی هێز و ورە بە ئاڕاستەی پێشکەوتن و دوانەکەوتن لە قافڵەی جیهانیی مۆسیقا. رۆژێك لە بەرنامەی (نەیستان) لێیان پرسی کە ئێوە مامۆستاکانی ئێستای زانکۆگەلی مۆسیقا لە چ ئاستێکدا دەبینن و ئایا لێهاتوویی ئەوان لەم کارەدا پەسند ئەکەن؟ میرزادا وەڵامێکی زۆرجوانی بەم پرسیارە دایەوە: «ئێمە بە جێگەی ئەوەی بێین بڵێین کێ باشە و کێ خراپ، بەو ئاڕاستەیەدا بڕۆین کە خۆمان چیبکەین تا باش بین واتە هێز و ورەمان بۆ پەراوێز بە کارنەهێنین».

روحی شاد و رێگەی پایەداربێ...

**پڕۆفایل:**
شاهڕوخ تویسەرکانی، سەرنوسەری گۆڤاری بەناوبانگی «دنیای سخن»، لە رۆژنامەنوسانی بەناوبانگی ئێرانییە، کە پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ هونەرمەندانی ئێرانیدا هەیە و دوای داخستنی گۆڤارەکەشی، ئەو پەیوەندی و دۆستییەی پاراستووە و چالاکییەکانی خۆی راگرتووە.




خاوەنی ئیمتیاز: د. فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: ستران عەبدوڵڵا

ئامادەکار: نووسینگەی مەکتەبی ڕاگەیاندن-تاران
بەهاوکاریی سامان سلێمانی

سەرپەرشتیار: شەریف فەلاح
دیزاین: بڕوا عوسمان